

# جوامێری

# جوامێری

## پارتیزانە شیوعی یەکانی دوای ئەنفال

مەلاشاخی

چاپی یەکەم
2019

**جوامێری** پارتیزانەشیوعی یەکانی دواى ئەنفال

* بابەت : سەروەری
* نووسە ر : أبووبکرمحمدحاجی(مەلاشاخی)
* تایپ و دیزاین : A. şaxî
* چاپی یەکەم : 2019
* تیراژ : 1000 دانە
* چاپخانە : رؤى للطباعة و النشر

## پێشکەشە بە :

- پارتیزانەکانی دوای ئەنفال
- پێشمەرگە وگەریلا وشەڕڤان
- شەهیدانی کوردستان..
- کەسوکاری شەهیدان



**نووسەر**

**سەردەمی پارتیزای ئابی ١٩٨٨**

## لەجیاتی پێشەکی

- جەنگی پارتیزانی جۆرێکی تایبەتییە لەجۆرەکانی شەڕ لەنێوان هێزێکی نزامی پۆشتە و چەند گروپ ودەستەی چەکداری خاوەن بیرو باوەڕو دیسپلین وپشتیوانی گەل،یەکەم دەستەی چەکداری لەو شێوەیە لە سەردەمی ناپلیۆن دوای شکستهێنانیان لەرووبەروبوونەوە لەلایەن ئەسپانەکانەوە پێکهات،لێرەوە ئەوەمان لەلا بەرجەستە دەبێت کە ئەم شێوازە لەشەڕ،جیاوازە لەگەڵ شەری ئەهلی و بەرگری میللی و شۆڕش ویاخی بووندا هەیە ..

ئەگەر بەر لەئەنفال لە راپەڕین و شۆڕشەکانی کوردستاندا شەڕ لەنێوان هێزی سوپاو بەکرێکیراوەکانی رژێمەکان لەلایەك و هێزی پێشمەرگەو هێزی پشتگیری ،کەهیزی میللی و جوتیارانی گوند نشین بوو..

ئەوشێوازە کلاسیکی یەچۆرێکی باوبوو لە شێوازی شەڕی سەردەم، بەڵام بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی وکاول و وێرانکردنی هەموو ناوچە ئازادکراوەکان، ئەو هەل ومەرجە تەقلیدی یە بەسەر چوو، بارودۆخە نوێیەکە شێوازێکی تری سەپاند ،کەئەویش قۆناغی شەڕی پارتیزانی بوو،بەڵکوئەو قۆناغە نوێیە ئەوەی دەخواست لەکوردستانیش بە پشت بەستن بەئەزموونی رابردووی پێشمەرگە و پێڕەو کردنی ئەزموونی گەلان و پشت بەستن بە لینینزم و تێکۆشەرانی وەك گیڤارا و ماوستیتۆنگ..درێژە

بەخەبات بدات،هەربۆیە ئەوحزب ولایەنانەی یاگراواندی رابردووی لەو بارەوە یان لە ئاستی پێویستی دا نەبوو، نەشیان توانی کە وەك هاوڕێیانی (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوستان) و هاوڕێیانی (حزبی شیوعی) ئەرکی ئەو قۆناغە بگرنە ئەستۆ..

ئەگەر شەڕی پارتیزانی پارتیزانە چینییەکان بەرانبەر بەیابان و سۆڤیەتی یەکان بەرانبەر بەئەڵمان و جەزائیری یەکان لە هەمبەر فەرەنسییەکان وڤێتنامییەکان لەرووی فەرەنسی وئەمریکییەکان هتد..

وەبیرخۆمان بێنینەوە، بێگومان سەردەم و هەلومەرجی ئەوان و ئەو بارودۆخەی کوردستانی باشووری دوای ئەنفال،لە هیچ روویەکەوە لە یەکترنەدەچوون،هەربۆیە بۆئەوسەردەمەیش پێویستی بە ئامادەسازی و پرەنسیپ و وشیوازێکی نوێ هەبوو، هەقە ئەوڕاستییە بڵێین، کە لەبەهاری ١٩٨٨تا بەهاری ١٩٩١پارتیزانەکانی کوردستان پێڕەویان کرد.هەرچەند پێشمەرگە لە پێشتر لە شێوازی خەبات و بەرگەری دا ستراتیژی وتاکتیکی خۆی هەبوو، بەڵام بۆکاتی شەڕی پارتیزانیش پێویستی بە بەرنامەیەکی تۆکمەتر هەبوو،بارەگاکانی یەکێتی وحزبی شیوعی بەتایبەت لە قاسمەڕەش وزەڵێ و ناوزەنگ..بەرنامە و ژووری ئۆپراسیۆن وبنکەی مەشق وراهێنانیان بۆئەومەبەستە پێکهێنابوو...

## ئامانجە ستراتیژیەکان:

ـ هەلومەرجی نوێ هەندێك گۆڕانکاری بەسەر ستراتیژەکاندا هێابوو، هێشتا ئەم خالأنەی لای خۆارەوە بۆ پارتیزانەکان پێویست بوون:

١ ـ رێکخستنێکی خاوەن بیروباوەڕی بتەویان هەبێت.

٢ ـ خۆیان لەرووبەڕووبوونەوەی سەربازی بپارێزن.

٣ ـ درێژە بەخەباتی سیاسی بدەن.

٤ ـ بۆخەڵکی بسەلمێنن کە ئاشبەتاڵ ناکەن.
٥ ـ پاڵپشتی جەماوەر لەدەست نەدەن.
٦ ـ هەوڵی بەدەستهێنانەوەی پشتیوانی نێودەوڵەتی بدەن ..
پێم وایە پارتیزانەکانی یەکێتی و شیوعی ..بەباشی ئەوخاڵانەیان پێڕەو کرد،بۆیە توانییان قۆناغی بەرگری بگۆڕن بۆ قۆناغی راپەڕین.
ـ ئەگەر خاوەندی پرەنسیپ وریێکخستنی پۆڵایەن نەبوونایە؟
ـ ئەگەر خاوەن سەدان پارتیزانی گیانفیدا وخۆنەویست نەبووینایە.؟
ئەو هەلومەرجە دژوار و پڕئەستەمە هەرگیز ناگەیی بەئامانج.
ئەگەرچی هێزەکانی سوپا و فەوجەسووکەکان و دەستە تایبەتەکانی سەربەڕژێم، رێکخراو وپڕچەك و پۆشتە بوون و هەمووشتێکیان بۆ فەراهەم دەکرا،لەبەرانبەردا پارتیزانەکان تەنیاو تەنیا رێبازی حزبی شەهیدان و ئومێد بە پاشەرۆژیان شك دەبرد..
هەربۆیە هەمیشە لەژێر سایەی رێنمایی سەرکردایەتی خۆیان پرەنسیپی دووەمیانیش جێبەجێ دەکرد و خۆیان لەشەڕی نابەرانبەر و درێژخایەن بەدوور دەگرت.
خۆ بەدوور گرتن لە شەڕی بەرەیی و شەڕی ناوشار و ناودێ،کەپێشتر سێ جۆری شەڕی پێشمەرگانەبوون ،هەنگاوی بەرجەستە بوون بۆ گەیشتن بەپرەنسیپی سێیەم کەبریتی بوو لەخەباتی درێژخایەن بۆ بەدیهێنانی سەررخستنی خەباتی سیاسی..
ئەوەی لە سێ ساڵی سەختدا پارتیزانەکانی کوردستان ئەنجامیان دا.. لەراردوودا لەشێوەی هیچ خەباتێکی تری پارتیزانی دا نەبوو.
هەربۆیە پشتیوانی رێکخستنی شار وجەماوەریان لەدەست نەدا،
ـ بیرەوەری ویاداشتی پارتیزانەکان باشترین گەواهی لەسەرئەوە دەدەن کە(هاوکار)ی پارتیزانەکان لە گەرمیان و پیرەمەگرون وشارباژێڕ و بتوێن و

کۆیە وشوان وشێخ بزێنی وهەولێر وباڵەکایەتی وسۆران و بادینان..
پاڵپشت بوون بووندرێژەدان بەخەبات و ئاشبەتاڵ نەکردن..
- کار کردن وخەبات بەوشێوەیەبوو،پاڵپشتی جەماوەری کوردستانی بەدەست هێنایەوە.

## تاکتیتیکی پارتیزانەکان:

- پارتیزانەکانی کوردستانیش وەك پارتیزانێکی تری گەلانی جیهان، تاکتیکی خۆیان هەبوو،وەك لێدە و دەربازبە..
ئامانج لەشەڕی پارتیزانی شکستی یەکجاری سەربازی بەرانەرنییە، بەڵکۆ تاکتیکی لێدە وڕاکە یە...
ماوسیتۆنگ بەپارتیزانە چینیەکانی گۆتووە:
( پارتیزانی کارامە ئەوەیە شارەزای باشی لە هەڵاتن هەبێت)
هەربۆیە پارتیزانەکانی کوردستانیش جاری وا هەبوو،دوای چالاکییەك سەدان کیلۆمەتر دوور دەکەوتنەوە،
پێم وایە ئەوتاکتیکانەی پارتیزانەکانی دوای ئەنفال پێڕەویان کردووە ئەگەر هەمووی بەجوانی بنووسرێنەوە،بۆداهاتووی بەشەکانی تری وڵات سوودی باشیان دەبێت.

مەلاشاخی
1\12\2018



# گیڤارا

## چۆن پێناسەی پارتیزانی کردووە.؟

پارتیزان بەرزترین نمونەی هەڵسوراوێکی ئازادیخواز، هەلبژێردراو، شۆرشگێر وپێشرەوی خەلکە لەخەباتەکەیاندا بۆرزگاری.شەری پارتیزانی، بەپێچەوانەی ئەوەی کە بە شێوەیەکی گشتی وێنای بۆ دەکرێ شەرلە ئاستێکی سنوردار، واتە شەڕی کەمینەیەك بەدژی سوپایەکی بەهێز نیە.

نا..! شەری پارتیزانی، شەرێکە کە لەلایەن هەموو جەماوەرەوە بە دژی زوڵم و زۆری حاکمان دەکرێ. بزوتنەوەی پارتیزانی باڵی چەکداری خەڵکە. سوپای پارتیزانی هەموو خەلك لە ناوچەیەك یان وڵاتێك لەخۆ دەگرێ، وە ئەوە هۆکاری سەرکەوتنی کۆتایەتی لە بەرامبەر بە هەر هێزێك کە بیهەوێ لەناوی بەرێ. واتە ڕەگ و سەرچاوەی بزوتنەوەی پارتیزانی، جەماوەرە. پێوابوونی ئەوەی کە گروپێکی چەکداری بچوك، هەرچەند چالاك و شارەزای ناوچەکە بێ، بە بێ یارمەتی جەماوەر دەتوانێ لەبەرامبەر بە جەولەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراوی سوپایەکی بەهێز دا خۆراگر بێ، هەڵەیە.

سەلماند نەکەش ئەوەیە، تەواوی چەتە و دزەکانی سەر کێوەکان لە کۆتاییدا بە دەوڵەتی ناوەندی دەدۆڕێن– وە دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ کە ئەو دزانە لە لای خەڵکی ناوچەیەك بە شیوەیەکی گشتی لە کۆمەلێك دز و چەتە سەرترن، کردەوەی ئەوان وەك بزوتنەوەیەکی رزگاری خواز چاولێدەکرێ، لەگەڵ ئەوەی کە ئەم لێك چونە تەنها رواڵەتیە. هەرکامە لە ئەندامانی هێزێکی پارتیزانی ، واتە ئەندامانی سوپای برومەندی جەماوەر، دەبێ هەموو باشیەکانی باشترین سەربازەکانیان هەبێ،سوپای جەماوەر دەبێ دیسیپلینێکی زۆر بەهێز پەیرەو بکا.

ئەوەی کە یاساگەلی ژیانی چەکداری سونەتی هیچ شێوە لێکچوونێکیان لەگەڵ ژیانی پارتیزانی دا نیە، وە ئەوەی کە" پشووبە و وریابە" و رێزدانانی سەربازی و خۆگەوزاندن لە خۆلدا لەبەرمابەر بە فەرماندەکان دا بەهیچ شێوەیەك بوونی نیە، ئەوە بەو مانایە نیە کە دیسیپلینیش بوونی نیە. دیسیپلینی پارتیزان لە دەرونی تاکی ئەودا، لە باوەری دا و لە کاتی پێویست دا لە سەروی خۆیەوەیە (مافوق)، وە ئەوە تەنها بۆ ئەوە نیە کە کاریگەری هێزە چەکداریەکە کە بۆخۆشی بەشێکە لەو وەك خۆی بمێنێتەوە، بەڵکو بۆ پاراستنی گیانی خۆشیەتی.لە سوپایەکی ئاسایی دا، بچوکترین هەڵەی سەرباز، لەلایەن نزیکترین هاوکاریەوە لەژێرچاوەدێری دایە،لەشەڕی پارتیزانی دا،کەتێیداهەر سەربازێك، خۆی هێزێکی رەزمەندەیە، رووданی هەر هەڵەیەك چارەنوس دیاری دەکا، هیچ کەسێك ناتوانێ کەمتەر خەم بێ، هیچ کەسێك ناتوانی بچوکترین هەڵە بکا، چون

ژیانی خۆی و هاورێکانی لە مەترسی دایە. ئەم دیسیپلینە راستەقینەیە بەگشتی بەرچاو ناکەوێ.

لە ڕوانگەی کەسێکەوە کە بێئاگا بێ، سەربازێکی سادە، بە بوونی تەواوی یاساگەلی رێزدانانی سەربازی بۆ سەروتر لە خۆی، لە پارتیزانێك کە فەرمانەکان لە فەرماندەکەیەوە بە سادەی وریێزی وشیارانەوە جێ بەجێ دەکا، بە دیسیپلینترە. وەهەروەها سوپای ڕزگاریدەر، هێزێکی گولّ بژێرکراوە کە لەوێدا جێ بۆ بچوکترین کەموکوڕی ئینسانی نیە.

وەها سوپایەك، هیچ جۆرە ئامرازێکی فەلاقە یان سیخوری نیە کە ببێتە بەربەستی قوربانی بوونی تاکەکان لەبەرمابەر بە هەوا و هەوەسیان. بۆچوونی (وشیارانە)ی خۆمانە،وشیاری قولّ بەرامبەر بەئەرك ودیسیپلین، هێزی بەریوەبەری "پارتیزان"ە. پارتیزانێك لەگەلّ ئەوەی سەربازێکی بەدیسیپلینە، دەبێ لە ڕووی مێشك و جەستەشەوە چالاك بێ. شەری پارتیزانی سست ناتوانێ بوونی هەبێ. شەو، کاتی جەولە و کارزارە. پارتیزان بەهۆی ئەوەی کە شارەزای ناوچەکەیە، بە شەو دەجولێ، سەنگەر دیاری دەکا، زەبر لە دوژمن دەوەشێنێ و پاشەکشە دەکا. ئەوە بەو مانایە نیە کە دەبێ لەو ناوچەیەی کە جەولەکەی تێدادەکا زۆر دوور پکشێتەوە، تەنها مەبەست ئەوەیە کە پاشەکشەکە خێرا بکرێ.

دوژمن زۆر زوو هەموو هێزە داپلۆسێنەرەکانی لە ناوچەی زەبر لێدراو بلاّو دەکاتەوە، دوژمن بۆمبارانی هەوای دەست پێدەکا، دوژمن هێزە

تایبەتیەکانی خۆی دەخاتە کار بۆ ئەوەی ناوچەکە گەمارۆ بداوبۆ فریودان هەندێك سەنگەر دیاری دەکا و سەربازی بۆ دەنێرێ.

پارتیزانەکان دەبێ تەنیا لەسەنگەرێك دا بەرامبەربەدوژمن بووەستن. بە پاشەکشە بۆ مەودایەکی نزیك، بەدانانی کەمین بۆ دوژمن، بە هێرش کردن و پاشەکشەی سنوردار، پارتیزانەکان بە مەبەستی خۆیان واتە ماندو کردنی دوژمن لە ماوەی چەند سەعات، یان چەند رۆژ دا دەگەن. سەربازانی خەلکی بەشمەینەت لەحەشارگەکەی خۆیانەوە و لەکاتێکی باش دا هێرشەکانیان دەست پێدەکەنەوە. لە شەری پارتیزانی دا یاسایەکی بنەرەتی تریش بوونی هەیە. ناسینی ناوچەی شەر لە پێویستیەکانە. پارتیزان دەبێ شارەزای ئەو شوێنە بێ کە بریارە هێرشی بکەنە سەر. ئەو دەبێ شارەزایی تەواوی لەسەر رێگاکانی پاشەکشە، چ ئەوانەی ئەکرێ کەلکی لێوەربگیرێ و چ ئەوانەی کەلکی لێوەرناگیرێ، مالی دۆست و دوژمن، پارێزراوترین شوێنەکان، ئەو شوێنەی کە دەکرێ تیایدا پارێزگاری لە هاورێیەکی بریندار بکرێ، ئەو شوێنەی کە دەکرێ بۆ ماوەیەك تیایدا بمێننەوە، بناسن. بە واتایەکی تر دەبێ هەموو ئەو ناوچەیە وەك لپی دەست شارەزا بێ و بیناسێ ئەمەش دەکرێ و مەیسەرە. لەبەر ئەوەی خەلك،واتە ناوەرۆکی ڕاستەقینەی هێزی پارتیزانی، لە پشت هەر جەولەو جولەیەکی پارتیزانەکانەوە هەن و وەستاون. خەلکی ناوچەکە خۆراك گەیەنەرن، نامە بەر وپەرەستیارن، سەرچاوەی هێزی تازەن و بە واتایەکی تر، یارمەتیدەری زۆر گرنگی هێزە پێشرەوە چەکدارەکەی خۆیانن.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، وە لەگەڵ پێویستی هەزارجارەی تاکتیکی پارتیزانەکان، ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە، "بۆچی دەبێ شەر بکەین؟" و وڵامێك کە رەنگدەداتەوە ئەوەیە کە "پارتیزان رێکخەری کۆمەلایەتیە. پارتیزان بۆ بەیانی هاواری نارەزایەتی پر لە ئازاری خەلکی زەحمەتکێش دەستی بۆ چەك بردوە. پارتیزان بۆ ڕوخان و گۆرینی سیستەمێك تێدەکۆشێ کە هاوزینجیرە بێ چەکەکانی گیرۆدەی فەقیری و چوێرەوەری کردووە. ئەو بە دژی هەلومەرجی تایبەتی "سیستەمی" حاکمان شەر دەکا. ئەو سوورە لەسەر ئەوەی کە بە کەلك وەرگرتن لە تەواوی ئەو هەلومەرجەی کە پێش دێ "سیستەمی" زولم و زۆر ورد بکا و لەناو بەرێ."

**دیسامبری** ١٩٦٧

سەرچاوە : ناوندی توێژینەوەی ئێرنێستۆ چێ گوارا



# پارتیزانە شیوعی یەکان

## هــاوڕێیانی گەرمیان

کە بێینە سەرباسکردنی پارتیزانی دوای ئەنفال جێی خۆیەتی چالاکی پارتیزانەکانی(حزبی شیوعی عیراق)یش فەرامۆش نەکرێت...

بەتایبەتی دەوری هاوڕێیان (مامۆستا علی زەنگەنە) و(ابوو کاروان)و (جوهر) و (احمدچوارشاخی) و چەند (عەرەب) ێکی تێکۆشەر، کەشان بەشانی براکوردەکانیان لەگەرمیاندا بەرگریان لەئەنفالی ڕەش دەکرد.

ئەوان جگە لەبڕیاری بەرگری هەوڵی هاوخەباتی وپەوەندی باشیان لەگەڵ پارتیزانی لایەنەکانی تری گەرمیان هەبوە،گوایەلەیەکێك لە کۆبوونەوەکاندا عوسمانی حاجی محمود لە دوو(جیهازێکی راکاڵ) یەکێکیانی پێشکەش بەوانکردووە...

## پێکەوەیی

دوای ئەوەی لەگەڵ پێشمەرگەکانی(ی.ن.ك)دا لە چەند شەڕی بەرگری قارەمانانەی پێکەوەیی دا خوێنیان تێکەڵ دەبێت..

هەرچەند قۆناغەکە دژوار تردەبێت ، ئەوەندە پارتیزانەشیوعی یەکان متمانەیان زیاتردەبێت،لەدوای کۆنترۆڵکردن وویرانکردنی هەموو گوندەکان پارتیزانەکانی دوای ئەنفال پەنا بۆحەشارگەو شوێنەلاڕێ و بێشککەکان دەبەن، لە شەڕەکەی (ئۆمەربل) پێشمەرگەیەکی(ی.ن.ك) بەناوی (احمد) بەتوندی زامدار دەبێت،هەڤاڵەکانی دەیگەیەننە (ئەشکەوتی کونەشێرەکە) کە نزیك گوندی (مەسۆیی) و(تیلەکۆ) دەبێت ، دواتر بە هەوڵی دڵسۆزان

دکتۆرێکی بۆپەیدادەکەن،ئەویش رۆژانە خەریکی چارەسەرکردنی دەبێت، دەستەیەك لە پێشمەرگە پارتیزانە شیوعیەکانیش ڕوولەهەمان شوێن دەکەن، دوای لێك ئاشکرا بوون و دڵنیابوون پێکەوە دەمێننەوە،ساڵی ٢٠٠٢لەسەردانێکم دا بۆگەرمیان، چەند هاوڵاتیەکی گوندی (مەسۆیی) کە ئەو کاتە لەو دەڤەرە بوون، بۆیان گێڕامەوە ، ڕوداوەکەبەم شێوەیە بووە: کەسێك بەناوی (ش.ح.ح) پەیوەندی  بە ڕژێمەوە دەکات، تا لەپێناو مانەوەی سەری خۆی دادەستێك لە پارتیزانەکان بووەشێنێت ،

**لەرۆژی** ١٩٨٨\٥\٢ **ئەم پارتیزانانە شەهید دەکات**: (*)

١- بایز باقی محمد (سید بایز) هەڵەبجە ١٩٥٦ حشع

٢- عەتا سالح عبدولقادر(سەروچاوەیی) ١٩٦٧ حشع

٣- حسێن رحیم سەمین(هەژار)تەپەگەروس ١٩٥٠ حشع

٤- عبدالرحمان فەرەج قادر (لاڵۆ) ١٩٥٩ حشع

٥- (احمد ) بریندار‌ی شەری ئۆمەربل ی.ن.ك

٦- د.جاسم (یاریدەدەری پزیشك) ی.ن.ك

•هەرلەسەردەمی پارتیزانەکانی دوای ئەنفال تاونبار(ش.ح.ح) لەگەڵ دووئافرەت دێنەوە بۆگوندی(دروزنە) بەمەبەستی شەڕەخۆری، پارتیزانەکانی یەکێتی لەدوورەوە بەدووربین دەیناسنەوە..بەرەبەیانی ئەوشەوە بیٚ ئەوەی ئافرەتەکان خەبەریان بێتەوە دەیرفێنن ولە نزیك ڕەبیەکانی ڕژێم بە سزای گەل وشۆڕشی دەگەیەنن.

هەر لە ڕێی خیانەتەوە ئەم پارتیزانە شیوعییانەیش شەهیدکرێن لەکاتێکدا هەندێ لەمانە بەرەگەزعەرەب بوون و وەك پارتیزانی دوای ئەنفال بۆ داکۆکی لەخاك و خەڵکی گەرمیان مابوونەوە...

***لە ١٠/٥/ ١٩٨٨ لەگوندی (تەیمزاوا) ئەم پارتیزانانە شەهید کران:**

١-شەهیدحسین علی خدر(قاسم عارب) لەدایك بوو١٩٦٠عمارە .

٢-شەهید عادل ترکی حسین (فاچل) لەدایك بوو١٩٥٨بەغداد .

٣-شەهیدعبدالله ابراهیم علی (هەڵمەت) لەدایك بوو ١٩٦٥.

***لە ١٩٨٨/٧/٦ شەهیدکردنی چوارهاوڕێی شیوعی لەگوندی (تاوسانە)**

١- شەهیدرحمان محمداحمد(سۆران) ١٩٦٩زەرداو.

٢- شەهیدحسێن علوان (سلام عەرەب) ١٩٦٠ بەعقوبە .

٣- شەهید محمد مجید جوامێر(ڕێبووار) ١٩٦٣ کفری.

٤- شەهید محمد حسین وەلی (حمە سور) ١٩٧٠حیدرەسوور

*** لە١٩٨٨/٧/١٧ لەنێوان(مەلائۆمەر) و(سپی سەر)**

**چوار هاوڕێی تری شیوعی بەخیانەت شەهید دەکرێن:**

١- شەهید ستار محمد عواد (ملازم سەعد ) ١٩٦٠ بغداد

٢- شەهید سعد عباس محمد (دڵشاد) ١٩٦١جەلەولا

٣- شەهید حکیم کریم سەرحەد (چیا) ١٩٦٩ ژاڵە

٤- شەهید احمد سعیداحمد (سەلام ) ١٩٥٦قەڵامکایل

*سەرچاوە : ١. ابووبکر کاروان / ڕێگای کوردستان ژ/٣٩٧٢.

# شەڕی بەرگری
# لە ئەنفالی سێی گەرمیان
# شەڕی هاوبەشی لەگەڵ پێشمەرگەکانی یەکێتی

## شەڕی گوندی تالاو

سەرلەبەیانی ڕۆژی١٩٨٨\٤\٧ پەلامارەکانی ئەنفال دەگاتە(بنارگل)و (زەنگەنە) بەهەموو چەکێکی قورس وسوك ئاگربارانی ناوچەکەدەکەن. پاشان بەرەو گوندی (تالاو) پێشڕەوی دەکەن، پێشمەرگە ئازاکانی (ی.ن.ك)و(حزبی شیوعی)و(هێزی پشتگیری) خۆیان لە بۆسە دەنێن .شەڕ لەبەیانی تاسەعات ٤ یپاش نیوەڕۆ بەردەوام دەبێت ،لەئەنجام دا دوژمن دەکشێتەوە وپێشمەرگەیەکی تیپی٥١ی گەرمیان شەهید دەبێت و(هاوڕێ حەمە سۆڤ) لەحیزبیشیوعی زامداردەبێت،دوژمن لەو شەڕدا کوژراو وبریندارى زۆری دەبێت،لاشەی چەند کوژراوێکی لە مەیدانی شەڕەکە جێ دەمینێت.

# شەڕی گوندەکانی
# (ساڵەیی)و (چەوری) و
# (باشتەپە)و(لفتی ئاغا)و(وارانی)

سەرلە بەیانی ١٩٨٨/٤/٨هێزەکانی ڕژێم لە هەمووقوڵەکانەوە هێرش دەبەنەسەر گوندەکانی (ساڵەیی)و(چەوری)و(باشتەپە)و(لفتی ئاغا)و (وارانی)پێشمەرگەکانی(ی.ن.ك)و(حشع) بەربەو شالأوە دەگرن، ئەو ڕۆژە تا ئێوارە شەڕدرێژەی دەبێت، لەئەنجامدا پێشمەرگەکانی (ی.ن.ك) و(حشع) لەوشەڕەدا ٣٠ سەربازی ڕژێم دەکوژن و لاشەی سەربازەکان لەبەردەستی پێشمەرگەکاندا دەمینێتەوە.

- دەسکەوت٢٠کلاشینکۆف، سەیارەیەکی لاندکرۆزەر وسەیارەیەکی شەفرلێت دەبێت .

لە (لفتی ئاغا) دەسکەوتی پێشمەرگە شیوعییەکان یەك (لاندکرۆز)و یەك (شوفەڵ) دەبێت ..

١٥ سەربازیش تریش دەکوژن ..

زیانەکانی پێشمەرگە :—

١. شەهید بوونی تارق محمدعلی (پ.م) ی.ن.ك

٢. شەهید بوونی خلیل ابراهیم (پ.م) ی.ن.ك



# داستانی تازەشار

رۆژی ٩/٤/١٩٨٨دوای ئەوەی هێزەکانی ڕژێم لەهەردوو شەڕی ٧و٨ی نیسانی(تالاو)و(چەوری–لفتی ئاغا)شکستیان دەخۆن،جارێکیتر بەنەخشەو بەرنامەیەکی نوێ ترەوە خۆیان بۆ پەلامارێکی گەورەترسازدەدەنەوە، پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی١ی تیپی ٥١ی گەرمیانی (ی.ن.ك) و هاوڕێ دلێرەکانی کوردو عەرەبی(حشع) و(هێزی

پشتگیری گەرمیان) بڕیاردەدەن جارێکی ترسەنگەر بگرن ولەگوندی (تازەشار) دا بچنەوە شەڕێکی نا بەرامبەرەوە ، لەگەڵ هێزێکی گەورەوخاوەن تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی سەربازی، تاریك ڕوونی بەیانی ئەنفالچییەکان دەکەونە پێشرەوی کردن ،سەعات ٨ ی سەرلەبەیانی فڕۆکە پیلاتۆس و هەلیکۆپتەرەکان دەگەنە ئاسمانی ناوچەکە،دەست دەکەن بەڕۆکێت بارانکردنی گوندەکە.... لەزەویشەوە هێزێکی گەورە، کەبریتی دەبن لەدەیان تانك وزریپۆش ،لەڕێگای (دووز) و(قادرکەرەم) ەوە ئابڵوقەی گوندەکە دەدەن ،ئیتر شەڕێکی زۆر گەورە دەست پێ دەکات ،ئەوگوندەو دەوروبەری دەبنە یەك پارچە لە گڕ وبڵێسەی ئاگر .. هەرچەندە دوژمن لەپاش نیوەڕۆدا بەشێکی گوندەکە داگیردەکات ، بەڵام چەند هاوڕێیەکی حیزبی شیوعی عێراقی دەتوانن خۆیان لەنێو بازنەی گەمارۆکەدا بد زنەوە ودوای دەربازبوون خۆیان بگەیەنن بەگوندی(شێخ حمید).باقی پێشمەرگەکانی تر بڕیاردەدەن کەشەڕی مان ونەمان بکەن ،هەڤاڵا (نازم بچکۆڵ) و (پێشمەرگەیەکی عەرەب) سوێنددەخۆن تاخوێنیان تێکەڵادەبێت، بەرگری لەهێرشی ئەنفال بکەن، شەڕتا سەعات ٥ی ئێوارە درێژەیبوو، ئەگەرچی چەند جارێك هێزەکانی دوژمن تاروماردەکەن، بەداخەوە شەڕەکە بەکاول بوونی تەواوی گوندەکە وشەهیدبوونی ١٣ (پ.م)ی (ی.ن.ك)و ٨ (پ.م)ی (حشع)کۆتایی دێت.

## شەهیدەکانی یەکێتی نیشتـمانی کوردستان:

| | | |
|---|---|---|
| ١. نازم رشید احمد (نازم بچکۆل) | ١٩٥٧ | کفری |
| ٢. فاروق رشید احمد | ١٩٧١ | کفری |
| ٣. غالب عبدالله امین | ١٩٦٣ | خورماتوو |
| ٤. احسان محمود صالح | ١٩٦٤ | کانی قادر |
| ٥. حمید محمد صالح | ١٩٧١ | یەنگیجە |
| ٦. یاسین سعدون سعید | ١٩٦٥ | کەرکوك |
| ٧. نیزام احمد رەمەزان | ١٩٦٢ | خورماتوو |
| ٨. جبار عبدالکریم محمدعلی | ١٩٦٢ | کانی قادر |
| ٩.. شێرزاد حسن علی | ١٩٧٢ | خورماتوو |
| ١٠. احمد امین رۆستەم(احمد مەسۆیی) | ١٩٦٦ | مەسۆیی |
| ١١. نەجات فەتحوڵلاّ ئەمین | ١٩٦٦ | هەفت تەغار |
| ١٢. عادل مجید خورشید(پشتگیری) | ١٩٦٥ | تازەشار |
| ١٣–أحمد قادرکریم | | نەزانراوە |

## شەهیدەکانی حزبی شیوعی عێراق:

| | | |
|---|---|---|
| ١. نازم علی عباس(ملازم سامی) | ١٩٥٦ | بابل |
| ٢. بها الدین علی محمد (ماجد) | ١٩٦٠ | خورماتوو |
| ٣. عبدالرحیم علی محمود(ئاشتی) | ١٩٥٦ | کەرکوك |
| ٤ . تالب یوسف (علی عەرەب) | ١٩٥٨ | دیالی |
| ٥ . فوزی عبدالجبار(عامر) | ١٩٥٧ | بابل* |
| ٦ . تارق محمد امین | ١٩٦٥ | کانی قادر |
| ٧. عدنان رشید غیدان | ١٩٦٩ | کانی قادر |
| ٨ . عبدالله وەلی حیدر | ١٩٦٩ | هەیەڕە سوور* |

* لەدوای ڕوخانی ڕژێمی دیکتاتۆری و وجینۆساید چەوسانەوەو گۆڕە بەکۆمەڵەکان،خاتوو(ئان کلود) نێردراوی تایبەتی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا بۆمافەکانی مرۆڤ سەردانی کوردستان وبەغدا وخواروی عێراقی کرد.

** لە٢٠٠٣/٦/٤دا لەشاری (خورماتوو) بەشداری کرد لە هەڵدانەوەی گۆڕی بەکۆمەڵی(٢٢)پێشمەرگە.کەپێکهاتبوون لە پێشمەرگە ئازاکانی (ی.ن.ك)و (حزبی شیوعی عێراق) ئەو پارتیزانە قارەمانانەی کە لە نەبەردەکانی رووبەڕووبوونەوە بەرگری ئەنفالدا لەشەڕی گوندی (تازەشار)چەندکەسێکیان بە بریندار ی کەوتبوونە دەست هێزەکانی ڕژێم ولە سەربازگەی قاتعی دوزخورماتوو خرابوونەوە ژێر گڵەوە...

***لە ڕۆژی ٢٠٠٣/٦/٥ لەڕێوڕەسمێکی شایستەدا بەئامادەبوونی لێپرسراوانی حزبی و حکومی بەتا یبەت (عوسمان حاجی محمود) و(محمودسەنگاوی) و(عدنانی حەمەی مینا) و (مەلاحسن) لەحزبی شیوعی کوردستان ونوێنەری دەزگای شەهیدانی شۆرشی گەلی کوردستان وپتر لە(١٠هەزار )کەس لەخەمخۆران تەرمی هەر(٢٢) شەهیدەکە لەگۆڕستانی تایبەت بە شەهیدان لەگەڵ خوێندنەوەی چەندین پارچە لەشیعر وپەخشان بەخاك سپێردرانەوە..

* بڕوانە کتێبی پارتیزانەکانی دوای ئەنفال/ مەلاشاخی چاپی یەکەم ٢٠١٢



سري وفوري 004913 تاريخه ٤/١٠

من / فل ١ (ش ١و - ١س)
الى / ٣١س ج ج (ش٢)
و / مد ٤ - مد ٢٢ - ف ق/٥ - ف ق مغ دو/١ - ١س فل ١
رقم البرقية / ١س / ف ٢ / ١٢ / ٢٨٢ ٢ / [illegible]

خلاصة الاستخبارات لعملية الانفال ليوم ٤/١٠ (٠) مد ٢٢ (٠) تم اسر (٥) مخربين اثنان منهم من زمرة الحزب الشيوعي العميل وثلاثة من عملاء ايران كما تم قتل (١٥) مخرب اخرين وسحبت جثثهم الى مقر الفرقة اعلاه وعرف من بين القتلى المخربين كل من (٠) ١ (٠) الملازم سامي المسؤول العسكري للسرايا الرابع للحزب الشيوعي العميل (٠) ٢ (٠) بهاء الدين معلم آمر فصيل في التنظيم العسكري للحزب الشيوعي (٠) ٣ (٠) اوات يجهل اسم ابيه (٠) ٤ (٠) ناظم محكول آمر سرية/١٥ كرباسه (٠) ٥ (٠) نكار يجهل اسم ابيه (٠) ٦ (٠) قادر محمد (٠) ٧ (٠) قاسم يجهل اسم ابيه (٠) ٨ (٠) جبار حمه كرم (٠) ٩ (٠) غالب عبدالله (٠) ١٠ (٠) نكار محمد قطانه (٠) ١١ (٠) احمد يجهل اسم ابيه (٠) ١٢ (٠) ياسين يجهل اسم ابيه (٠) المذكورين من زمرة عملاء ايران (٠) فد ف مغ دو/١ (٠) بالساعة ١٨٢٠ يوم ٤/٩ تم تطهير قرية قيشول (٠٠٢٠٤) من قبل ف دو/٢ بعد معركة خاطفة تمكنوا من تكبيد المخربين خسائر فادحة تركت جثث ثلاثة منهم في ارض المعركة كما اندفع اثرها بعدها باتجاه قرية كروه (٩٨١٠١١) وتم تطهيرها من المخربين والقي القبض على ثلاثة مخربين جرحى ١٣ سلمتهم توفي احدهم متأثراً بجراحه (٠) عام (٠) لوحظ في المصادمات الجارية مع المخربين في قاطع قادر كرم تركه المخربين جثث قتلاهم وجرحاهم في ارض المعركة (٠) تعليق (٠) ان هذه الظاهرة مؤشر ساطع على الانهيار المعنوي الكامل في صفوف المخربين وفداحة الخسائر التي لحقت بهم.

العميد الركن
ق/ قائد الفيلق الاول

طبق الاصل

---

*ئەو بەڵگەنامەیەی ڕژێم کەناوی ئەوشەهیدەکانی تێدا هاتووە.

# رەش وسپی



پارتیزانەکانی دوای ئەنفال شکۆی نیشتمان وپەیامی مرۆڤدۆستی و گیان بخشین بوون لەپێناو بیری پێشکەوتنخواز وخۆشەویستی خاك و ڕێبازی شەهیدان،هەرتەنیابەیادکردنەوەوبەخشینی قەلغانی ڕێزلێنان نابێت دڵمان ئاو بخواتەوە،هەقە ئەوانەی لەو ڕۆژانەدا کە دڕیان بە شەوەزەنگی نائومێدی دا، ناو و سەروەرییەکانیان لەلاپەڕەکانی مێژوو بە ئاڵتوون بنووسرێتەوە،..

کاتێك شاڵاوەکانی بەعس بۆ جینۆسایدکردنی کورد دەستی پێکرد، خەڵکی کوردستانیش بەرانگاری جوامێرانەیان نواند و فیداکاری زۆریان پێشکەش بارەگای سەروەری کرد،،

ئەگەرئەمرۆ گەلی کوردستان بەچاوی رقەوە دەڕواننە مێژووی رەشی ئەو کەسانەی لەو رۆژانەدا هاوڕیٚ وهاوخەباتی خۆیان شەهید دەکردو کەللەسەرو لاشەکانیان دەبردەوە بۆ ئەنالچییەمان،هەپوانییە هەربەوەندا دەست بەرداریانبن،بەڵکو دەبێت لەدادکای گەلدا سزای توند بدرێن...

نموومەی خیانە ت زۆرن .وەك لە سەردەمی ئەنفالەکان موستەشارەکان کردیان، لەکاتی پارتیزانی دوای ئەنفال قاسماغا لە چیای کۆسرەت و چەندشوێنی تر ئەنجامیان دا،کاتێك حزبێکی شۆڤینی عەربی عێراقی کوردێکی خائین دەبێت بەنۆکەری و دیٚ ولاتەکەی خۆی وێراندەکات، لەتای تەرازووی ویژداندا سووکترە لەتاوانی کوردێك دیٚ وبە نامەردی هاوڕیٚ وهاوسەنگەرێکی خۆی سەردەبڕێت ودەیکات بەدیاری بۆ دوژمنی هاوبەش.

## نەفرەت لەخیانەت ..

- چەند نموونەیەك لە (خیانەت)لەسەردەمی ئەنفال و دوای ئەنغال لە کوردستان روویاندا، وەك ئەوخیانەتانەی لەرانیەو بتوێن دەهەرهەق بە هەڤاڵانی یەکێتی (سەیدحاجی) و(شێخ نەوزەر) وهاوڕێکانیان کرا، لە دەشتی هەولێر دەرهەق بە کاك (مەلائەسعەدی پەڵکانە)و سیٚ لە پێشمەرگەی(ی.ن.ك)و لەکەلار بەرنبەر بە (سەید محەمەد) روویدا..

له ناوشوان له حەشارگەیەك لەكاتی هەویرشێلان خائینێك برادەرەكەی سەربڕی و كەللەسەرەكەی بەدیاری بردەوە بۆداگیركەرانی كەركوك..

ـ لەگەرمیانیش لەكاتێكدا لەتازەشار..خوێنی هاوڕێی شیوعی و هەڤاڵی یەكێتی دەرژانە یەك سەنگەرەوە،كاك(حەمەرەش)و(عمار عرب) سوێندیان بۆ پشتیوانی له یەكتر بەگۆڕی (ئارام)و(فهد) دەخوارد..

مخابن شەرواڵ لەپێ هەبوون بۆئەوەی سەری خۆیان سەلامەت بێت ، خیانەتیان له هاوڕێیان (ئەبۆ ڤیان و ئەحمەد بازۆكه وماموستا ئەنورو ماموستا كەریم وعمار عەرەب و هێمن توركمان) ی كرد..

بۆیه لەدیدی ئێمەمانانەوه خیانەت هەر خیانەت نییە،گەورە و بچوك و گەورە وگەورە تریشی هەیە....بۆیه هیچ پاساوێكیش له تاوانباران وەرناكیرێ ،وەك چۆن له ڕابردوودا وەرنەگیراوە.

ئەو كاتەی گیڤارا دەستگیركرا و شوانێك ناونیشانەكەی ئاشكرا كردبوو، لێیان پرسی بۆچی رادەستتكرد و شوێنەكەیت ئاشكراكرد؟ ئەو هەموو ژیانی بۆ بەرگریكردن له ئێوە و مافەكانتان تەرخانكردبوو؟

شوانەكه وتی "شەڕوبێنەوبەردەی ئەو، مەڕەكانمی دەترساند".

* دوای ئەوەی محەممەد كەریم پاڵەوانی میسر رووبەڕووی داگیركاری فەرەنسییەكان بووەوە و دواجار لەلایەن فەرەنسییەكان دەستگیركرا و فەرمانی لەسێدارەدانی بۆدەرچوو..ناپلیۆن بەشوێندا ناردو پێی گوت:

"گران لەسەرم دەكەوێت پیاوێك لەسێدارە بدەم كه زۆر مەردانه بەرگریی له وڵاتەكەی خۆی كردووە، هاوكات نامەوێت له مێژوودا بنووسن، ناپلیۆن

کەسانێکی لەسێدارەدا کە بە هەموو توانایانەوە بەرگرییان لە خاکەکەی خۆیان دەکرد".

لە درێژەی قسەکانیدا ناپلیۆن دەڵێت بەرێز محەممەد کەریم من لە بەرامبەر ١٠ هەزار لیرە زێر لێبوردنت بۆ دەردەکەم، ئەوەش باجێکە لەبەرامبەر کوشتنی سەربازەکانمان.

محەممەد کەریم وتی "بەرێز ناپلیۆن من ئەو پارەیەم نییە، هاوکات زیاتر لە ١٠٠ لیرە زێر قەرزداری بازرگانە نێوخۆییەکانم".

ناپلیۆن پێی دەڵێت"من مۆڵەتت دەدەمی بچۆ نێوخەڵکی خۆت و لەبازاڕەکاندا داوای پارەیان لیّ بکە".

دوای ئەوە بە دەست بەستراوی بردیانە نێو بازاڕ دەورەدراوبوو بە کۆمەڵێك سەربازی فەرەنسی، بەڵام هێشتا ئومێدێکی هەبوو، چونکە ئەو سەرکردەی ئەو خەڵکەبوو و لە پێناو ئەواندا خۆی تزشی ئەو دۆخە کردبوو .. بەڵام تووشی شۆك بوو، تەنانەت یەك بازرگانیش لیرە زێڕێکی پیّ نەبەخشی بۆ ئەوەی لە پەتی سێدارە رزگاری بکات، سەرباری ئەوهەمووخەباتەیش بازرگانەکان بە هۆکاری وێرانبوونی ئەسکەندەریەیان لە قەڵەمدا و پێیان گوت تۆ هۆکاری تێکچوونی دۆخی ئابووریت.

محەممەد کەریم دەستبەتاڵ گەڕایەدواوە... ناپلیۆنیش پێی گوت:

(هیچ رێگەیەکی دیکەم لەبەردەمدا نییە جگە لەوەی لە سێدارەت بدەم، نەك لەبەر ئەوەی سەربازەکانمت کوشتووە و رووبەڕوومان بوویتەوە، بەڵکو

لەبەر ئەوەی خۆت کردە قوربانی کەسانێك کە بازرگانیان زۆر لە ئازادی ولاٌتەکەیان لا شیرنترە).

لەسەر ئەم چیرۆکە محەممەد رەشید رەزا دەڵێت:

ئەوەی لەپێناو کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو شۆڕش دەکات، وەکو ئەوە وایە ئاگر لەجەستەی خۆی بەردات، تاوەکو رێگە بۆ کوێرێك رووناك بکاتەوە..!

ئەوتا لای ئێمەش پارتیزانەکان نانبڕاو وئەتفالچیەکان داڵدە دەدرێن.

ئەوەتانێ ئەوانەی دوێنێ لەئێرانەوە دەهاتن لە دەشتی گەرمیان و چیاکانی قەرەداغ پارووی دەم خۆمان دەکردەقوڕگیانەوە،لە گولاڵەو خورماتو و کەرکوك ...پارتیزان و کوڕو براکانیان شەهید دەکەن.

لەکۆتایی دا ئەوەندە ماوە بڵێین:

- نەمری بۆپارتیزانەشەهیدەکانی دوای ئەنفال..
- نەفرەت لە نمەك حەرامەکان..
- نەفرەت لە خائینان.



# ژیاننامەی
# شەهید ملازم سەعد

## هاشم داود سلمان (ملازم سەعد)

- لە ساڵی ١٩٥٧ لەشاری (بەسرا) چاوی هەڵهێنابوو.

- شەهید ملازم سەعد،لەسالی ١٩٧٩ دەبێتە پێشمەرگە.

- حزب شیوعی رەوانەی کۆماری یەمەنی باشووری دەکات،پاش تەواوکردنی خوێندن لە کۆلیژی سەربازی بە پلەی ملازم دەردەچێت ...بۆ درێژەدان بە خەبات دەگەرێتەوە کوردستان.

- بە هاوکاری پێشمەرڤەکانی (ی.ن.ك)بەشداری لەرزگارکردنی هەردووشارۆچکەی قەرەداغ و نەوجول دەکات..

- وەك فەرماندەی سریە لە هێرشی ئەنفالی دوو بەشداری شەڕی بەرگری لەناوچەی قەرەداغ دەکات.لەشەڕی رووبەرووبوونەوەی سوپاوجاشی عێراقدا لەئەنفالی سێ. رۆڵی جوامێرانەی هەبووە.

- دوای ئەنفالی٣ی گەرمیان لەگەڵ کۆمەلێك پێشمەرگەی حزبی شیوعی لەناوچەکەدەمێننەوە،پارتیزانەشیوعیەکان،لەچەندمەفرەپێکهاتبون، مەفرەزەکەی ئەوان لەم هاورێیانە پێکدێت: (شەهید ملازم سەعد و شەهید چیا وشەهید دلشاد و شەهید سلام و عزدین نوری فەقێ و سیروان مام هیدایت و ئاسۆ کەرکوکی وچالاك کەرکوکی وئاسۆی مام جوهر و هەلکەوتی مام عەلی)، مەفرەزەکە لە ناوچەی زەنگە دەبن، رۆژێك بۆ ناوچەی قەرەحەسەن دەچن، لە نزیك گوندی قەیتول دەکەونە کەمینەوە، بۆیە نا

توانن بپەرنەوە. دەگەرێنەوە نزیك گوندی (گولباخ) لەویٚ تووشی مەفرەزەیەکی یەکێتی دەبن، کە ماموستا کاکەرەش سەرپەرشتی دەکردن، بێجگە لەماموستا کاکە رەش، ماموستا نەجات و جوتیارە سوور و رەشید هەرێنەیی و جمال ناوێك لەگەڵدا دەبن، لەگەل مەفرەزەکەی یەکێتی شەوێك پێکەو دەبن. بۆ بەیانی، بە هۆی زۆری کەمین لە ناوچەکە بریاردەدەبن هەموو پێکەوە نەچنە ناوچەی قەرەحەسەن، بەلکۆ لە سەرەتا مەفرەزەیەکی سیٚ کەسی بچێتە ناوچەکە و پاشان ئەوانی تر بچن، مەفرەزە سیٚ کەسیەکە کە هاورێیان، شەهید (ملازم سەعد و چیا و دلشاد) دەبن بەریٚ دەکەون، هەر ئەوکاتی هاورێی شەهید سەلامیش لەگەل ئاموزاکەی کە ناوی سەید بابەبوو، پێشمەرگەی یەکێتی بوو چووبوون بۆسوراغی مالەوەیان...

پاش چەند رۆژێك هەواڵی شەهیدبوونیان بەهاورێیانیان دەگات، کە لە تورکە شەهید کراون،بەهۆی بوونی کەمینێکی زۆر لە ناوچەکە، نا توانن یەکسەر بۆ شوێنی روداوەکە برۆین، بۆیە پاش دوو رۆژ دەگەنە شوێنەکە، دەبینن کە هاورێیان سەلام ودڵشاد لە پالٚ یەکەوە شەهید کراوون و هاوریٚ چیایش هەندیٚ لە دووری ئەوان نێو ئاوەکە کەوتووە ، زۆر بۆ هاورێی ملازم سەعد دەگەرێن بەڵام نایدۆزنەوە ،سەرەتا وا دەزانن ئەوانە تەرمی شەهیدان ملازم سەعد و چیا و دلشادن، نازانن کەی وچون هاوریٚ شەهید سەلام لەگەل ئەم هاورێیانە یەکیان گرتۆتەوە، بەڵام کە نزیك دەبنەوە بۆیان

دەردەرکەوێت کە تەرمی ملازم سەعدیان لەگەل دانیە، بەلکو تەرمی سێیەم هاورێ شەهید سەلامە،دوای گەڕانێکی زۆر..

بۆ ونبوون وپێسەروشوێن بوونی ملازم سەعدزۆرنیگەران دەبن.پاشان لەگەلێ کۆمەلێك پێشمەرگە، لـە شوێنێکی بەرز لە تورکە چالێکی گەورە هەلدەکـەنن و تەرمەکانیان لـە نێو بەتانیەکی خۆیاندا، لـول دەدەن و ناوەکانیان دەنووسن و دەیخەنە نێو ئەو شوشانەی بۆ چا خواردنەوە پێیان بوو، شوشەکانیش دەخەنە ژێر سەریان و دایان دەپۆشن..

دواتر بەپەلە ناوچەکە جێ دەهێلن،چونکە دەزانن رژێم بۆ کەمین دانانەوە دێتە ئەم ناوچەیە.ماوەیەك هەر لە هەوالێ پرسینی هاورێ مولازم دەبن. پاشان زانیارییان پێدەگات کە لەلایەن چەند خۆفرۆشێکەوە بەزیندویەتی تەسلیم بە رژێم کراوەتەوە..

- لە سالی١٩٨٩ لە زیندانی ئەبوغریب لە سێدارەدەدرێت.

تەرمی ئەو سێ شەهیدەیش تا سالی ١٩٩٢ لە هەمان شوێن بوون،

لە سالی ١٩٩٢بە مەراسیمێکی شایستە لە شاری کلار بە خاکسپێردران.

**<u>ناوی سێ هاورێ شەهیدەکەی تر:</u>**

١- شەهید سعد عباس محمد (دلشاد) ١٩٦١جەلەولا

٢- شەهید حکیم کریم سەرحەد (چیا) ١٩٦٩ ژالـە

٣- شەهید احمد سعید احمد (سەلام ) ١٩٥٦قەلأمکایل

## هاوڕێیانی گەرمیان

کە بێینە سەرباسکردنی پارتیزانی دوای ئەنفال جێی خۆیەتی چالاکی پارتیزانەکانی(حزبی شیوعی عیراق)یش فەرامۆش نەکرێت...

بەتایبەتی دەوری هاوڕێیان (مامۆستا علی زەنگەنە) و(ابوو کاروان)و (جوهر) و (احمدچوارشاخی) و چەند (عەرەب) ێکی تێکۆشەر، کەشان بەشانی براکوردەکانیان لەگەرمیاندا بەرگریان لەئەنفالی ڕەش دەکرد.

ئەوان جگە لەبڕیاری بەرگری هەوڵی هاوخەباتی وپەوەندی باشیان لەگەڵ پارتیزانی لایەنەکانی تری گەرمیان هەبووە،گوایە لەیەکێك لە کۆبوونەوەکاندا عوسمانی حاجی محمود لە دوو(جیهازێکی راکاڵ) یەکێکیانی پێشکەش بەوانکردووە...

## پێکەوەیی

دوای ئەوەی لەگەڵ پێشمەرگەکانی(ی.ن.ك)دا لە چەند شەڕی بەرگری قارەمانانەی پێکەوەیی دا خوێنیان تێکەڵ دەبێت..

هەرچەند قۆناغەکە دژوار تردەبێت،ئەوەندە پارتیزانەشیوعی یەکان متمانەیان زیاتردەبێت،لەدوای کۆنترۆڵکردن ووێرانکردنی هەموو گوندەکان

پارتیزانەکانی دوای ئەنفال پەنا بۆحەشارگەو شوێنەلاڕێ و بێشکەکان دەبەن، لە شەڕەکەی (ئۆمەربل) پێشمەرگەیەکی(ی.ن.ك) بەناوی (احمد) بەتوندی زامدار دەبێت،هەڤاڵەکانی دەیگەیەننە (ئەشکەوتی کونەشێرەکە) کە نزیك گوندی(مەسۆیی)و(تیلەکۆ)دەبێت، دواتر بە هەوڵی دڵسۆزان دکتۆرێکی بۆپەیدادەکەن، ئەویش رۆژانە خەریکی چارەسەرکردنی دەبێت، دەستەیەك لە پێشمەرگە پارتیزانە شیوعیەکانیش ڕوولەهەمان شوێن دەکەن، دوای لێك ئاشکرا بوون و دڵنیابوون پێکەوە دەمێننەوە،ساڵی ٢٠٠٢لەسەردانێکم دا بۆگەرمیان، چەند هاولاّتیەکی گوندی (مەسۆیی) کە ئەو کاتە لەو دەڤەرە بوون، بۆیان گێڕامەوە ، ڕوداوەکەبەم شێوەیە بووە:

- کەسێك بەناوی (ش.ح.ح) پەیوەندی بە ڕژێمەوە دەکات، تا لەپێناو مانەوەی سەری خۆیدا دەستێك لە پارتیزانەکان بووەشێنێت ،

لەرۆژی ١٩٨٨\٥\٢ ئەم پارتیزانانە شەهید دەکات:

١- بایز باقی محمد (سید باین) هەڵەبجە ١٩٥٦ حشع
٢- عەتاسالح عبدولقادرسەروچاوەیی(دڵشاد) ١٩٦٧ حشع
٣- حسێن رحیم سەمین(هەژار)تەپەگەروس ١٩٥٠ حشع
٤- عبدالرحمان فەرەج قادر (لالە) ١٩٥٩ حشع
٥- (احمد ) بریندارى شەری ئۆمەربل ی.ن.ك
٦- د.جاسم (یاریدەدەری پزیشك) ی.ن.ك

## تۆڵە بەسەبرە ئەمما بەزەبرە

هەر لە سەردەمی پارتیزانەکانی دوای ئەنفال تاونبار(ش.ح.ح) لەگەڵ دووئافرەتدا.دێنەوە بۆگوندی(درۆزنە)بەمەبەستی تالاَن وشڕەخۆری، پارتیزانەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەدووربین دەیناسنەوە.. بەرەبەیانی ئەوشەوە بێ ئەوەی ئافرەتەکان خەبەریان بێتەوە دەیڕفێنن ولە نزیك ڕەبیەکانی ڕژێم بە سزای گەل وشۆڕشی دەگەیەنن...

*** لە ١٠/٥/١٩٨٨ لەگوندی ( تەیمزاوا )ئەم پارتیزانانە شەهید دەکرێن:**

هەر لەرێی خیانەتەوە ئەم پارتیزانە شیوعییانەیش شەهیدکرێن لەکاتێکدا هەندێ لەمانە بەرەگەزعەرەب بوون و وەك پارتیزانی دوای ئەنفال بۆ داکۆکی لەخاك و خەڵکی گەرمیان مابوونەوە...:-

١–شەهیدحسین علی خدر(قاسم عارب) لەدایك بوو١٩٦٠ عمارە .

٢–شەهید عادل ترکی حسین (فاضل) لەدایك بوو١٩٥٨ بەغداد .

٣–شەهیدعبدالله ابراهیم علی (هەڵمەت) لەدایك بوو ١٩٦٥.

***لە ٦/٧/١٩٨٨ شەهیدکردنی چوارهاوڕێی شیوعی لەگوندی ( تاوسـانە )**

٤– شەهیدرحمان محمداحمد(سۆران) ١٩٦٩زەرداو.

٥– شەهیدحسێن علوان (سلام عەرەب) ١٩٦٠ بەعقوبە .

٦– شەهید محمد مجید جوامێر(ڕێبوار) ١٩٦٣ كفری.

٤– شەهید محمد حسین وەلی(حمە سور) ١٩٧٠حیدرەسوور

*سەرچاوە : ١. ابووبکر کاروان / ڕێگای کوردستان ژ/٣٩٧٢.



# ئەبو ڤیان دەنووسێت:
# دزییەکی نارەوا، لەپێناو کارێکی رەوا

دلێر کەریم

لەسالآنی هەشتاکانی سەدەی رابردوو درندەیی رژێمی بەعس گەیشتبووە لووتکەو ئەو رژێمە دەستی لەهیچ تاوانێك دەرهەق بەنەتەوەی کوردو گەلانی عێراق نەپاراست. شاڵاوی ئەنفال و کیمیابارانکردنی خەڵکی کوردستان، لەساڵی ١٩٨٨ بۆ سڕینەوەی کورد بوو لەعێراق، بەڵام ئەم پەلاماردانانە سەرەڕای ترسناکیان چۆکیان بەخەڵك و هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان دانەدا. لەوکاتانەشدا مەفرەزە پارتیزانەکانی حزبی شیوعی کوردستان لەناوچەی گەرمیان درێژەیان بەخەباتی خۆیان دەداو بە پێچەوانەوە ئەوان بوونە هۆی مەترسی بۆپیاوانی رژێمی بەعس. قارەمانێتی و گیانبازی پێشمەرگە پارتیزانەکانی گەرمیان بەهاوکاری دۆست و لایەنگرانی حزب بووە قوتابخانەیەکی نوێی خەبات. لەرۆژگارێکدا بەعس شەڕی لەگەڵ سێبەرەکەی خۆیدا دەکرد، پارتیزانەکان رێگای هەندەران و هەڵهاتن لە نیشتیمانیان کردە قوربانی لەپێناو مانەوە لەگەرمیانی سوتماکداو بە بەعسیان گوت:

((ئێمە لێرەین و مردن هەڵدەبژێرین و سەرتان بۆ دانانەوێنین)).

**لەوکاتانەدا مەفرەزەی پارتیزانی شەهیدان ئەبوڤیان و ئەحمەد بازۆکە بۆ وێنەگرتن ناچار دەبن دوکانی وێنەگرێك لەناحیەی (صمود) ببڕن و هەندێ کامێراو فیلم ببەن، بۆئەوەی بتوانن وێنەی هاوڕێیانی پێ بگرن و بتوانن ناسنامە دروستبکەن و بەدووربن لە گێچەڵی بەعسییەکان. لەکاتی بڕینی وێنەگرەکەدا نامەیەك جێدێڵن و دەنووسن" ئێمە دز نیمان، ئەم کارە ناڕەوایە دەکەین لەپێناو کارێکی رەوا". لەکۆتاییشدا هاوڕێ ئەبوڤیان دەنووسێت" دزێکی بەوەفا". لە دوای تەنها ١٦ رۆژ بەسەر ئەم رووداوەدا هەموو ئەو شتانە بۆخاوەن دوکانەکە دەگێڕنەوە، وەك خاوەن دوکانەکەش ئاماژەی پێدەکات ئەوان لەو ماوەدا نازانن چۆن وەڵامی بەعسییەکان بدەنەوە، کە ئەوە چۆن روویداوە. ئاماژە بەوەشدەکات لەکاتی هێنانەوەی شتەکاندا خۆیان وایانزانیوە ١٤ پارچەیە، کەچی ١٨ پارچە بووە، بەڵام بەداخەوە لەدوای نزیکەی دوو مانگ شەهیدان ئەبوڤیان و ئەحمەد بازۆکە بەچاوساغی سیخوڕەکانی بەعس و لەهەمان ناحیە دەکەونە بۆسەی بەعسییەکانەوەو ئەبوڤیان شەهید دەبێت و ئەحمەد بازۆکەش بە بریندارى دەگیرێت و لەپاشان لەسێدارە دەدرێت، بەبێ ئەوەی ناوی یەك کەس لەهاوڕێیان بێنێت. لەدوای راپەڕینەکەش رێکخستنی رزگاری سەردانی ئەو خێزانە دەکات و ئەوانیش بۆیان دەردەکەوێت رووداوەکە چۆن دەبێت.**

---

* سەرچاوە : ماڵپەڕی رێگای کوردستان

https://www.regaykurdistan.com/index.php/wtar/48-dlir-karem/738-2015-07-14-08-20-53

## یاداشتەکانی خامەی پێشمەرگەیەك

**کرۆنەلۆژیای هەندێ شەهیدی حزبی شیوعی دایە باسی تەرمی ئاشتی مەکە ! ئاشتی و هاوڕێکانی ئەو هەموو سەربازەیان کوشتوە با ئەوانیش تۆ ئەنفال نەکەن!**

**لە بانی مۆردەوە، دوای شەرەکانی ئەنفال، بەهاری ١٩٨٨ ،بەرەو گەرمیانی ڕابوون،شۆردەبوینەوە،هێزەکە سەرێکی لە بناری شاخ بوو، ئەو بەشێکی دیشی سەرەتاتکێکی لەگەڵ کەرکوك دەکرد ...**

**تا هاوینی ١٩٨٦ لە دۆڵی کەرەجاڵ/ئەحمەد ئاوا، لەگەڵ هاوڕێ ئاشتی و ماجد وسۆران و چەند پێشمەرگەیەکی گەرمیان و قەرەداغ پێکەوە بووین، دواجار دوای رێککەوتن لەگەڵ یەکێتی، مەفرەزەیەك لەگەڵ شەهید مەجید دوکانی هات و ئیدی هەموویان بەرەو قەرەداغ شوربوونەوە. هاوڕێ (ئاشتی)م دواجار ئیوارەی پێش شەڕی تازە شار ٨\٧ مانگی چواری ١٩٨٨ بینی...**

**ئەو مرۆڤە بە وورەبوو، سوور دڵنیابوو کە ئەمجارەیان چارەنووس تەواو نادیارە..کەمێ باسی شەرەکانی قەرەداغم لە دەفتەرەکەم بۆ ئەو و نازمە چکۆل خوێندەوە...**

زۆر دڵگران بوون...بەڵێ ٢٢ پێشمەرگە لەو شەڕە شەهید بوون و ٥ کەس دەرچووین، بێجگە چەند بەرگریەك، دووانمان بریندار..

دایکی هاوڕێ ئاشتی، زوو هەواڵی پێ دەگا کە کورەکەی شەهید بووە، ئاخر تا دوا فیشەك ئەو و هاوڕێکانی خۆیان نەدابوو بەدەستەوە. دایکی بە سەرۆك جاشێکی وتبوو، تەرمی کورەکەی بدەنەوە، هەر لەوێ لە نێزیك ئاوایی جەلال، پێش تازەشار و کانی قادر، ئەو سەرۆك جاشە پێی وتبوو، دایە گیان تا خۆشت ئەنفال نەکراوی بگەرێرەوە، ئەدی لاشەی ئەو هەموو سەربازە نابینی کە کوژراون، کورەکانی ئیوە کوشتویانن، تا ئەفسەرەکان نەتیانبینوە زوو بەگەرێوە. تەنانەت پتر لە ٢٠ جاشیش کوژراون، باخزمەکانیان نەزانن...بەڵی شەڕی تازە شار داستانێکی مێژوویی بوو کە سەلماندی تەنها بالأبوونی چەك گرنگ نیە، بەڵکو خۆشەویستی بۆ گەل و نیشتمان دینەمۆی سەرکەوتنە.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی هاوڕێ ئاشتی و شەهیدانی ڕێگای ئازادی ...

ئارام هەورامی

١٩٨٦ – ١٩٩٠

## بۆ میژوو

ـ شەهید عبدالرحیم علی محمود شالی ( ئاشتی)

ـ لە شاری کرکوك لە دایك بووە .

ـ کۆلیجی کشتوکالی تە واو کردبوو.

ـ لە بنەماڵەیەکی شیوعی ناسراو بوو.

ـ گەلێ قوربانی و ئازار و راودنانیان بە سەردا هاتوە.

ـ سالی ١٩٨٥ پیوە ندی کردووە بە هێزی پێشمە رگە وە لە کەرەجال. ـ لە ١٩٨٦بوو بە رابەر سیاسی لە لقی جباری بە تالیونی٤ی گە رمیان. ـ لە کاتی ئەنفالە کەدا لە ٨ ـ٤ ـ ١٩٨٨لە گوندی تازشاری بنارگل

لە شە ڕێکی قورس و سەختدا،لەگەڵ هاوریان ( ملازم سامی وماجد و عامر و علی و عدنان و عبدالله تارق )دا شەهید بوون، هە ر لەوشەرەدا ١٢ پێشمە رگەی یە کیتی و ٢ پشتگیریش شەهید بوون .

واتە ٢٢ پێشمەرگە شەهید بوون .

سلاوو لە رووحی پاکیان.

م عەلی زەنگەنە

## نامەی(٥٠) پێشمەرگەی
## پارتیزانی دوای ئەنفال
## تکایە جینۆسایدچیەکان داڵدە مەدەن و
## ڕاپێچی دادگایان بکەن!

**بۆ / بەرێز سەروکی هەرێمی کوردستان/ مەسعود بارزانی**

**بەرێز ئێمە ئەوانەی کە لە خوارەوە ناومان هاتووە، کۆمەلێك پێشمەرگەی پارتیزانی حزبی شیوعی پاش ئەنفالین، ئەوکاتەی دوژمن بە درندەترین شێوە کوردستانی کاول دەکرد و گەلەکەمانی ئەنفال دەکرد، ئێمە بۆ ئەوەی بە دوژمن بلێن هەرچەندە بهێز بێت، ئەم گەلە شورشگێرە رۆلەکانی لە بەرەنگاربوونەوە کولنادەن، بۆ گەیاندنی ئەم پەیامەش گیانی خۆمان خستبووەسەرلەپی دەستمان.لەلایەکی تریش کەسانی خائین بەگەل ونیشتمان(کە دوای ڕاپەڕینی بەر لێبووردن کەوتن و هەندێکیشیان دەسەلاتیان هەیە) هەموو هەولێیکیان دەدا ئەم تروسکە هیوایەی ئێمە بۆ گەلەکەمان دهێنا ئەوان بیکوژێننەوە.**

**بەرێز هەر وەك خۆشت ئاگاداری چەندین رۆلەی بەوەفای گەلەکەمان لە پێناو دروست کردنی ئەم تروسکە هیواییەی پاش ئەنفال گیانی پاکی خۆیان کردە قوربانی گەل و نیشتمان.ئەمرۆ ئەگەر بەرامبەر هەموو ئەم نا**

بەرابەرییەی کوردستان بێدەنگین لە پێناو سەرکەوتنی ئەزمونەکەمانە، بەلام هەرگێز بەرامبەر رێگەدان بەگەرانەوەی خائینێکی وەك قاسم ئاغا کە بکوژی چەندین شەهیدی هاوسەنگەری ئێمەی پارتیزانە بیّ دەنگ نابین. بەراستی ئێمە هەموو کاتەکان چاوەروانی ئەوەمان لە بەرێزت دەکرد کە وەك پێشمەرگەیەك لەسەنگەری ئێمەدابیت بۆ گەیاندنی ئەم تاوانبارانە بۆ بەردەم دادگا، نەوەك رێگەدان بەگەرانەوەی و دابینکردنی پاراستنی ئەم خائینانە بۆ ئەو کوردستانەی کە بە خۆینی هاوسەنگەرانی ئێمە رزگاری بووە. بۆیە داواکارین لە بەرێزت وەك وەفایەك بۆ خوینی شەهیدانی پێشمەرگە پارتیزانەکانی پاش ئەنفال، قاسم ئاغای خائین بەگەل و نیشتمان رادەستی دادگا بکەیت. بەرگری کردن و دالدەدانی خائینێکی وەك ئەم تاوانبارە پێش هەموو کەسێك، ئازارێکی گەورەیە بۆ هەموو ئەو کەسانەی خۆیان بەنیشتمان پەروەر دەزانن بەگشتی وبە پێشمەرگە دەزانن بەتایبەتی.

هەروەها متمانەتان وەك سەرکردەیەك لاواز دەکات و لەبەردەم مێژوودا بەرپرسیاران لە هەلەاتنی ئەو مرۆڤکوژە. بەرێز ئێستا ئێمە چاوەروانی جەنابتین کە وەك پێشمەرگەیەك، کە خۆت هەمووکاتەکان شانازی پێوەدەکەیت، بەکردەوە ئەو بکوژەی شەهیدانی پێشمەرگە رادەستی دادگا بکەیت ..

نەمری وسەرفرازی بۆ ئەو پشمەرگە گیان لەسەردەستانەی
لە رۆژانی پاش ئەنفالدا بەگژ داگیرکەری بەعسدا دەچونە.

| | |
|---|---|
| ١- ئەحمەد رەجەب | پێشمەرگەی حزبی شیوعی سلێمانی و کەرکوك |
| ٢- چالاك کەرکوکی | پێسمەرگەی حزبی شیوعی لە ناچەی جەباری |
| ٣- هەلو گەرمیانی | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە ناوچەی شوان |
| ٤- هیوا رەش | پێشمەرگەی حزبی شیوعی جێگری سەر لقی شوان |
| ٥- چنار خالو | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە ناوچەی خۆشناوەتی |
| ٦- ئاسۆ بیارەیی | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە هەورەمان و قەرەداغ |
| ٧- ئسلام احمد | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە ناوجەی ئامیدی |
| ٨- غازی احمد | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە ناوچەی ئامیدی |
| ٩- مەحمد قادر | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە ناوچەی کۆیە |
| ١٠- ئاسۆ جەباری | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە ناوچەی جەباری |
| ١١- سمیر گبلە | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە بادینان |
| ١٢- مناف الاعسم | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە بادینان |
| ١٣- بشتیوان زەنگەنە | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە بادینان |
| ١٤- یاسین العبیدی | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە بادینان |
| ١٥- سلیم عمران | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە بادینان |
| ١٦- عبدالامیر عجاج | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە بادینان |
| ١٧- هاشم الموسوی | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە بادینان |
| ١٨- سلمان ابراهیم | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە بادینان |
| ١٩- حسین محمد علی | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە بادینان |
| ٢٠- ابراهیم الزهاوی | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە بادینان |
| ٢١- ساگع هاشم | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە بادینان |
| ٢٢- ئەردەلان یاسین | پێشمەرگە حزبی شیوعی لە دەشتی هەولێر |
| ٢٣- پۆلا زیندانی | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە ناوچەی شوان |
| ٢٤- چالاك مەحمد | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە ناوچەی شوان |
| ٢٥- عمر مەحمد | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە ناوچەی گەرمیان |
| ٢٦- ئاسۆ گەرمیانی | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە ناوچەی قەرەداغ |
| ٢٧- هاورێ نهەرۆ | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە ناوچەی کویە |

| | |
|---|---|
| ٢٨- هەندرێن مێرگەسووری | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە مێرگەسوور |
| ٢٩- هاوڕێ سەرکەوت | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە ناوچەی شوان |
| ٣٠- هێمن دەربەندی | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە ناوچەی قەرەداغ |
| ٣١- کامەران مام ئەسکەندەر | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە ناوچەی قەرەداغ |
| ٣٢- عەزیز حەمە سالح | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە ناوچەی قەرەداغ |
| ٣٣- دلێر سەید تۆفیق | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە ناوچەی هەلبجە |
| ٣٤- ئەلوەند ڕۆبیتەن | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە ناوچەی قەرەداغ |
| ٣٥- عەلی مام سالح | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە ناوچەی قەرەداغ |
| ٣٦- دلێر مام سالح | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە ناوچەی قەرەداغ |
| ٣٧- هاوڕێ سەید باقی | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە ناوچەی هەلبجە |
| ٣٨- عەلی محمود | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە ناوچەی شوان |
| ٣٩- ئارام بووگدی | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە دەشتی کویە |
| ٤٠- پێشڕەو حوسێن | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە خۆشناوەتی |
| ٤١- دڵبرین سوبحی | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە ناوچەی بادینان |
| ٤٢- کمال ئەحمەد | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە ناوچەی هەولێر |
| ٤٣- نوری عبدالله خلیفە | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە ناوچەی بادینان |
| ٤٤- صەمەد حەمەد | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە ناوچەی هەولێر |
| ٤٥- حوسێن شەعبان | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە ناوچەی بادیناب |
| ٤٦- فەرهاد بەشیر | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە ناوچەی بادیناب |
| ٤٧- سیروان فەرەج | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە سلێمانی |
| ٤٨- خەیری البدری | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە ناوچەی هەولێر |
| ٤٩- سەرکەوت محەمەد ئەمین | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە ناوچەی هەولێر |
| ٥٠- کاروان حوسێن | پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە ناوچەی هەولێر |

سەرچاوە: http://www.kurdistanan.net

## شەڕێکی نابەرانبەر لەچیای کۆسرەت

چەند پارتیزانێکی حزبی شیوعی بەفەرماندەیی هاوڕێ (مام جوامێر)و جێگرەکەی(ملازم شێرزاد سلێمان گۆڵتەپەیی) لەبنکەکانی شاخی کۆسرەت دەبن، دوای ئەوەی رژێم زانیارییان لەسەر کۆ دەکاتەوە..

لەرۆژی ٦ ـ ٣ ـ ١٩٨٩ لە بناری چیای کۆسرەت چوارپێشمەرگەی تێکۆشەری حزبی شیوعی عێراق گەمارۆدەدەن، قاسم ئاغای تاوانبارو جاشەکانی بەپشتیوانی سوپا وهەلیکۆپتەر هەڵدەکوتنە سەریان..

لە نەبەردییەکی نابەرانبەردا دوای شەڕێکی دەستەوە یاخە..

دوو هاوڕێ شەهید دەبن و دووهاوڕێش بە برینداری دیل دەکرێن، (لەتۆمارێکی ڤیدیۆیدا کەبلاوبۆتەوە، قاسم ئاغای تاوانبار دەبینرێ کەچۆن دەستخۆشی لەکوردکوژان دەکات و لێکۆڵینەوە لەیەکێك لە بریندارەکان دەکەن..)

## ناوی شەهیدەکان:

١ ـ جەنگی کەریم ( شەپۆڵ)

٢ ـ جەلیل ئیبراهیم ئەحمەد(رێبان)

٣ ـ عومەرشەریف (چالاك)

٤ ـ کاوە حەمید بەهرام



## ـ خورماتوو

ڕۆژی ٩/٤/٢٠١٧ بە سەرۆکایەتی هێمن نوری بەرپرسی،کۆمیتەی خورماتوی حزبمان، وەفدیکی هاوڕێیانی پارێزگای( بابل) کە لە کەس وکاری شەهیدانی داستانی تازە شار و وفدێکی بابلی حزبی شیوعی عێراق ، سەردانی قائیمقامیەتی شاری خورماتومان کرد و لە لایەن بەرێز (شلال عبدل )قائیمقام وسەرۆکی ئەنجومەنی قەزا جەند ئەندام ئەنجومەنیکی قەزا بە گەرمی پێشوازیمان لی کرا.

وەفدی هاوڕێیانی پارێزگای( بابل ) پێکهاتبون لە هاوڕێ (عقیل الربیعی ) ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای بابل لە سەر لیستی حزبی شیوعی و لە گەڵ سەرۆك هۆزی شەهید ملازم سامی و کەس وکاریشەهیدانی داستانی تازە شار لە هاوڕێیانی عەرب.

ڕێگای کوردستان ١٠نیسان/أبریل ٢٠١٧



# بیرەوەرییەکی هاوڕێ ئەبووکاروان لەساڵیادی شەهیدبوونی (شێروان)دا

لە دوای ئەنفالی گەرمیان و پاش زیاتر لە سێ مانگ شەهید شێروان بۆ چەند ڕۆژێك و بۆ کاری ڕێکخراوەیی بەرەو سنوری کەلار بە ڕێکەوت و منیش لە سنوری کفری بووم. بەردەوام دەستەیەکی جاش لەسەر پردەکەی ئیبراهیم سەمین لە نێوان (کفری _قەرەتەپە)دا بۆسەیان دادەنا. منیش لای خۆمەوە زۆر لە بیری ئەوەدابووم و بیرم دەکردەوە کە دەبێ کارێك بەرامبەر ئەو جاشانە بکەین. دواتر گەشتمە ئەو بڕوایەیی ئەگەر هاوڕێیان قبووڵ بکەن، ئەوا چالاکییەکی گەورە ئەنجام دەدەین، و پێشم وابوو بۆ ئەو کاتە دەنگۆیەکی باشی لێدەکەوێتەوە بە تایبەت دوای پەلامارو تاوانی ئەنفال. دوای ئەوەی شێروان لە ئەرکە ڕێکخراوەییەکەی گەڕایەوەو یەکترمان بینی، بیرو بۆچوونەکەم بۆ باس کرد. زۆری بەلاوە غەریب بوو کەمن ئاوا بیردەکەمەوەو ڕووی تێکردم و ووتی : بزان کەسی سیاسی چۆن ئاوا بیر دەکاتەوە؟ لەسەرگەڵوو بەرگەڵوو تا دەگاتە کفری و کەلارو ناوچەی زەنگاباد، یەك تەقە نەماوەو هەموو هێزی پێشمەرگە لە

سەرسنورە و ڕژێمیش تەواوی کوردستانی تەنیوە، تۆ دەتەوێ چالاکی بکەیت؟ چەند داستانمان تۆمار کرد؟ چەند ناحییەمان ڕزگار کرد؟ دەستمان بەسەر دەیان ڕەبایەو بازگەدا گرت؟ سەدان پیاوی ڕژێمان بە سزاگەیاند؟ و زۆری تر ، بەڵام ئەوەتا دوای تاوانی ئەنفال ئەوەش حاڵمانە؟ دووبارە پەنجەی ڕاوەشاندو ووتی : نەڵێی شێروان دەترسێ، ها..

بەڵکومن لەماوەی چەندخولەکێکی کەمدائاربیچییەکەوسی فیشەکی کلاشینکۆفەکەیان لێدەدەم و دڵنیاشم کەس لەو جاشانە دەرناچن و دەکوژرێن. بەڵام هاوڕێی بەڕێزم لەم سنورە بەر فراوانەدا، تەنها دوو گووندی عەرەب نشین ماوەو سەرچاوەی بەشێك لە پەیداکردنی خۆراکی ئێمەیە،کاتێ ئەم چالاکییەئەنجام دەین ئەودوو گووندەش دەڕووخێنرێ. پاش ئەوەش ئەم چالاکییە نزیك مەزرەعەکەی شێخ عەتایە و کێشەیەکی گەورەش بۆ ئەو پیاوە درووست دەکەین ، لە کاتێکا مەزرەعەکەی شێخ عەتا بۆ ئێمە پەناگەیەکی باشە. لە ڕاستیدا، بۆمن ئەو قسانەی شێروان بۆ ئەو کاتە تۆزێك جێی نیگەرانی و ناڕەحەتی بوو، بەڵام سەددەرسەد قسەوبۆچوونەکانی ڕاست وڕەوان بوو.بەڵام ئەوەی جێگەی داخە، هەر ئەو گەلەجاشانە بۆسەیان بۆئێمە دانا وشێروان شەهید کرا..

لە١٩٨٨\٧\٣١منیش بریندار بووم و بە فەلاکەت ڕزگارم بوو. ئەمانەمشتێکی کەم بوون لە بیرو بۆچوون و بیر کردنەوەکانی شەهیدی نەمر شێروان. گوومانیشم لەوە نییە ئەگەر لێکۆڵینەوە لەو بیرو بۆچوونانە بکرێت سەرمایەیەکی گەورەیان لێبەرهەم دێ .

**پرۆفایلی شەهید شێروان:**

- **لەساڵی** ١٩٦٢ **لە دێی میل قاسم لە گەرمیان لە دایك بووە.**
- **لە ساڵی** ١٩٧٧ **پێوەندی کردوە بە یەکێتی گشتی قوتابیانەوە.**
- **هەمان ساڵ پێوەندی کردووە بەحزبەوە و یووە بە ئەندام.**
- **ساڵی** ١٩٨٢**لەزانکۆی بەغدا کۆلێژی ئەدەبیات( زمانی ئنگلیزی) قۆناغی سێیەم بەجێ دێڵێ و پێوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە دەکات.**
- **بە ماوەیەکی کەم شێروان وەك کادرێکی سیاسی و سەربازی لە ناو هاوڕێیان دەرکەوت و خۆشەویست و جێی متمانە بوو.**
- **بەشداری شەندین داستانی کردوەو شوێن دەستی دیار بوو، وەك داستانەکانی ڕێگای قادرکەرەم وئاوایی جەلال و تازەشارو بەردەسوورو شەڕەکانی ئەنفال.**

---

* **درێژەی ئەم بابەتە لە(ڕێگای کوردستان) دا بڵاوکراوەتەوە.**



**شەهید کاوە گەرمیانی**
**فەرماندەی پارتیزانەکانی**
**حزبی شیوعی لە رۆژگاری سەخت ودژواردا**

# شەهید کاوە گەرمیانی

قسە کردن ونووسین لەسەر مرۆڤێك کە هەموو تەمەنی کردبوو بە کەرەستەی کوانوی تێکۆشان، هیچ شتێك لە قوربانی دان و داکۆکی کردن لە پرسە نەتەوەیی ونیشتیمانی وچینایەتییەکان بە پیرۆزترو گەورەتر نەزانیٚ. مرۆڤ ناتوانیٚ لە بەرامبەر تێکۆشان وبەخشەییاندا سەری نەوی نەکات. دەگاتە ئەو بڕوایەی کە هێزی نوسینێك نیە بگاتە ئاستی گەورەییان.

کاوە گەرمیانی یەکێك بوو لەو کادرو فەرماندانە کە ئەوەی ناسیبێتی و لەگەڵی ژیابی دەزانی چ مرۆڤێکی گەورە ومەزن بوو. بەڵیٚ لە (١٣) ی ئەیلولی ئەم (ساڵ) (٢٥) ساڵ بەسەر شەهیدبوونی ئەم ڕۆڵە بە ئەمەك وتێکۆشەرەی حزبی شیوعی و گەلەکەمان تێپەڕ دەبیٚ کە ئەویش هاوڕێی نەمر (خالد محمد امین) ناسراو بە (هاوڕیٚ کاوە)یە.

کاوە لە ساڵی ١٩٥٥ لە بنەماڵەیەکی جوتیاری گوندی کانی قادری سەر بە شارۆچکەی (قادر کرم) لەپارێزگای کەرکوك لە دایك بووە، پێش شۆڕشی چواردەی تەمموز چەندین کەس لە بنەماڵەکەیان پەیوەندییان بە ریزەکانی حزبی شیوعیەوە کردبوو سوار چاکی ناو ململانێی چینایەتی بوون و خێزانە تێکۆشەرەکەیان هاندەرو یارمەتیدەر بوون کە هاوریٚ کاوە وانەکانی بیرو ئاکاری شۆڕشگێڕانە فێربیٚ و وەك شیوعییەکی بەجەرگ بێتە مەیدانی خەبات وتێکۆشانەوە.

لە ساڵی ١٩٧٤ بووە پێشمەرگە لە لقی خورماتووی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی بەڵام هەر لە سەرەتاوە سیمای فەرماندەیی لیٚ دیار بوو، پاش

هێرشی دڕندانەی بەعس بۆ سەر کادرو ئەندامانی حزب لە کۆتایی هەفتاکان، کاوە زیرەکانە بە فەرمانی حزب کەوتە رزگارکردنی هاوڕێیان وگواستنەوەییان لە بەغدا و ناوچەکانی تری ژێر دەسەلاٌتی رژێمەوە بۆ کوردستان. کە کارێکی وا گرنگ لەو کاتەدا هەر بە کەسێکی دڵسۆز وچاو نەترسی وەك کاوە دەکرا و ژیانی خۆی لەو رۆژگارەدا بخاتە مەترسییەوە.

کاوە لە ساڵی ١٩٨٠ جارێکی تر چەکی پێشمەرگایەتی کردە شان و وەك کەسێکی هێمن ولەسەر خۆ کارەکانی ئەنجام دەدا.

شەهید کاوە لە ساڵی ١٩٨١ دوای داستانە مەزنەکەی گوندی مەلا ئومەری زەنگەنە کە زۆربەی کادیرو پێشمەرگەکانی ئەو هێزەی گەرمیانی تێیدا شەهید بوون وزەبری گەورە بە حزب گەیشت، نیگەرانییەکی زۆر باڵی بەسەر هاوڕێیاندا کێشا لە سنووری کەرکوك وگەرمیان بە گشتی وزەنگابادو دەوروبەری کفری وکەلار جەلەولا بە تایبەتی، لەو کاتەدا کاوە دەستنیشان کرا وەك کادرێکی حزبی وپێشمەرگایەتی بۆ ئەو ئەرکەو کە بەهەق ئەرکێکی قورسیش بوو بۆ کەسێك بتوانێ پەیوەندی بکا بە کادیرو ئەو ئەندامانەی کە کاری رێکخستنی نهێنییان پێ سپێردرابوو، لەبەر ئەوەی ئەو ناوچەیە لە قولاٌیی دەسەلاٌتی ڕژێمدا لە ژێر چنگی رەشی بەعس کاری حزبی ئەنجام بدرێت، بەلاٌم هاورێ کاوە توانی ئەو ئەرکە بەڕێوە ببات بەسەرکەوتووانە. پەیوەندییەکی بەتین دروست بکات لەنێوان رێکخستنەکان وحزبدا...

هاوڕێ کاوە هەر لە سەرەتای شەڕی ناوخۆوە لە ئایاری (١٩٨٣) ئەرکی سەرپەرشتی مەفرەزەکانی پێشمەرگەی حزبی لە گەرمیان خرایە ئەستۆ، لە

ناخۆشترین و ڕەشترین رۆژگاری ئەو سەردەمە هەر لەو ناوچەیەدا دەبینرا وبەجێی نەهێڵا و قارەمانانە ئەرکەکانی ڕادەپەڕاند، هەرچەندە مانەوە لەو کاتەدا لە سنوورێکی وادا ئەفسانە بوو. بە تایبەت ئەو ناوچەیە لە ژێر کۆنترۆڵی تەواوی هێزی بەرامبەردا بوو. بە هێزی پێشمەرگەو پشتگیری و جەماوەرێکی زۆرەوە. لە هەمان کاتدا ڕژێم لەو سەردەمەدا ئەرکی پلەیەکی ڕاوەدونانی شیوعییەکان و دۆستەکانیان بوو. بۆ مانەوەش لەو سنوورەدا لە قەناعەتی دۆست ودوژمن دا نەبوو مەفرەزەیەك بتوانیٚ لە مانگیٚ زیاتر خۆڕابگریٚ، بەڵام کاوە و هاورێیانی زیاتر لە (٣) ساڵ لەو تێکۆشانە سەختە بەردەوام بوون و پەیوەندی بەهێزیان دروست کرد لەگەڵ جەماوەرو ناوچەکەدا، کاری ڕێکخستن وپێشمەرگایەتییان ئەنجام دا و پەیوەندی حزبیان لەگەڵ شار بە شێوەیەکی فراوان گریٚ دایەوە.شەهید کاوەی فەرماندە وەك کەسایەتییەکی خۆشەویست ودڵگەورەو ڕەوشت بەرز لە ناوچەکە دەنگی دایەوەو هاوکاری دەکرا تەنانەت لە لایەن هەندیٚ کەسی نەیار بە حزبەکەی ئەو.لەو رۆژگارە سەختەدا خەڵکی بەوە گۆش دەکرد کە دوژمنی گەورەی گەلەکەمان ڕژێمی عێراقەو دەبیٚ کارەکانمان لە ئاستی دژایەتی وروخاندنی ئەو رژێمەدا بێت.سەرەڕای ئەو بارودۆخە سەختە وخراپی پەیوەندیمان لەگەڵ هێزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان شەڕو پێکدادان لە نێوان پێشمەرگەی هەردوو لا ڕووی دەدا و زیانیشی لیٚ کەوتەوە، بەڵام هاوڕیٚ کاوە فەرمانی ئەوە بوو کە دوور بکەوینەوە لەو شەڕو پێکدانە ناخۆزراوانە. بۆیە بەردەوام چالاکییەکانی ئاراستەی هێزەکانی

ڕژێمی بەعس دەکرد ولەو کاتەدا چەندین چالاکییان ئەنجام دەدا وەك لێدانی رەبیەی ئاوەکەی قەرەتەپە. لێدانی ڕەبیەی گاخور، رەبیەی قەرەیاتاخ، دانانی کەمین لە رێگای قادر کەرەم —دووز، گرتنی چەندین جاش و سەربازی ڕژێم.بەڵێ دوای ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی لە نێوان حزبە کوردستانییەکان و بە تایبەتی لە نێوان حزبمان ویەکێتی نیشتیمانی کوردستان، کاوەی فەرماندە پشوی نەداو ئۆقرەی نەگرت تا زەبرێکی کوشندەی بە هێزەکانی ڕژێم گەیاند. بەڵێ لە نەبەردییەکی کەم وێنەدا، لە داستانی هاوبەشی نێوان پێشمەرگەکانی، حزبمان ویەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا لە کانی شیرینەکەی بناری گل رۆژی ١٣/٩/١٩٨٦ سەلماندی کەلایەنە سیاسییەکان چەند ناکۆك بن و کێشەیان لە نێواندا دەبێت چارەسەری بکەن ویەك بگرن و زەبری کوشندە بە دوژمن بگەیێنن. لەو چالاکییە پاڵەوانانەدا دوژمن زیاتر لە (٣٠) کوژراوی لێ کەوت و(١٠) سەیارەی سوتێنرا. دەسکەوتی هێزی پێشمەرگەش سەیارەیەك وجیهازێکی راکاڵ و بی کەی سییەك وزیاتر لە(٢٠) پارچە چەك بوو ئەوەش بۆ ئەو دەمە سەدایەکی گەورەی هەبووبە داخەوە نەرخی ئەو چالاکی یە هاوبەش و ئەو دڵگەرمی یە بۆ دروستکردنی ریزێکی یەکگرتوو قوربانییەکی گران بەها بوو. بە خوێنی گەشی لاوی خوێن گەرم ، کادری حزب ، سەر لقی چواری گەرمیان کاوەی فەرماندە تۆمار کرا.

هەزاران هەزار سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی حزب و گەل.

* أبو کاروان ـ یلولی ٢٠١١ روژنامە ی رێگای کوردستان...

# ئەحمەد بازۆکە
# پارتیزانێکی تری گەرمیان

هاوڕێ (ئەحمەد بازوکە( لە ساڵی ١٩٥٥ لەگوندی چوارشاخی سەروو لە بنەماڵەیەکی جوتیار چاوە گەشەکانی هەلەێناوە، مام عەزیزی باوکی هەر لەسەرەتای پەنجاکانەوە پەیوەندی بەڕیزەکانی حزبەوە دەکات و کەسێکی چالاك و ماندوونەناس دەبێت.

شەهید سەرەتای لاوێتی شانبەشانی باوکی بەکشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێرییەوە ژیانی بەسەردەبات، بەهۆی سەختی ژیانی لادێنشینیەوە نانرێتە بەرخوێندن، بەڵام لە بیرو هزری ئەم کەڵە پیاوەدا ژیانی کولەمەرگی و جیاوازی چینایەتی دەبێتە قوتابخانەیەکی گەورەو لەوێوە زیاتر شارەزای خەبات و قوربانیدان دەبێت لەپێناو هەژاران و چەوساوەکاندا.

هاوڕێ ئەحمەد لەساڵی ١٩٧٢ دا پەیوەندی بەڕیزەکانی رێکخستنی حزبی شیوعی عێراقەوە دەکات و کاروچالاکییەکانی بەشێوەیەکی رێکوپێك جێبەجێدەکات، تا لەساڵی ١٩٨٢ دا پەیوەندی بەڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی حزبەوە دەکات و لە لقی ٤ ی گەرمیان دەبێتە پێشمەرگەیەکی چالاك وکارامە.ئەوکاتانەش لقی ٤ چەکێکی(بازۆکە)ی دژە تانك و زرێپۆشی دەبێت، کە دەنگێکی رەق و ورە رووخێنی هەبووە بۆ دوژمن و دەدرێتە لای هاوڕێ ئەحمەد، هەر بۆیە لەو ساتانە بەدواوە بە ناوی ئەحمەد بازۆکەوە دەناسرێت. هەر لەسەرەتای پێشمەرگایەتیەوە توانای بەهرەیەکی مەزنی

تیادا بەدی دەکرێت لە وەرە بەرزی و پاڵەوانێتی و خۆڕاگری و داهێنان لەکاری نهێنی و سەربازیدا، بۆیە پلەکانی بەرپرسیارێتی لە هێزی پێشمەرگەدا لەسەردەستەی (ئامر مەفرەزەییەوە) پێدەسپێردرێت تا دوا پلەی بەرپرسیارێتی کە فەرماندەی بەتالیۆنی ٤ ی گەرمیان بوو، لەو ماوەیەشدا مێژووی پێشمەرگایەتی و بەرپرسیارێتی شەهید ئەحمەد بازۆکە پڕبووە لە سەروەری و داستان تۆمارکردن، لەو سەروەریانەش بەشداری سەرجەم چالاکی و بەرگرییەکانی ناوچەی گەرمیان و قەرەداغی کردووە، وەك رزگارکردنی ناحیەی قەرداغ و ناحیەی نەوجول و تێکشکاندنی هێزێکی گەورەی ڕژێم لە چەمی (گاوبازە) کە بەخوێنی شەهیدی فەرماندە (خالد محمد ئەمین) ناسراو بە (کاوە) تۆمارکرا، لە نەبەردیەکانی بەرگریکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمی بەعس لە شالاو و پەلاماری ئەنفالدا، شەهیدی فەرماندە ئەحمەد بازۆکە لە قۆناغی دووەمی ئەنفالدا لە قەرەداغ فەرماندەی شەڕی (گوندی گمەتە) و (شاخی کەڵۆش) لە ١٩٨٨/٣/٢٨ و سیو چیای کردووەو ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە لە تێکشکاندنی هێزە بێشومارو دڕندەکەی بەعس، لە قۆناغی ٣ ئەنفالیش کە بە ئەنفالی گەرمیان ناسێنراوە، فەرماندەی بەرەکانی شەڕی ناوچەی داودەو بناری گلی پێدەسپێردرێت،لەو نەبەردیانەشدا سوپا دڕندەکەی بەعس گورزی کوشندەی بەردەکەوێت. بەهۆی نابەرانبەری هێزو کەرەستەوە لە نێوان سوپای دڕندەی بەعس و هێزەکانی پێشمەرگەدا، بەبڕیاری هەموو لایەنە بەشداربووەکانی بەرگری لە پەلامارەکانی ئەنفال

بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ناوچەی شوان دەدرێت. لەوکاتانەشدا خەبات و تێکۆشانی لایەنە سیاسیەکان وەرچەرخانێکی ترسناك بەخۆیەوە دەبینیٚ، بەهۆی شالاٚوی ئەنفالکردنی خەڵکی کوردستان لەهەموو ناوچەکانەوە، پێشمەرگە لەلایەکەوە ماندووی ئەو هەموو شەڕانە دەبێت و لەلایەکی تریشەوە لادیٚ نشینەکانی ئەنفال دەکرێت کە بەدرێژای مێژوو پشت و پەنای پێشمەرگەبوون، پێشمەرگە بەو بارودۆخەشەوە چەندین نەبەری و داستان تۆماردەکات و دەیان شەهید گیانی خۆیان دەکەن بە قوربانی خاك و نیشتیمان، لەم وەرچەرخانەشدا هاوڕێی فەرماندە شەهید ئەحمەد بازۆکە کێوێك دەبێت لە وورەو قەڵایەك دەبێت لە خۆڕاگری، بەجۆرێك هێزی پێشمەرگەی حزبی ساو ئەدا بۆبەرگری کردن لەخاکی پیرۆزی کوردستان وهەمووئامادەی گیان بەخشین وقوربانیدان بوون. لە پاراستن و مانەوەی ئەو هێزە زۆرەی حزب لەوکاروانە پڕ سەروەریەی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوچەی شوان و گەڕانەوەیان دووبارە بە پارتیزانی بۆ ناوچەکانی گەرمیان و دابین کردنی خۆراك و جلوبەرگ بۆیان، شەهید ئەحمەد بروسکە ئاسا ناسرەویٚ و سەرێکی ناوشاری کەلار وسەرێکی صمود و شاری کفری دەبێت، لە ڕێگای ڕێکخستنە نهێنیەکانی حزبەوە پێداویستیەکانی پاتیزانەکان دابین دەکات.

لە کۆتای ساڵی ١٩٨٨ و کۆتای هاتن بە پەلاماری ئەنفال و سەرەتاکانی ساڵی ١٩٨٩ دا پارتیزانەکانی گەرمیان قۆناغێکی نوێی خەبات دەست پێدەکەن بۆ خەبات و درێژەدان بەکاروانی تێکۆشانی حزب، لەوکاتەشدا

چەندین هاوڕێ و خێزان و بنەماڵەی هاوڕێیان و شەهیدان دەبن بەپشتوپەناو یارمەتی دەرو ڕێنیشاندەری پارتیزانەکان، لە نموونەی (خەلیفە ئەحمەدو ماڵی شەهید کاوەو مام عەزیزی باوکی شەهید ئەحمەد بازۆکەو ماڵ عەزیزی قەواڵی و دکتۆر فوادو هاوڕێ سمایل و حەمە ڕەشیدو ماڵ هاوڕێ ئەبووکاروان و مام حەمیدو شەهید مەجیدو خزمانی موسای وخەلیل داداو ئەحمەد خدرو ئەحمەد چوارشاخی و هاوڕێ ڕزگارو شەهید مەجیدو شەهید صادق لە صمودو ماڵو مەزرەعەکەی هاوڕێ شێخ عەتا لە کفری و ماڵ عەلی هیدایەت و مامۆستا جاسم لەدووزو دانشتوانی گوندەکانی دەوروبەریان)و چەندین خانەوادەی تر لە دووزو کفری و کەلار کە تەنها شەهید ئەبوو ڤیان و ئەحمەد بازۆکە خۆیان ناسیویانە.

لە شەوی ٧لەسەر ٨ی ١٩٨٩/٨/ لەگەڵ هاوڕێ ئەبوو ڤیان بە پلانێکی سیخوڕان دەکەونە بۆسەیەکەوە لە سەر جسری ٧ هەزاریەکان و ئەبووڤیان هەر لەوێدا شەهید دەبێت و هاوڕێ ئەحمەد بازۆکەش بەبرینداری دوای کوشتنی سیخوڕەکەی بەعس دەستگیردەکرێت، تەنانەت بە برینداریش کە شانی هاوڕێ ئەحمەد گوولەی پێوە دەبێت هەوڵی تەقاندنەوەی ڕومانەیەك دەدات و دەیەوێت بە ددان ئەڵقەکەی بکاتەوەو بەهۆیەوە دەمی بریندار دەبێت و بە تفەنگ دەدەنە سەریدا تا ڕوومانەکەی لێدەسێنن، دواتر تەرمەکەی شەهید ئەبووڤیان لە کێڵگەیەکی نزیك گۆڕستانی (شێخ عەبدولڕەحمان) بەرانبەر قەڵای شێروانە بەخاك دەسپێردرێت و ئەحمەد بازۆکەش ڕەوانەی زیندانی ئەبوو غرێب دەکرێت.

شەهید ئەحمەد بازۆکە دوای قۆناغی پێشمەرگایەتی و خەباتی پارتیزانی و نهێنی دوای ئەنفال، پێدەنێتە قۆناغێکی سەخت تری تێکۆشان و ڕووبەڕووبوونەوەی پیاوانی ڕژێم، ئەویش ڕووبەڕوو بوونەوەی جەلادەکان و دانپێدانەنان و ناو نەهێنانی ئەو ماڵانەی هاوکارو یارمەتیدەرو چاوساغیان بوون، بەوورەیەکی بەرزو پۆڵاینەوە دژیان دەوەستایەوە، یەکێك لەو شایەتحاڵانەی لەبەندینخانەی ئەبوو غرێب لەگەڵی بووە کادرێکی مەڵبەندی ١١ی گەرمیانی یەکێتیە بەناوی (سیامەند) کە دەڵێ: لە ماوەی (٩) مانگی ئەشکەنجەدانی هەمەجۆر شەهید ئەحمەد تاکە یەك ووشەیەکیش نادرکێنێ، تەنانەت دوای ئەشکەنجەدان کە بەهۆشی خۆی دەهاتەوە دەیگووت : ئەوان دەتوانن نهێنی لە من وەرگرن؟

شەهید ئەحمەد بازۆکە لە زیندانیش وەك پێشمەرگایەتی و کاتی پارتیزانی قەڵایەك دەبێت لە وورەو خۆڕاگری و قارەمانێتی، تەنانەت هانی زیندانیەکانی داوە لەبەرانبەر جەلادەکاندا وورەیان بەرزبێت، وتوویەتی پیاو یەکجار دەمرێت و دەبێت بەسەربەرزیەوە بمرین، ئێمە خاوەنی کێشەیەکی ڕەواین و مردنیش لەو پێناوەدا سەروەریە.

لە ١٩٩٠/٥/٢ هاوڕێ ئەحمەد بازۆکە لە سێدارە دەدرێت و بۆ هەتا هەتایە دەبێتە رەمزی قارەمانێتی و خۆڕاگری.

* سەرچاوە: کۆمیتەی محەلی گەرمیان




# پارتیزانی دوای ئەنفال

## شەهیدی محی الدین علی محمد (ابو ڤیان)

- ساڵی ١٩٥٧ لە دایك دەبێ....
- قۆناغەکانی خوێندن سەرکەوتووانە دەبڕێ .
- وەکو کەسایەتییەکی نموونەیی لە ناو هاورێکانی دەردەکەوێ،کەسێکی فرە هێمن و لەسەرخۆ ، دەریایەك بوو لە فیکرو مەعریفە دەبێت....

هاورێ جگە لەوەی پەیکەرتاش بوو، وێنەکێش و خۆش نووسیش بووە....

- ساڵی ١٩٧٦، لە پەیمانگای تەندروستی بەسرە وەردەگیرێت....

هاوکات کاروباری حزبی دەگوازرێتەوە بۆ بەسرە....

بە رۆژ خەریکی خویندن و بە شەویش لە بارەگای حزب دەبێ...

- ساڵی ١٩٧٨ هێرش دەکرێتە سەر بارەگاکەیان داوایان لێ دەکەن کە خۆیان بدەن بە دەستەوە.. ابو ڤیان و چەند هاورێیەك قارەمانانە خۆیان رزگار دەکەن و ئەوانی تر دەکەونە دەستی دوژمن...
- پاش ماوەیەك گەڕاوەتەوە بۆ بەغداو سەدان هاوڕێی لە بەغداو ناوەڕاستی عێراقەوە ،لە رێگەی خورماتووەوە ،بەڕێ کردووە بۆچیاکانی کوردستان.

ـ لەگەڵ دامەزراندنی بارەگاکانی حزب لە شاخەسەرکەشەکانی کوردستان وەك پێشمەرگەیەکی چالاکی گەلەکەی سەنگەری شاخ هەڵدەبژێرێ..٨
ـ لە پاش ئەنفال و کشانەوەی زۆربەی هێزەکان بۆ سەر سنوور حزب بڕیار دەدات، هاورێ ابو ڤیان بۆ خوێندن بنێرێتە دەرەوەی وڵات، بەڵام هاورێ ابو ڤیان ئەو بڕیارە رەت دەکاتەوە و دەلێ لە کاتێکدا گەلەکەم ئەنفال دەکرێ و کوردستانم سەراپا خاپوور کراوە چۆن لەم کاتەدا دەچم بۆ خوێندن... زۆر هەوڵ دەدرێ بێ سوود دەبی.. بۆیە بڕیار دەدات بگەرێتەوە بۆگەرمیان.
ـ لە کۆتایی مانگی حەوت لەگەل شەهید مامۆستا ئەنوەرو هاوڕێیەکی دیکە لە قەندیلەوە دەگەڕێنەوە بۆ گەرمیان،بەگەیشتنەوەی بە پارتیزانەکانی حزب لە گەرمیان.هاورێیان رێکخستنەکان خۆشحاڵ دەبن و گوڕو تینێکی بە هێز
بە پارتیزانەکان و رێکخستن دەبەخشێت...
لەوماوەیەدا خۆی وهاوڕێکانی بە سەخترین قۆناغی پارتیزانیدا تێدەپەڕن.
ـ لە شەوی ١٩٨٩\٨\٨، لەگەڵ هاورێی فەرماندە ئەحمەد بازۆکا لە کۆمەلگای سمود، دەکەونە بۆسەی دوژمن و هاورێ ابو ڤیان شەهید دەبێ و ئەحمەد بازۆکەش بە برینداری دەستی دوژمن دەکەوێ... پاشان لە ابو غریب لە ساڵی ١٩٩٠ لە سێدارە دەدرێت...
و هەزاران سلاو لە گیانی پاکی ئەو شەهیدە قارەمانانە....

# پارتیزان وکتێب

به بیرم دێت ساڵی ١٩٨٨ ئه وی ڕۆژێ حوکمه تی بەعس لەوپەڕی بەهێزی دابوو، کۆمەڵێ پێشمەرگه لەگەڵ شاخ وبەرزاییەکانی خاڵخاڵاندا پێکەوه دەستیان خستبووه ناودەستی یەکتر،لەحکومەت عاسی بوبوون،گاڵتەیان به هەمووشتێکی حکومەت ئەهات،نەکیمیاوی و نەکۆبتەر،نەدێ سوتان و نەئەنفال لەباوەڕی ئەوانی کەمتر نەئەکردەوه،ئاواتیان ئەوەبوو بەعس بڕوخێت ،دنیایەکی دی دروستبێت،تێیدا مرۆڤ خاوەن کەرامەت ومافی خۆی بێت،خاوەن عەدالەت وسۆسیالزم بێت، پێشمەرگەکان زۆربوون ، پێشمەرگەی وایان تیابوو خەڵکی بەغدابوو،دڵ وبیروباوەڕی ئەوەنده ڕووناك بوو مانگیش ئیرەیی پێی ئەهات، ئاخر بێ هۆ نەبوو پێیمان ئەوت :عەمارعەرەب ئەو وای کردبوو به شێوەیەکی تر تەماشای عەرەب بکەین ،عەرەب له شوێنه ڕاسته قینه کەی خۆی ببینین کەئەویش مرۆڤه،مرۆڤی بەوەفاو،بەسفەت،مرۆڤی ئازاو دژەچەوسانەوەی کوردومرۆڤایەتی، پێشمەرگەیەکی ترمان هەبوو ناوی (مام جوامێر) بوو، ئەوبەرپرسی مرۆڤایه تی هەمووی بوو، بەبیرم دێت ئەوکاتەی له سنووری هەولێر پێشمەرگەبووم پێشمەگەکانی ئەوسنووره ئەیانگۆ :

(مام جوامێر) سەرلقەکەی شوان هەرکاتێك هاتبێته گوندەکانی بناری سەفین نانی هەرماڵێکی خواردبێ له کاتێ ماڵئاوایی کردندا،سەفین هاتوه پێڵاوکانی بۆدابنێ،خۆشم بینیبووم زۆرجار ئەگەر خەلەلێك بکەوتایەته

ئاسمانی خاڵخاڵانەوە،لەبەرئەوەی قەد و باڵای(مام جوامێر)وەك خاڵخاڵان بەرزبوو، خاڵخاڵان ئەهاتەلای (مام جوامێر) بۆئەوەی چارەسەری بکات،ئەم جوامێرە، جگەلەوەی خەمی چەوسانەوەی مرۆڤایەتی وکوردی ئەخوارد... ئەوهەمیشەخەمی کێڵگە و بارانیشی بۆجوتیارەکان کردبووە کۆڵ، لەناو کۆڵەپشتەکەیدابوو، زۆربوون پێشمەرگەکان ،هەر پێشمەرگەیەك، لەوڕەوە پێشمەرگانە خەونێکی تایبەتی خۆی هەبوو ،بەڵام لە دووردا خەونی هەمویان بۆ وڵاتێك ئەچوو ئێمە ناومان نابوو (کۆماری مرۆڤەکان)من لە ناو ئەو پێشمەرگانەدا ئیرەییم تەنها بە کەسێك ئەبرد، ئەو بەردەوام لەبری نان وئاو کتێبی پێبوو،کتێبی لەناوکۆڵە پشتەکەیدا یان لەناوگیرفانیدا، یان لە ناوتاخم ومەخزەنەکانیدا هەڵئەگرت،خۆئەگەرئەوشتانەیش نەبوایە ،ئەوکات یان لە ناوسەری یان لە ناودڵی یان لە ناودە ستیدابوو،من خۆم ڕۆژێك واڕێککەوتی کرد لەبناری خاڵخاڵاندا کتێبم پیٚ نەبینی هەڵبەتە ئەوکات خاڵخانیش ئە گەر بیزانیایە بێشمەرگەیەك لەبناری خۆیدا خۆی شاردۆتە وە،لای ڕژێمی بەعس ئیخباری ئەکرد!پێم گووت:

ها (عەلی سیاسی)،کوا کتێبەکانت ؟باوڕبکەن ئەو وەك چۆن بەرلە ئەنفال ،وەك چۆن لە قوتابخانە وەڵامی دە داوە ڕێك ئاوا کتێبەکەی لە گیرفانیدا دەرهیناو گوتی: ئەوە تانیٚ ئێمە ئێستا لەجاران زیاتر یە کترمان خۆشەویٚ،بیٚ یەکتر ئیدارە ناکەین

---

* سەرچاوە : دەستنووسێکی گۆران حەساری



# پارتیزانی شەهید

# ڕەووف حاجی محەمەد گوڵانی ( هاوڕێ جەوهەر )

هەموو ساڵێك لە ٢٤ ی حوزەیران یادی لە سێدارەدانی شیوعییەکی چەڵەنگ و نەترس و فەرماندەیەکی پێشمەرگەی ئازاو قارەمان و کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی ناسراوو ڕۆڵەیەکی بە جەرگ و هوشیاری کورد ئەکرێتەوە.... ئاسان نییە باسی قارەمانییەتی، دڵسۆزیی و خۆڕاگریی ئەو مرۆڤە بە توانایە بە وشەو چەند دێڕێك بکرێت، چونکە لە ڕووی کردارەوە بە یارمەتی هاوڕێیانییەوە لە ناو ڕێکخراوەکانی حزبدا ڕێکخەرێکی زیرەك و چالاك و لە ناو هێزەکانی پێشمەرگەدا نەخشە دارێژرەو ئەندازیارییەکی سەربازی (عەسکەری) بێ هاوتا بوو.

**هاورێ جەوهەر...**

**- ساڵی ١٩٥٣ لە دێی (گوڵانی حاجی کاکەوڵا) لە ناو خێزانێکی جوتیاری هەژاردا چاوی بۆ ژیان هەڵهێنابوو.**

**- لە دێی بانیخیڵان خراوەتە بەر خوێندن و، لە پاش سەرەتایی چووەتە ناوەندی دەربەندیخان**

**- لە بارودۆخی گرتن وکوشتن وشەری حکومەتە خوێنرێژەکان نموونەی ئازایەتی وخۆراگری قارەمانانە بوو، لە ماوەیەکی کورتدا بوو بە ئەندامی حزب و، هەر بەو شێوەیە بوو بە ئەندامی لێژنەی جوتیاران و،ئەم لێژنەیە کاروباری ناوچەکەهەرلەقەرەداغەوە تاوارماوەو دەربەندیخانی بەرێوە ئەبرد.**

**- لە پاش بەیانی ١١ ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ بە گوروتێنێکی گەرم و ئازایانەو دوور لە ماندوو بوون لە ماوەیەکی کورتدا بوو بە ئەندامی کۆمیتەی محەلی پارێزگاری سلێمانی و بەرپرسی رێکخراوی قەزای دەربەندیخان.**

**- لە ماوەیەکی کورتدا بوو بە کادرێکی لێهاتوو و چالاك ، جێی سەرسورمانی هاورێیانی بوو لە ئەنجامدانی کارو ئەرکەکانی و، هەر بۆیەو لە تەمەنێکی کورتدا توانی ببێت بە ئەندامی رێکخراوی هەرێمی کوردستانی تێکۆشەر کەم کەس هەیە بتوانێت وەسفی قارەمانیەتی و دڵسۆزیی و خۆراگریی و توانای رەووف بکات، لە ماوەیەکی کەم بوو بە یەکێك لە پیاوە بە ئەمەك**

ونەترسەکان و، شەوو رۆژ بەوپەری توانایەوەو، لە پێناوی بتەوکردنی ریزەکانی رێکخراوەکانی حزب کاری ئەکرد.

ـ لە ١٩٧٢/١٠/٥ لەگەڵ قەدریە کچی عوسمان هەولێری هاوسەرگیری کرد.

ـ هاوریێ رەووف مرۆڤێکی دڵسوزو سادەو دڵساف و خاوەن توانایەکی پۆڵایین و سیفاتێکی جوان و سیماو رەواڵەتێکی کەسایەتییەکی رێزدارو خۆنەویست بوو، دەستپاك و جێی متمانەو، خاوەن مورالێکی بی وێنەو تیکۆشەرێکی بێ هاوتاو ئازاو قارەمان و رۆڵەیەکی بە ئەمەکی گەل بوو.

ـ لە ساڵی ١٩٧٨ رژێمی دیکتاتۆری بە مەبەستی گرتنی زۆرهەوڵیدا، بۆیە بەناچاری رووی  لە ناوچەی قەرەداغ کرد، لەوێشەوە لەگەڵ ژمارەیەك هاوریێ چوون بۆ هەورامان بە مەبەستی دامەزراندنی بنکەی پێشمەرگایەتی حزب لە {بەلەبزان}، سەرکەوتووانە توانیان بنکەیەك دامەزرێنن، چەك و تەقەمەنی پەیدابکەن..

ـ وەك پێشمەرگەیەکی دلێرو چالاك لە ئەنجامدانی کاروبارو ئەرکی رۆژانەی مرۆڤێکی جوامێروهێمن و لە سەرخۆ بوو،لە لایەن دۆست وپێشمەرگەو سەرجەم هاورییان وکەسوکاری جێی رێزو خۆشەویستی بوو، دەستپاك و دڵپاك و راستگۆو مەردانە و خاوەن هەڵوێست بوو....

ـ لە ساڵی ١٩٨٦حزب ناردیە مۆسکۆ لە یەکێتی شۆرەوی و، لە گەرانەوەیداحزب ناردیە کۆماری یەمەنی دیموکراتی بۆ بەرزکردنەوەی زانیاری عەسکەری و، کە گەرایەوە کوردستان بوو بە بەرپرسی عەسکەری مەڵبەندی سلێمانی و کەرکوك–ی حزبی شیوعی عێراق.

ـ ساڵی ١٩٨٧ بە هاوکاری هاورییان و بەرپرسانی حزبە کوردستانییەکانی تر نەخشەیان بۆ لێدانی دوژمنی دیکتاتۆری و ئازادکردنی قەرداغ دانا، سەرکەوتووانە گەیشتن بە ئەنجام و دوژمنیان لە ناوچەی قەرەداغ دەرکرد، حزب بە بێ زیان دەسکەوتێکی باشی دەستکەوت ،لە پاش ئەو سەرکەوتنە بە یارمەتیدانی هاورییاتی تر نەخشەیان بۆ گرتنی شارۆچکەی نەوجول دارشت ، هیزەکانی حزب بە تەنها توانیان لە ماوەیەکی کورتداو بە بێ زیان دەست بەسەر شارۆچکەکەدا بگرن، لەگەڵ دەستکەوتێکی گەورە لە ئۆتۆمبیل و دۆشکاو و هاوەن و ئار بی جی R B G و چەکی سووك و کەرەسەی پەیوەندی (بێتەلی راماڵ).

ـ لە شوباتی ١٩٨٨ هاورێ جەوهەر لە گەڵ ژمارەیەك پێشمەرگە کەوتنەرێ بەرەو گەرمیان و ناحیەی جەبارە بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی هێزی دوژمن (ئیستتلاع)پاشان ئازادکردن و گرتنی شاروچکەی جەبارەو لەو کاتانەدا دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە کە دوژمن نیازی هەیە هێرش بکاتە سەر ناوچەی قەرەداغ، بۆیە بەبێ راوەستان گەرایەوە بۆ بارەگای مەڵبەند لە دێی ئەستێڵی سەرو لە قەرەداغ ..

ـ لەو رۆژانەدا دوژمنی دیکتاتۆری سەدام حوسەین بە چەکی کیمیاوی دای لە دێی سێوسێنان و دوکان و (٧٨) کەس لە دێی سێوسێنان شەهید بوون و، لە پاش ئەو کارەساتە دڵتەزێنە و لە پرۆسەی ئەنفالی دزێوو چەپەڵ ، رژێم هێرشی کردە سەر ناوچەکەو پێشمەرگەکانی حزب رۆڵی باشیان

هەبوو لە گەڵ پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە بەرنگاربوونەوەی سوپاو جاشی رژێمیَ خوێنمژ دا.

ـ لە کاتی کشانەوەی هێزەکانی حزب و حزبەکانی تر لە ناوچەی قەرەداغ هاوریَ جەوهەر نەیویست ناوچەکە چۆڵ بکات و، سوور بوو لە سەر مانەوە، لە پاش رەزامەندی حزب لە گەڵ پۆلێك لە پێشمەرگە ئازاکانی حزب مایەوە ، لە کاتی چوونی بە ئەرکێکی حزبی بۆ ناو (مجمع)ی نەسر لە نێوان زەرایەن و عەربەت دا، بە چاوساغی چڵکاوخۆرێکی سەر بە رژێمی بەعس، هێزە تایبەتییەکانی رژێم هێرش ئەکەنە سەر شوێنی هاوریَ جەوهەر و هەموو جۆرە چەکێکی نویَ و مۆدیرن بەکار ئەهێنن ..

ـ لە رۆژی ٩/١٠/ ١٩٨٩ بەدیل ئەیگرن و رەوانەی گرتووخانەی ئەکەن و، زۆر درندانە ئازاری ئەدەن ..بەڵام هاوریَ جەوهەر هیچ شتێك نادات بەدەستەوە،وەك ناونیشانی ماڵی هاورییان و پێشمەرگەی ناو شارەکان و نهێنییەکانی تر، دوژمن هیچی بۆ نەمایەوە جگە لەوەی لە رۆژی ٢٤/٦/١٩٩٠ لە سێدارەی بدا.

ـ لە پاش کۆچی هاوریَ جەوهەر خێزانە تێکۆشەرەکەی {قەدریە عوسمان هەولێری هاوسەری و دوو کچەکەی: رۆژان و سازان و دوو کورەکەی: گۆران و ئاوارە} بەجێماون.

سڵاو لەگیانی پاکی هاوڕی جەوهەر و هەموو شەهیدان.

* سەرچاوە : هاوریَ ئەحمەد رەجەب




# لە گۆڕستانی شەهیدانی مارۆچن پەردە لەسەر وێنەی چوار شەهید لادرا

کۆمیتەی ڕێکخستنی دەربەندیخانی حزبی شیوعی کوردستان ، بەبۆنەی ١٤شوبات ڕۆژی شەهیدی شیوعی، پەردەی لەسەر دیواربەندی وینەی چوار پێشمەرگەی شەهیدی حزب لادا و مەراسیمێی تایبەتی ئەنجامدا. بە ئامادەبوونی هاوڕییانی مەکتەبی سیاسی وکۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی و قائیمقامی قەزای دەربەندیخان و نوێنەری حزب ولایەنە سیاسیەکان و فەرمانگە حکومییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دەربەندیخان و هاوڕییانی محەلییەکانی سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان و ڕێکخستنەکانی ڕزگاری و قەرەداغ و ژمارەیەك لە کەس و کاری هەر چوار پێشمەرگەی شەهید ( لالە و سەید بایز و هەژار و عەتا ) ڕێکخستنی دەربەندیخان مەراسیی چواردەی شوباتی ڕۆژی شەهیدی شیوعی ئەنجامدا. ڕێوڕەسمی مەراسیمی١٤شوبات لەسەرگۆڕستانی شەهیدانی مارچۆن لە سنوری قەزای دەربەندیخانی سەر بە پارێزگای سلێمانی بەڕێوە

چوو،سەرەتا ئامادەبووان چەند چرکەیەك بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی ئەوچوار شەهیدە و تەواوی شەهیدانی حزب وگەل،بەبێ دەنگی ڕاوەستان. دوای دەقیقەیەك ڕاوەستان، ژمارەیەك وتار وچالاکی پێشکەش کران، بەم شێوەیە:هاوڕێ فەرهاد عەبدولا، بەرپرسی کۆمیتەی دەربەندیخانی حزبی شیوعی کوردستانی خوێندەوە و تێدا بەخێر هاتنی میوانەکانی مەراسیمی ١٤ شوبات و پەردەلادان لەسەر وێنەی دیوار بەندی چوار شەهیدی حزبی شیوعی کوردستانی کرد،هاوڕێ شلێر عەبدولمەجید وتاری مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستانی خوێندەوە و تێدا باسی لە قارەمانێتی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی کرد،کە لە پێناو بەرگریکردن لە خاکی پیرۆزی کوردستان چون جەنگاون و بەرگرییان کردووە دژ بە نەیارانی گەلی کورد .

کاروان مام ئەسکەندەر بەرپرسی لقی دەربەندیخانی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی حزبی شیوعی کوردستان، وتارێکی پێشکەش کرد و تێدا ڕۆڵی گرنگ و خەباتگێڕی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی تێدا خستە بەر باس، کە چۆن بەردەوام خوێنی خۆیان کردبووە قەڵغان بۆ پارێزگاریکردنی لە خاکی نیشتیمان .

بەیاننامەی کەس وکاری شەهیدانی حزبی شیوعی، لە ڕۆژی شەهیدی شیوعیدا، کە ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە، لە لایە هاوڕێ حەمەی شەهید ئەندامی کۆمیتەی ڕێکخستنی دەربەندیخانی حزبی شیوعی کوردستان خوێندرایەوە .

دواتر كارێكی پلەی باگ لە سەر ڕۆژی شەهیدی شیوعی پێشكەش بە ئامادەبووان كرا ، كە ماوەكەی نۆ خولەك بوو .
هاوڕێ هاوكار قادر ئەندامی كۆمیتەی ڕێكخستنی دەربەندیخانی حزبی شیوعی كوردستان ، ژیاننامەی هەر چوار پیشمەرگە شەهیدەكەی حزبی شیوعی عێراقی بۆ ئامادەبووان خوێندەوە.
هاوڕییان ئازار سەرچاوەی هاوڕێی چوار شەهیدەكەی و هاوڕێ عەزیز پێشمەرگەی دێرین و هاوڕێ ئەنوەر عەلی ئامۆزای شەهید بایز، یەكی پەخشانێكیان خوێندە و پێشكەشی ئامادەبوانیان كرد.
- پەیامی هاوڕێ ئەبو كاروان خۆێندرایەوە .
وتاری بنەماڵەی هەر چوار شەهیدەكە، لە لایەن هاوڕێ ڤانیا كوڕی شەهید لالە خوێندرایەوە .لە كۆتایدا ئامادەبووان پەردەیان لەسەر وێنەی دیواربەندی چوار شەهیدی داستانی كونە شێری نزیك گوندی مەسۆیی بەرگەچ لە بناری سەنگاو،لادا.(سەید بایز و لالە و هەژار عەتا) ئەم شەهیدە تێكۆشەرانە لەكۆتای مانگی نیسانی ١٩٨٨ لە بارەگای كونەشێری نزیك گوندی مەسۆی بەرگەچ لەبناری سنگاو و بەپلانێكی داڕێژراو لەلایەن حكومەتی بەعس و بەدەستكی خۆفرۆشانە شەهید دەكرێن ودوای شەهید كردنیشیان ڕووفاتی پیرۆزیان دەسوتێنرێن.

---

سەرچاوە : ڕێگای كوردستان \ نیزام شەبیب
https://www.regaykurdistan.com/index.php/chalaky-hizby/17156- 2018-02-21-20-26-54




## شەهید عەمار عەرەب

خاوەنی ئەم وێنە پێشمەرگەیەکی حزبی شیوعی عیراق بوو هاورێیەکی عەرەبی خوارووی عیراق بوو ماوەی هەشت ساڵ پێش ئەنفالە بەدناوەکە هاتبووە کوردستان و چەکی شەرەفی رزگاری بۆ گەل هەڵکرتبوو، بەرانبەربە دڕوارترین و سەرسەخترین رژێمی ئەو سەردەمە تێکۆشاوە، بەبێ جیاوازی نەتەوەو ئاینو ئاینزاکان جیاوازی نەکردووە لە نێوان کوردو عەرەب و تورکمان و شیعە و سونە ...بەڵام زۆر بەداخەوە دەستی رەشی جاشایەتی و خۆفرۆشی ئەم دەنگە ئازادیخوازەیان لە ناوچەی گەرمیان خنکاندو لەناویان برد .ئەم تێکۆشەرە تا دواهەناسەی خۆراگروو قارەمانانە روبەروی جەلادەکانی بەعس بوەوەو تا لەسیدارە درا لە ئەبوو غرێب..

سڵاو لە گیانی پاکی هاورێ عمار عەرەب و هەموو شەهیدانی رێگای ئازادی .شەهید نامرن.



## دکتۆر هۆشەنگ

# پارتیزانی دوای ئەنفال

**پارتیزانێکی تری دوای ئەنفال،تێکۆشەرێك کە بەچەك و قەڵەم و کۆڵەپشتی پڕ لە هەتوانی زامی رۆژگارە سەختەکانەوە بست بەبستی دەشتی کاکی بەکاکی گەرمیان،بەردبەبەردی خاڵخاڵان وقەندیل وکۆسرەت..شاهیدی جومێری خۆی ومام جوامیری فەرماندەی و هاوڕێ جوامێرەکانی دەدەن:**

## دکتۆرهۆشەنگ کێ یە؟

- مەغدید بابەعەلی (د.هۆشەنگ)
- لە ساڵی ١٩٥٧، لە شاری کەرکووك لە دایك بووە.
- لە ساڵی ١٩٧٣ لە شۆرشی ئەیلول بۆتە پێشمەرگە،تا دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥
- لە ساڵی ١٩٨١، بۆتەوە پێشمەرگە
- لە دوای ئەنفالەکان لەگەڵ هەندێ هاورِێی دیکەدا...

بەشێوەی پارتیزانی درێژە بە خەباتی سەربەرزانەی خۆیان دەدەن...

لە چەندین شەڕو پیَکدادان لەگەڵ بەعسی و جاشە بەکرێگیراوەکانی... لە لێواری مەرگ گەڕاوەتەوە...

## شەڕی چیای کۆسرەت

لێرەدا لەسەر زمانی خۆی و هاورِێکانی تەنها باس لە شەڕی کۆسرەت دەکەین کە قاسماغای خۆفرۆش، لەگەڵ جەیشێکی زۆر و کۆپتەردا دەچنە سەریان و ئەوانیش شەڕێکی قارەمانانە دەکەن،هاورِێ دکتۆر هۆشەنگ خۆی ئاوا باسی شەڕەکەی کردووە.:

(لە رۆژی ٥\٣\١٩٨٩، کاتێك مام جوامێر و ملازم کیفاح نووسەری رۆمانی راونراوەکان و دەستەیەك پارتیزانی دوای ئەنفال لەچیای کۆسرەت بووین،ئەوە بوو جاشەکانی قاسم ئاغای خۆفرۆش، بە پشتیوانی کۆپتەر لەگەڵ بەرەبەیاندا سەری شاخیان لێ گرتین و ئابلۆقەیاندان، ئەو کات

دەستەی کۆیەش کە شەهید ملازم شێزاد و شەش هاوڕێی تر بوون و ئێمەش پێنج پێشمەرگە مابووینەوە، ئەوە بوو کەوتینە شەڕی دەستەو یەخەو لەو نەبەردەشدا دوو هاوڕێ، دوو هەڵۆی بەرزەفڕمان شەهید بوون.. کە ئەوانیش هاوڕێ جەنگی و هاوڕێ ڕێباز بوون. هاوڕێ هەرێم بە دیل گیرا و هاوڕێ ئاسۆش بە سەختی بریندار بوو... تادوای نیوەرۆ ئابلوقەیانداین و دواتر پاشەکشەیان کرد.ئێمەش هەندێکمان یەکمان گرتەوە. سەرباری برسێتی وماندوو بوون، ئاسۆی بریندار، هەتا دەمەوبەیان بەرێوە بووین .. لە ئەشکەوتێکی نزیك گوندی (شیوەشان) خۆمان حەشار دا، کەچی جارێکی تر لە شەوی ١٨ لەسەر ١٩ی مانگی ئاداری ١٩٨٩،بە چاوساغی چەند شوانێکی خائین جاشە خۆفرۆشکان، کەمینێکیان بۆمان داناو لەو کەمینەدا هاوڕێ چالاك شەهید بوو، هاوڕێ هەڵکەوتیش بریندار بوو... دواتر مەفرەزەکەمان پەرتەمان لێکرد و من بە دیار ئەو دوو بریندارەوە بۆ ماوەی بیست رۆژ مامەوە، خواردنمان تەنها گیاو کەنگر و کەمێك نانە رەقی شوانەکان بوو، کە روحی چالاك بووە قوربانی ئەو برە نانە رەقە...هیچی دی نەبوو......)

سلاوو لە شەهید لە رۆحی پاکی شەهید جەنگی و ریبازو چالاك...

# بۆ دکتۆر هۆشەنگ

**شیعری / رابەر رەشید**

گەر مرۆڤێک هەتا ئەژنۆی،

نوقمی خوێناوی ستەم بێ

لە زێدی خۆی،

تا کوردبوونیشی ئەستەم بێ

کە گەورەبوو ئەو مرۆڤە،

چۆن چۆن دادەنیشێ بێدەنگ..؟!

چۆن نابێتە گڕکانی رق،

هەر لە یەکەم دەرفەتیشدا،

دەست ناداتە چەک و تفەنگ..؟!!

لە سەردەمی پاشایەتی،

ملکەچبوون و کۆیلایەتی!..

لە کەرکوکی گڕو خوێنا،

موژدەی هاتنە دونیای کوڕێک،

بۆ خەم و ئازارو جەفەنگ!!..

( مەغدید )ێک دێتە بوونەوە،

ژیرو چکۆلانەو چەلەنگ!..

نووکە شەقی عەرەبچێتی،

قسەی رەقی تورکچێتی،

باڵی ئازادیی پێدەگرن،

وەکو بێچووە کۆترو هەنگ!..

(حەرەس قەومی)ی بیری تاریک،

هزری بیابانی تاڵان..

لە کودەتای شەست و سێدا،

کودەتای بەعسی بێویژدان،

پەلکێشی دەکەنە ناو جەنگ!..

وای لەو جەنگە دەروونییەی

لە شەست و سێ،بەرۆکی کوردبوونی پێگرت،

جەنگی دزی و رەشبگیری،

جەنگی کوشتن و بیری ژەنگ!..

وای لێ دەکەن، هەر زوو بە زوو،

لە ژیاندا قاڵبێتەوەو ببێ بە دەریایەکی مەنگ!..

ئەم کوڕە ئازارچەشتووە،

لە حەفتاکانی سەدەی بیست،

پەنای بۆ شۆڕش بردووە،

وەک خوێندکارێک بۆتە پێشەنگ!..

دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول،

نسکۆی نائومێدیی گەلێک،

ئەم کەرکوکییە سەرکێشە،

بۆ شۆڕش لێیدایەوە زەنگ!..

ئەمجارەیان بە هزرێکی مارکسیانە،

بە دروشمێکی پتەوی پرۆلیتاریانە،

جیاواز لە جارانی پێشوو، گرتییەوە رەنگ!..

لە هەشتاو یەک دەبێتەوە بە پێشمەرگە،

ناوی دەنێن (دکتۆر هۆشەنگ)!..

ئەو هۆشەنگەی شەنگتر لە شەنگیی

شۆڕەبی..ئارام، بێدەنگ!!..

پێشمەرگەی داستانەکانی:

دەشتی هەولێرو سێکانیان،

بەستی شەرغەو شیوەسوورو

ملحوشتری چیای خاڵخالان،

شەڕی سیانزە رۆژەی سماقوولی و بانی مەقان،

بەرخۆدانی خۆشناوەتی و

بان ساڵەیی و ناوجەرگەی شوان،

دواتر پێشمەرگەی پارتیزان!..

**لە چیای کۆسرەت، ناوچەی سۆران..**

**وای لەو رۆژەی لە پێنجی سێ،**

**لە بناری کۆسرەتی شاخ..**

**خیانەتێکی گورچکبڕ،**

**قاسم ئاغای، ئاغای دۆڕان،**

**دێنێتە سەر پۆلێک پێشمەرگەی**

**جەربەزەی، دوای ئەنفالی پارتیزان!..**

**سەرەتا (شەپۆل) و (جەنگی)،**

**دواتریش (چالاک)ی کوردان!..**

**بە دەستی جاشی خائین و خیانەتی**

**دۆست و برا،بوونە شەهیدی کوردستان!..**

**هەر لە داستانی کۆسرەتی پشتی ئەنفال،**

**دەستپێک (ئاسۆ) دواتر (هەڵکەوت)ی پاڵەوان،**

**بە گوللەی دەستی جاشەکان،**

**ئەو جاشانەی کەوا بوونە،**

**کەواسووری پێش لەشکری داگیرکەران!!..**

**زامدار دەبن،**

**لێ (دکتۆر هۆشەنگ)ی هۆش و بیر،**

**وردبین، لەسەرخۆو بە تەگبیر،**

**بە شیری وشکی ناو قوتوو،**

به کوزەڵەو پوونگەی دەم ئاو،

به کەنگرو گیای بەهاران!..

به چەند دەرزی و دەرمانێکی،

کۆڵەپشتە دڕاوەکەی،

مێژووی خوێناویی بەرخۆدان!..

ئەو دکتۆرە به هیممەتە،

له ئەشکەوتێکی قەدپاڵی ئەو کۆسرەتە،

ئەو دوو پێشمەرگە زامدارە،

ورد ورد، جوان جوان، دەکا چارە،

ئێستا هەردووک، هەم پۆڵان و

هەم پاڵەوان!!..

(دکتۆر هۆشەنگ)ـە شەنگەکەش،

وەک جاران خزمەتگوزارە،

بۆ بژێویی ماڵ و منداڵ، کرێکارە..

له پشت شرە کۆمیوتەرێک،

کێشەی هاوڕێیانی (حشک)

به دەستوپەنجەی جەڕباوی دەکا چارە !!..



# پارتیزانی دوای ئەنفال هیوارەش

(خوێندنەوەیەکی خێرا بۆ مێژووی حەفتاوپێنج ساڵەی حیزبی شیوعی ) باسێکی پێشکەش کردووین..ئێمە لێرەدا ئەوەندەی پەیوەندی بە خەباتی پارتیزانی یەوە هەیە لێی بلاو دەکەینەوە:

## قۆناغی بە گژدا چوونەوە

دوای ٨ ساڵ لە شەڕی کاولکاری نێوان عێراق و ئێران لە ٨ \٨\ ١٩٨٨ بڕیاری وەستاندنی درا و ئیتر سوپایەکی هار و بێ کار بە دەستی ڕژێمێکی فاشییەوە بەر درایە خاکی کوردستانەوە بە مەرامی تەواو کردنی قۆناغەکانی دیکەی ئەنفال و قڕ کردن و بنبڕ کردنی نەتەوەیەك ، تا بەو پرۆسیسە قێزەونەی لاپەڕەیەکی ڕەش بۆ مێژوو تۆمار بکات و بیکاتە پەڵەیەکی شەرمەزاری بە تەوێڵی شۆفینیزمی عەرەبەوە ، گەورەترین باجی ئەم شاڵاوە کەوتە سەر شانی تەواوی گەلەکەمان و چینی زەحمەتکێش و

ستەم لێکراوی گوند نشینانی کوردستان ، نزیکەی ٥٠٠٠ گوند و شار و شارۆچکە سووتێنران و تەختی زەوی کران ، نزیکەی ٢٠٠٠٠٠ مرۆڤی کورد لە پیر و گەنج و ژن و پیاو کوژران و دیل کران و زیندە بە چاڵ و گوللە باران و بێسەر و شوێن کران ، ژێرخانی ئابووری کوردستان تێك و پێك شکێنرا ، ڕێگەکان کوێر کرانەوە ، ڕەز و باخ گڕیان تێ بەر درا، کانیاوەکان ووشك کران، ماڵ و سامان بە تالآن بران،ئافرەتان هەتك کران،بۆیەکەمجار لە مێژوودا لەدوای هێرۆشیماوناکازاکییەوە کە لەلایەن ئەمریکای بێگانەوە خاپور کران ، شارێکی کوردستانی لە لایەن دەسەڵاتدارێتی یەکی (خۆیی) یەوە بە فاشیستی ترین شێواز ژەهر باران کرا و هەزاران کەسی تێدا شەهید وبریندارکران وبە گازی خەردەل وسیانید و گازە کوشندەکانی تر سوتێنران و سەرتاپای هەڵەبجە خوێن و مەرگ بووە میوانی و شەهید کرا ، ئەم هێزە زەبەللاحە نائینسانی و فاشیستەی بەعس لە هەموو قوڵێکەوە هێرشی هێنا و هێزی پێشمەرگەی سەرجەم حیزبەکانی کوردستانی لەگەڵ خۆی دا ڕاماڵی،ئەو شکستەی بە سەر بزووتنەوەی پێشمەرگایەتی دا هات نیمچە ئاشبەتاڵێکی بە سەر هێزەکە دا هێنا ، هێزێکی شکا و لە خاکی خۆی دەرپەڕێنرا کە ئەتوانین بەم شێوەیە پۆلێنیان بکەین :

١ – ٤٠٪ پاشەکشەیان کرد بۆ سەر سنورەکان و لەوێشەوە بوون بە چوار بەشەوە و هەندێکیان ملی ڕێگەی ئەوروپایان گرت و هەندێکی تریشیان چوونە ئێران... هەندێکی زۆریشیان وەکو هێزێکی یەدەك بۆ ئاییندە لە نێو بارەگاکان دا مانەوە.

٢ـ لە ٥٥ ٪لەبەر دژواری بارودۆخەکە خۆیان ڕادەستی بەعس کردەوە.
٣ – ٢٪ وەکو پارتیزان ناوچە داگیر کراوەکانیان جێ نەهێشت و بە سەخت ترین شێوازی خەباتی چەکداری پەرەیان بە تێکۆشان دا و گەلێك ژیانی مەرگەساتیان بینی لە شەهید بوون و برینداری و گوزەرانی مەرگەساتبار.
٤ – ٢٪ ژێر بە ژێر خۆیان و شەرەف و ویژدانیان فرۆشتبوو و بووبوون بە سیخوڕوجاسوس و ئەڵقە لە گوێ و جاش و کاسەلێس وخیانەتکار و خوێنی هاوسەنگەرەکانیان کردە دیاری بۆ سەر مێزی بەعسییەکان.
٥ – ١٪ پەنایان وەبەر خۆ خزاندنە ناو شارەکان و دووبارە ڕێکخستنەوە و دروست کردنی شانە و هەوێنی چەکداری نهێنی برد و بە بێ ڕادەست بوونی دوژمن و بە فەرمانی شۆڕش بە پشت بە خۆ بەستن پەرەیان بە خەبات دا.

ئەم دابەش بوونی هێزی پێشمەرگە بەو شێوەیە لە نێو هێزی پێشمەرگەی حیزبی شیوعی دا بۆ مانەوە لە گۆڕەپانی خەبات و چۆك دا نەدان بۆ سیاسەتی کوشت و بڕی بەعس بە جوانی پەیڕەوی لێ کرا و لەو پێناوەش دا گورزی گورچك بڕی بەرکەوت ، جگە لەو هاوڕێ قارەمانانەی بە ڕەنگاریی ئەنفالەکانیان کرد کۆمەڵێك هاوڕێی دیکەش لە دوای قۆناغی ئەنفالەکان دا مانەوە و بەردەوامییان بە خەباتی خۆیان دا ، لە بناری کۆسرەت بە فەرماندەیی مام جوامێر مەفرەزەیەکی چوست و چالاك لە ساڵی ١٩٨٩ دووچاری شەڕی دەستە و یەخە بوونەوە لە گەڵ سوپای ڕژێم و جاشەکانی قاسمە کوێری کۆیە و چەند هاوڕێەك شەهید و بریندار کران ، لە

گەرمیانیش مەفرەزەیەکی بە جەرگ درێژەیان بە خەبات دا و لە قولایی ناوچەکان و ناوجەرگەی هێزەکانی دوژمن مانەوە و لە پاشان دەستی خیانەتیان پێگەییشت و ڕووبەڕووی زەبری کوشندە بوونەوە ، مولازم جەوهەریش کە بەرپرسی سەربازی مەڵبەند بوو لە دەڤەری شارەزوور و دەربەندیخان بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی هاوڕێیان مابووەوە لە لایەن ..

دوو تاوانبارەوە خیانەتی لێ کرا و بە برینداری دەستی دوژمن کەوت و لە سێدارە درا ، هاوڕێ پۆلا زیندانیش بە هەمان شێوەی مولازم جەوهەر دەستی خیانەتی ... پێگەییشت و بە دیل گیرا،ئێمەش دوای مقاوەمەتێکی زۆری ئەنفالەکان و مانەوەمان لە ناوچەکان ڕێچکەی خەباتمان گۆڕی ، بەندە کە بەرپرسی هێزێکی ناوچەی شوانی حیزب بووم لە بناری چیای – زینەتیر – دوای لێدانی کیمیاوی و پاشەکشەی لق و مەڵبەندەکانی حیزبەکان ئێمەش بە ناچاری هێزەکەمان کشاندەوە ، شایەنی باسە لە گەرمەی پاشەکشەکان دا کە ئێمە هێشتا بە چیای زینەتیرەوە بووین هێزێکی زۆر زۆر قارەمانی یەکێتی لە – سەری جوانەگا – مابوونەوە کە – سەعیدی حەمە زیاد – بەرپرسیان بوو بە گیانێکی خۆڕاگرانەی ئەوتۆوە بەرگرییان لە سەنگەرەکانیان ئەکرد لە وێنەی نەبوو ، شەوانە زیاتر لە ١٠ هێرشی زۆر سەختی دڕندانەی نابەرامبەری سوپای بەعسییەکانیان بەرپەچ ئەدایەوە...

دوای کشانەوەمان لە زینەتیر و یەکگرتنەوەمان لە گەڵ هێزەکانی دیکەی مەڵبەندی هەولێر لە دۆڵی بالیسان ، هێزێکمان بڕیاری مانەوەیان درا لە

ناوچەکە دا بە چوساغی – مام ڕەسول – ، ئەوەی لە یادم مابێت پێکهاتبووین لە مام ڕەسول – موحسین یاسین – مولازم شوان – مولازم هەژار – مولازم ئەحمەد شاهین – مولازم ڕابەر – مولازم چەتۆ – کاوە چاوشین – سیار – ئاشتی – جاسم خێلانی و من و و و– – – زۆر داوای لێبووردن لەوانە ئەکەم ناوەکانیانم لە یاد نەماوە و نەمنوسیوە ، ئەمانە دوای جەولەی جیاجیا لە ناوچەکانی دۆڵی بالیسان و هیران و نازەنین و بەرەکە و شەقلاوە و دەشتی هەولێر و قەرەچوغ و بەرانەتی بڕیاری چوونە ناوشاری هەولێر وەرگیرا ، ئەم بڕیارە بێ فشار و ئارەزوومەندانە بوو ، هەندێك لەو هاوڕێیانە لە شەوێکی پڕلە ترس و ماندوو بوون خۆمان گەیاندە دەور و بەری عەنکاوەی شاری هەولێر ١ – مولازم شوان ٢ – مولازم ڕابەر ٣ – مولازم هەژار ٤ – مولازم ئەحمەد شاهین ٥ – ئاشتی ٦ – کاوە چاوشین ٧ – سیار ٨ – من و دیسانەوە لە ناوی ئەو هاوڕێیانەی لە یادم نەماون داوای بەخشین ئەکەم ، لە قەراغی عەنکاوەش مامۆستا هۆگر هات بۆ پێشوازیمان و بە ٢ سیارەی میتسیۆبیشی و سوپەرێك بەرەو شوققەیەك لە بەرامبەر هۆڵی میدیای شاری هەولێر بردمانیان و لەوێش لە گەڵ سەعدون عەرەب و ئەبوو ئەحلام و مامۆستا هۆگر دا ماینەوە ، دوای چەند ڕۆژێك کۆبوونەوەیەك ساز درا و ئەرکەکان دابەش کران و پلان بۆ چۆنێتی ئیش و کارەکانمان داڕێژرا ، دوای ماوەیەك لە بەر سەختی کارەکانمان و مەترسیی زۆر لە سەرمان بەس ئەمانە لە نێو شاردا ماینەوە

١ – مامۆستا هۆگر ٢ – مولازم ئەحمەد شاهین

٣- شەهید سەعدون عەرەب    ٤ - سرود

٥- من دوای خستنە سەر سکەی کارەکانمان و دانانی بنکە لە بەغدا و کەرکوك دا ( ئەوەی من لێی ئاگادار بم ) بەردەوامیمان بە ئەرکەکانمان دا لە هەولێر و بەغدا و کەرکوك وسلێمانی جگە لە شارەکانی تر کە من ئاگاداری کارەکانیان نەبووم ، بەندە بەرپرسیارێتی لیژنەی ناوەندی هەولێرم پێ سپێردرا لە گەڵ بەرپرسیارێتی هەندێك هێڵی ڕێکخستن لە بنەسەراوە و دارەتوو پاشان بەرپرسیارێتی هێڵێکی ڕێکخستنی کەرکوکیشم لە ئەستۆ گرت .لێرەولەوێ ڕێکخستنەکانمان بەر زەبری دوژمن ئەکەوتن، لە شەقڵاوە هێڵێکی ڕێکخستنمان ئاشکرا بوو و زۆربەیان گیران،لە شارەکانی دیکەش دا ئەم کارەساتانە دووبارە ئەبوونەوە ، بەڵام ئەمانە لە وورەمانیان کەم نەئەکردەوە ، بۆیە شیلگیرانە تر کارەکانمان ڕا ئەپەڕاند،من بە کاری حیزبی چووم بۆ کەرکوك و دەستی خیانەت دوو مەفرەزەی ئیستیخبارات لە دوو سەیارەی جیا دا گەیاندە سەرم و دوای بریندار بوونێکی سەخت بە دیلی کەوتمە دەست دوژمن...

Hewarash1@yahoo.com




# پارتیزانی حزبی شیوعی
# بیرەوەرییەکانی خۆی دەگێڕێتەوە

**خیانەت کردن لە فەرهەنگی ئێمەدا نەبوو**

**هەر لەسەروبەندی ئەنفالەکان و لەوکاتەی کە خەڵکانێك (بەناو پێشمەرگە) دەستیان دەچوە خوێنی یەکوسەری یەکتریان(بەخاتری سەلامەتی سەری خۆیان) بە دیاری دەبردەوە و گرەو لەسەر شەهید کردنی هاوڕێ و هاوسەنگەر دەکرا .**

لە نیوەی دووەمی مانگی ( ٦ / ١٩٨٨ ) ئێوارەیەك بە نیازی چوونە ( ئۆردوگای زۆرەملێی دارەتوو) لە بەستی شرغەوە دابەزین بۆ پەیداکردنی پێویستی کە ماوەی چەند ڕۆژێك بوو لەبەر بوونی قوەت نەمانتوانی بوو لە بەستی شرغە دەرچین ، پێویستی زۆرمان بە تایبەت بە بەنزین هەبوو بۆیە هەر دەبوو ئەو ئێوارەیە بەهەر نرخێك بێت خۆمان بگەیەنینە دارەتوو .

بەهەرحاڵ هاتین هەرچەندە ناوچەکە زۆر مەترسیدار بووبەهۆی بوونی قووەت و زۆری گەڕان وسوڕانی کۆپتەر، دەمەو ئێوارە گەیشتینە نزیك گوندی (چەمرگە)لەوێ سەیارکەمان کوژایەوە کاتی سایقی سەیارەکە (خولەی گچکە هەرچەندە مندالێ بەڵام سایەقێکی زۆر چاك و هەمان کات فیتەرێکی باشیش بوو) سەیری کرد گووتی بەنزینمان نەماوە کە لەو کاتە و لەو شوێنە پڕ مەترسی و دوورە دەستە شتێکی خراپ بوو، ناچار بە پاڵدان سەیارەکەمان گەیاندە ژێر پردی گوندەکە و دووهاوڕێ د. فاخیر وڕابەر (هاوڕێیەکی دابڕاوی لقی گەرمیان بووئەو کاتە لای ئێمەبوو)لای سەیارەکان جێمان هیشتن ئێمەش(کاوە چاوشین،چەتۆ، خولەی گچکە،بروسك ،ئاسۆی قەرەجوغ) بەپێیان ڕۆیشتین بۆدارەتوو لەڕێگا تووشی ڕەشەبا و تۆزوخۆڵێکی زۆر بە هیز بووین کە من لە ژیانم تۆزوبای ئەوەنە بەهیزم نەدیبوو بە شێوەیەك بەردی بە قەبارەی هیلکە چۆلەکەی پێمان دادەدا کە هەتا ڕادەیەکی باش ئازاری هەبوو هەر ئەوەندمان بۆکرا بەهەردوو دەست سەر و گوێلاکی خۆمان لەو بەردانە بپارێزین ، باش بوو

ماوەکەی کەم بوو لێمان ڕەتبوو ، دوای ماوەی (٢٠–٤) سەعات گەیشتینە دارەتوو زۆر بەووریایی و لەسەرەخۆ و دوای لێورد بوونەوەیەکی زۆر بەدووربین ئەوجا من لە پێشەوە هاوڕێیان لەدوای من چوینە ماڵەکانی پێشەوە کە ناسیاری خۆمان بوون لایان سەیر بوو کە چۆن بەناو ئەو هەموو کەمینە ( کە بەقسەی ئەوان ئەو ئێوارەیە لە چواردە شوێن کەمین هەبووە ) توانیومانە بگەینە ئێرە ، بەهەر حاڵ نانێکی بەپەلەمان خوارد و دەستمان کرد بە کۆکردنەوەی بەنزین ماوەی ( ٥–٢ / ٣ ) سەعاتمان پێچوو تاکو بڕی پێویستمان پەیداکرد ،ئێستا دەبێت مشوری ( گوێدرێژ ) بخۆین بۆ گەیاندنی ئەو بڕە بەنزین و خۆراکە بۆ لای سەیارەکە کە لە دووری (٤ /٥ ) سەعاتە ڕێیە و دونیاش واخەریکە ڕۆن دەبێت ، هاتینەوە لای ناسیارەکانمان گوێدرێژی خۆیان پێداین و شتەکانمان بار کرد و بەپەپەل بەڕێکەوتین ، چونکە کات درەنگ بوو وە گوێدرێژیش عادەتی وایە ( ئەگەر خاوەنی خۆی نەبێت ڕێناکات ) بەزۆر و ڕاکێشان و لێدان هەر چۆنێك بوو گەیاندمانە ناو بەستی کورداوە لەوێ باشتر بوو ئێمەش لەچاوان بزر بووین چونکە ڕۆژمان بەسەر داهەڵهات ( ئەگەر ) لەو ناوچەیە ئاشکرا بین دەرچونمان مەحالە ئیتر لەناو بەست بۆماوەی دوو سەعاتێك ڕۆیشتین تا لە شوێنی خۆمان نزیك کەوتینەوە کە سەر جادەی بیستانەیە نزیك گوندی چەمرگە ، بەهەر حاڵ ناچارین دەبێت لەجادە بپەڕینەوە و بچینە لای سەیارەکە پەڕینەوەش لەوکاتە کە سەعات دەوری هەشتی بەیانیە زۆرترسناکە چونکە زۆرجار قوەتی ڕژێم دەردەچێت وکۆپتەریش هەر باس

ناکرێ، بەهەرحاڵ من وهاوڕێ کاوە لەپێشەوە ڕۆیشتین تاکو سەرجادە وسەیرمان کرد دونیا کش وماتە ( دیارە بەختمان هەیە ) زووبەزوو چوینە لای سەیارەکە ئەو هاوڕێیانەی لای سەیارەکە نەمابوون ئەوە بۆ ئێمە باش نەبوو،من چوومە شوێنێکی کەمێك بڵند وەك پاسەوان هاوڕێیانیش خەریکی بەنزین تێکردن وبارکردنی شتەکان بوون،بەتەڕدەستی کارەکان کران وسەیارەکەوتەگەڕو سواربووین بەرەولای گوندی ڕەسوڵ بچکۆڵ ، لەڕێگا هاوڕێ کاوە زۆر بێزاربوو لەڕۆیشتنی دوو هاوڕێ لای سەیارەکە وبەمەزەندەی ئەو سوچی هاوڕێکەی گەرمیانە و مەزەندەی منیش پێچەوانەی ئەو بوو کە هاوڕێکەی خۆمان ئەوی گەرمیانی ڕازی کردووە و ڕۆیشتوون ، ئێمە دڵنیابووین کەنیازیان خراپ نیەبەڵام شوێنی سەیارەکەبۆ ڕۆژ خراپ بوو بۆیە دوورکەوتوونەتەوە.بەسەلامەتی گەیشتینە گوندی ڕەسوڵ بچکۆڵ لەدوورەوە هاوڕێکانمان لەوێ دیت دڵخۆش بووین بەوەی سەلامەتن و بەبێ ماندوو بوون یەکمان گرتەوە دوای پرسیارکردن مەزەندەی من ڕاست دەرچووهاوڕێ د.فاخیر هاوڕێکەی دیکەی ڕازیکردبوو کە باشترە لەشوێنی سەیارەکە دوورکەونەوە کەبەبڕوای من کارێکی باشیان کردبوو، ئیتر هەندێك ئیسراحەتمان کردو نانێکمان خوارد و لەناو کاولەدێیەکە پەرت بووین بۆ خەوتن من چوومە لای سەرەوەی گوندەکە هاوڕێیانیش هەریەکەو لە لایەك هاوڕێ ئاسۆی قەرەجوغ چووە دەرەوەی گوند هەندێ بنە داری لێبوو گوتی من لێرە دەخەوم ئیتر خەوتین تاکو دوای سەعات دووی پاش نیوەڕۆ یەکە یەکە هەستاین و لە ناو خانوێك کۆ بووینەوە بۆ نان ئامادە

کردن بۆ نیوەڕۆ کە نان حازر بوو بانگی هاوڕێ ئاسۆمان کرد وەڵامی نەبوو، ناچار هاوڕێ د.فاخیر چووە دوای بۆ لای دارەکە بینی تەنها تاقم و تفەنگەکەی لەوێیە خۆی دیار نیە یەکسەر زانیمان ڕۆیشتۆتەوە بۆ تەسلیم بوونەوە ئەوەی لام سەیر بوو چۆن ئەو هاوڕێیە هەر شەو لە دارەتوو خۆی لە ئێمە نەدزیوەتەوە و ئەو هەموو ماندوو بوون و ڕێگا پڕ مەترسیەی بڕیوە و هاتۆتەوە بۆ ناوچە پڕ مەترسیەکان و دوای تفەنگ و تاقمەکەشی جێهیلاوە و ئەوجا دووبارە ئەو ڕێگا پڕ مەترسیەی بڕیووە و گەڕاوەتەوە سەیر تر لەوە ئێمە هیچ نەکەوتینە شك و گومان لەو هاوڕێیە کە ڕەنگ بێت خیانەتمان لێ بکات بەڵکو دڵگران بووین بەوەی دەبوو ئێوارە لە دارەتوو خواحافیزی لێمان بکردایەو ئەو ماندووبونەی نە کێشایە، چونکە دڵنیا بووین کە لە قاموسی هاوڕێیانی ئێمە ووشەی خیانەت بوونی نیە..

## هاتنەوەمان بۆ بەستی شرغە

لەدوای ئەنفالەکان کە تەنها چەند مەفرەزەیەکی بچوك لەناوچەکە مابۆوە،من لەگەل هێزەکە چووبوومە سماقوولی دوای چەند ڕۆژێك لەسەرداوای هاوڕێ (منعم )کە ڕابەری سیاسی بەتالیۆن بوو گەڕامەوە خوارەوە و بە هەندێك بەریدەوە بۆ هاوڕێیان منیش هاوڕێ ( دکتۆر فاخیر )م دەستنیشان کرد کە هاوەڵم بیت بۆ ئەو سەفەرە پڕ مەترسیە دوی نیوەڕۆی٦/٥/١٩٨٨)بوو لە(سماقوولی گەلی) بەڕێکەوتین تەنها( ١٢) نانمان بۆ چوار ژەمی ئەو ڕۆژە و بەیانی تاکو ئێوارە ئەویش ئەگەر بەسەلامەتی بگەینە هاوڕێیان لەڕێگاش هەندێك نێرکە پیازمان کرد ئەگەر وەك پێخۆر حیسابی بۆ بکرێ چونکە

ناوچەکە بەتەواوی چۆڵ ببوو هەردەم کۆپتەر و هێزەکای ڕژێم لەسەر جادەی کۆیە . هەولێر هات چۆیان بوو وە هەموو جادەکەیان کردبوە ڕەبیەی تازە،کە پەڕینەوە بە نێوانیاندا زۆرئاستەم بوو، تەنانەت بۆکەسی شارەزاش، من شاەزاییکی تا رادەیەك باشم لە ناوچەکە و چۆنیەتی تێپەڕین لەو ناوچەیە هەبوو پشتیشم بەهاوڕێم( د.فاخیر ) قایم بوو لە ڕێگا تووشی هەندێ هاوڕێ بوین کە گوتم دەچینە خوارەوە گوتیان ئێوە شێتن بەو زروفە خوارەوەی چی بۆ هاوڕێ منعم بۆ خۆی ناچێت .....هتد بەهەر حاڵ دەمەو ئێوارە گەیشتینە نزیك جادە لای گوندی ( گۆمەتاڵ ) بەدووربین زۆر بەوردی سەیری جادە وهێزەکەی سەرجادەو شوێنی ڕەبیە تازەکانم کردوباش لێیان تێگەیشتم و چۆنیەتی و شوێنی ڕۆیشتنی خۆمانم دەست نیشان کرد و بەڕێکەوتم بۆ جادە و دکتۆریش بە مەسافەی سەد مەترێك لەدوام دەهات تاگەیشتینە نزیك جادە کە هەمووی قووەت بوو بەشێوەیەك بەینی ڕەبیە هەبوو لە پەنجا مەتر زیاتر نەبوو ، تاکە شوێنی من بەباشم زانی بۆ تێپەڕین لەو هەموو هێزە ناو کونە پردی گوندی گۆمەتال بوو شوێنێکی بێشك و گومان بوو چونکە ئاوی پیسی گوندی پێدادەڕۆی من ئەوەم بەهەل قۆستەوەو هەرچەندە زۆر تاریك بوو بە دەست کوتان لە دیواری پردەکە ڕێمان کرد،من لەپێشەوە ودکتۆر لەدوای من بەحاڵێکی ناخۆش و پڕمەترسی گەیشتینە کۆتایی پردەکە چونکە سەر پرد و نزیك پرد هەمووی هێزی جاش و عەسکەری بوو. ناچار هەر لەگەڵ ڕێڕەوی ئاوەکە ڕۆیشتین

**تا ماوەیەکی باش دوور کەوتینەوە کە ڕێرەوی ئاوەکە بەرەو دەستە ڕاست شۆر دەبۆوە ئەوە زۆری دوور خستینەوە لەڕێگای خۆمان .**

**کاتێك زانیم لە ترسی کەمین و شتی وا زۆر دوورکەوتینەوە لەڕێگا هەوڵمدا بگەڕێمەوە سەر ڕێگای خۆمان تووشی چەندهەوراز ونشێوێکی زۆر دژوارهاتین کەوتوینەتە شوێنئکی زۆر سەخت (وابزانم پێی دەڵێن حوشتر خنکێن،دیارە لەکاتی هیرشی ئیسلام بۆ ئەوە دەڤەرە چەندین حوشتری ئەوانی تێدا خنکاوە بەقسەی خەڵکی ناوچەکە)چەندین جار لەسەرکەوتن و دابەزین دەکەوتین دووبارە سەردەکەوتینەوە تەنانەت جارێك لەگەڵ کەوتن نانەکەمان کە تاکە خۆراکی ئەو ڕۆژە و بەیانیشمان بوو لەدەست دکتۆر کەوتە خوار چەند پێم گوت بڕۆ بیهێنەوە تاقەتی نەبوو بچێت دەیگوت بەوتاریکە نادۆزرێتەوە ناچارخۆم چووم و هێنامەوە و دامە دەستی.. هەستی بەشەرمەزارییەك کرد، بەهەرحاڵ گەیشتیەنەوە سەر بەرزاییەکان هەستم کرد تەرکیز ناکەم لەبەر ماندوو بوون و تاریکی شەو.. ناچار پێم باش بوو هەندێك نان بخۆین کە لە نیوەڕۆوە نانمان نەخواردبوو، هەر یەکەو یەك دوو پارووە نانێکمان بە نێرکە پیازەوە خوارد، دەبوو کەمێك بخەوین و ئیسراحەتێك بکەین،دەمەو بەیان بوو لەسەرما و لەبەرپرخەپرخ و هەناسە بڕکەی دکتۆر بە ئاگاهاتم، دیابوو دکتۆر تووشی( کابوس) هاتبوو،خەونی ناخۆشی دیبوو کە ڕەنگە پەیوەندی بەو وەزعە پڕ ترس و ماندوو بونەی خۆمان هەبووبێت، کاتێکی باش بوو هێشتا دوونیا تاریك بوو سەیری دەوروبەر و ئاسمان و ئەستێرەکانم کرد توانیم ئاراستەی خۆمان دیاری**

بکەم و بەئاراستەی مەزەندە کراو ڕۆیشتین ماوەی سەعاتێك یان زیاتر دونیا خەریك بوو ڕوناك دەبوو، پێم باش بوو هەرلەو ناوە خۆمان حەشار بدەین تاوەختی ئێوارە، شوێنێکی باش و نەدیوم دۆزیەوە بن شاخێك بوو هەم وەك حەشارگە و هەم وەك سێبەر بۆ کاتی ڕۆژهەڵاتن(هەر بۆ زانیاری کەسمان سەعاتمان لەدەست نەبوو نەمان دەزانی کات چەندە) دکتۆر خەوت من بە ئانقەست خۆم تاخیر کرد و ماوەی سەعاتێك هەستم ڕاگرت دونیا کش و مات بوو زانیم ئەوڕۆ هیچ هێرش و جولەی حکومەت بۆ ئەو ناوچە و لای ئێمە نیە منیش خەوتم خەوێکی باشمان کرد کاتێك بەئاگا هاتین دونیا تەواو گەرم ببوو وە ڕۆژ سوڕابوە لای ئێمە بەوەهەستمان کرددووای نیوەڕۆیە،هەر یەکەو یەك دوو نانمان بە ئاوخوارد بێ پێخۆر چونکە هیچمان پێنەبوو،جگە لە نان و ئاو ونێرکە پیاز دکتۆر پارچەیەك کەپسولی (مولتی ڤیتامین) ی پێبوو سەر و دەنکێکمان لێی خارد بۆ پڕکردنەوەی کەمی ڤیتامین لەجیاتی پێخۆر، بەو حاڵەماینەوە تاکو دەوروبەری عەسر،ئیدی کاتی جولە هاتووە، هەستاین بەڕکەوتین بۆئاراستەی مەزەندەکراو بەبڕوام لە ناو زوور گەکانی پشتی گوندی( بانە قەڵات) ین دەبێت بە ئاراستەی بەستی شرغە بڕۆین بۆ دیتنەوەی هاوڕێیان ماوەی سەعاتێك یان زیاتر ڕۆیشتین ، ڕێك گەیشتینە سەر بەستی شرغە بەڵام کەمێك لەخوار گوندی بانەقەڵات واتە کەمێك لەخوارتر لەو شوێنەی مەزەندەم کردبوو،ئیتر دابەزینە ناو بەست( بێگومان بەسی شرغە لە بەهاران شوێنێکی هەتا بڵێی دڵگیرە)و بەخێرایی پەڕینەوە بە ئاراستەی ڕۆژئاوا سەرکەوتین بۆ ئەو

بانیەی دەڕوانێتە گوندی( ئاخوڕە )کە بانیەکی تا ڕادەیەك فراوانە بە شێوەیەك جێگای تۆوکردنی گەنم و جۆی زۆری هەیە ، لەو گۆراییەی سەربەست تێپەڕین و شۆڕ بوینەوە بۆ بەستی گوندی( ئاخوڕە ) هەر لەدوورەوە کەسێکمان بینی خەریکی کاری شینایی بوو زانیمان کە خەڵکی گوندە ، چوینە لای وابزانم (محمدی مام قادری ئاخوڕە)بووکە دواتر بەدەستی تاقمەکەی( سلاح شینە )شەهیدکرا، دەنگو باسی ناوچەکە و هاوڕێیانمان وەرگرت و گوتی ماڵی(مام قادر تەها) لەگوندی( بەردبڕ) ماون، ئیتر ئەوە بۆ ئێمە بەس بوو چونکە ئەوان هەرە دڵسۆزی ئێمەبوون و بێشك ئێستا خەبەری هاوڕێیان دەزانن،کە زیکەی دوو سەعاتە ڕێگا دەبێت ، بەڕێکەوتین بۆ ئەوێ لەڕێگا لەناو شاخەکانی بەری دەستە چەپی بەستی خوار ئاخڕە هەستمان بە بوونی جوولەی هەندێ کەس کرد وەك ئەوەی لەکەمین بن لەناو شاخەکان سەرەدیقەیان بوو ئێمە لە بەری دەستە راست بووین گوتمە دکتۆر تۆ لەسەر بەرزاییەکەی لێواری بەست ئامادەبە من لێیان نزیك دەکەومەوە بزانم کێن چی دەکەن لێرە ، کەزانیان لێیان بەحەزەرین دیاربوو لەناوخۆیان هەندێك دووان و یەکیان هاتە دەرەوە و هاواری کرد( کاکە ئێمە عەشایەرین وشارەزا نین تکایە یارمەتیمان بدەن ) لەشێوەزاری هەستم کرد خەڵکی دەوروبەری کەرکوك بن گوتم باشە وەرنە دەرەوە ئێمە پێشمەرگەین هەموو هاتنە دەرەوە نزیکەی ( ١٥) کەس دەبوون دیاربوو عەشایری ئەو بەر بوون هاتبوون بۆ ئەوەی بچنە دۆڵی سماقووڵی پێمانگوتن لەوێ بڕۆن بۆ ئەوێ بەگشتی ڕێنماییەکی باشمان کردن و خوا

حافیزیمان لەیەك كرد، ئێمە شۆڕ بوینەوە بەرەو گوندی( بەردبڕ ) بۆ لای ماڵی مام( قادر تەها ) لەگەڵ ڕۆژ ئاوابوون گەیشتینە ئەوێ ، مام قادر و پلكە لەعلی و ماڵ و منداڵی مابوونەوە دەتوانم بڵێم تاكە ماڵ بوون لە تەواوی بەستی شرغە بەو هەموو زەحمەتی و ترس و ناخۆشیە لە خزمەتی پێشمەرگە دابوون لە ئەشكەفتەكانی پشت بەردبڕ كە وەك پەناگە و بارەگای نهێنی پێشمەرگەكانی ئێمە بوو ،دوای گەیشتنمان یەكسەر نانیان بۆ داناین ( نیسك ) بوو ئێمە زۆر برسی بووین تێر نیسكی دەستی ( پلكە لەعلی ) میهرەبانمان خوارد و چایە هات كە لە دوێنێ نیوەڕۆوە تامی چامان نەكردبوو ، چای دەستی پلكە لەعلی دوای تێرخواردن و جگەرە كێشان هەر لێی تێر نەدەبووین بەتایبەت دوای دیداری مام قادر و پلكە لەعلی و خەبەری هاوڕێیان هەر باس ناكرێ چەند بۆ ئێمە خۆش بوو بەتایبەت كە گوتیان لە ئێستا بە دواوە بە دیار دەكەون ، دای ماوەیەكی كورت لایتێك بەدیار كەوت مام قادر گوتی ئەوە ئەوانن وا هاتن ، سەیارەكە تادەهات نزیك دەكەوتەوە بەڵێ ئەوان بوون هاوڕێ هەژار و چەند برادەرێكی دیكە كە ناویانم لەیاد نەماوە ، ئیتر یەكمان گرتەوە و ئەو بەریدەی هینابووم تەسلیمم كرد و ئەركی من تەواو بوو هەردووكمان من و دكتۆر فاخیر بووینە دووكەسی دیكەی ئەو مەفرەزەیە و لەگەڵیان چوینە بارەگا نهێنیەكەی دروستیان كردبوو لە هەرەتەكانی پشتی گوندی ئاخوڕە وابزانم ناوچەكە ناوی ( كفرە دۆڵ ) بوو. كە شوێنێكی تارادەیەك ئەمین و هەموو پێداویستی لێبوو لە پێخەف و خواردن و قاپ و قاچاخ و تەنانەت مەنجەڵ و پێویستی

خۆ شۆرین کە ئەو شتانەم دیت بڕیارم دا بەیانی ئەگەر کۆپتەر و قوەت نەیەت خۆم بشۆم تا شەو درەنگ دانیشتین و قسەو باسمان بۆ یەکتر کرد و دوایی خەوتین ......

**دڵسۆزی جەماوەر زامنی سەرکەوتنی پێشمەرگە بوو**

لە هاوینی(١٩٨٨)هەر لە سەر وبەری ئەنفالەکان و لەو کاتەی سەری پێشمەرگە باشترین و بەنرخترین دیاری بوو لەلایەن کەسانی نەفس نزم و بوودەڵە بۆ سەرانی ڕژێمی بەعسی لە ناوچوو ، ئێمە( ١- کاوە چاوشین ٢- چەتۆ ٣- د. فاخیر ٤- بروسك ٥- خولە گچکە ) تاکە مەفرەزەی بەتالیۆنی پێنجی(حشع) بووین لە ناوچەکە مابووینەوە کە دەبوو ڕۆژانە بۆ پەیداکردنی خۆراك و بەنزین و پێداویستی تر لە ناوچەی بەستی شرغەوە دابەزینە نزیك شار و لە دەواجنەکان یان کۆمەڵگا زۆرەملێکان یان ئەو یەکدوو گوندەی مابوون .

یەك لەوڕۆژانە دەبوو بچینە دەواجنەکانی گردەڕەشە بۆلای دۆستی دڵسۆز کاك(عومەر بچکۆڵ) کە زۆر جار بەهاوکاری خاوەن دەواجنەکە پێویستیەکانیان بۆ دابین دەکردین .

دەمەو ئێوارە بەڕێکەوتین بەرو شوێنی مەبەست دوای خۆر ئاوابون گەیشتینە زوورگەکانی سەرو گوندی باغەمرە نەرمە هەر لەوێرا زانیمان کەمین لەسەر ڕێگای ئێمە هەیە بەهۆی ئەو گلۆپە سەوزەی کە کاك ( عومەر بچکۆڵ ) وەك ئیشارەتی بوونی کەمین بۆی دانابووین بە قەدی دیواری دەواجنەکەوە ( دەبێ لێرەوە بڵێم کە لە زۆر شوێنی دیکە ئیشارەتی وامان

بۆ دانرابوو وەك دەواجنەكانی باغەمرە لەلایەن مالی مام حاجی عەلی و خزمەكانی وە دەواجنەكای مورتكەماڵی عبدالقادری حاجی عەبۆ وە هەندێك ماڵی لاپەڕگەی بنەسراوە و تەنانەت لە هەندێك ڕەبیەی جاشیش ئیشارەتمان هەبوو ) بە دیتنی گلۆپە سەوزەكە ناچار بووین ڕێگۆركێ بكەین و بەرەو دەواجنەكانی خوارەوە ڕۆیشتین و لە دوورەوە سەیارەكەمان ڕاگرت و چووینە ناو دەواجنەكان و نانێكی بەپەلەمان خوارد و ڕامان سپاردن كە هەندێك خواردنمان بۆ ئامادە بكەن لەگەڵ خۆمان بیبەینەوە ، بەرەو دەواجنی كاك( بچكۆل) چوین چونكە هەر دەبوو بچینە ئەوێ لەبەر ئەوەی بەنزین و هەندێ داوو دەرمانیشمان لە ڕێخستنەكانی شارەوە بۆ هاتووە ئیتر من و هاوڕێ كاوە لەپێش هاوڕێیان بە ناو دەواجنەكان و بەوریاییەوە بەرەو شوێنی مەبەست ڕۆیشتین تا گەیشتینە نزیك ماڵی كاك عومەر كەمێك هەستمان ڕاگرت و دواتر بەردێكم هاویشتە ناو حەوشەكەیان كاك بچكۆڵ هاتە دەرەوە و كە ئێمەی دیت بە چپەوە گوتی ئیشارەتەكەتان نەدیوە ؟؟ ( بەدەستی ئیشارەتی ئەو دیوی خانووەكەی كرد )و گوتی كەمین هەیە ، دیارە نێوانمان تەنها خانووەكە بوو من گوتم دەزانین و ئیشارەتەكەمان لە دوورەوە بینیوە بەڵام هەر دەبێت شتەكان ببەین ، ئیتر خۆی و براكانی شتەكانیان بۆ هینانینە دەرەوە و لێمان وەرگرتن و ئەو گوتی كاتی دەنگی سەیارەكەتان هات جاشەكان كەوتنە خۆ ئامادەكردن و یەكتریان ئاگادار دەكردەوە خۆشیان بوو لە هاتنتان و دەیانگوت هاتن هاتن ئامادەبن ، بەهەر حاڵ شتەكانمان وەرگرت و بەر لەوەی بڕۆین من گوتم دەمەوێ كەمینەكە

ببینم و بە وریایی چوینە حەوشەکەیان و لەسەر دیواری حەوشە تەماشام کرد کەمینەکە ژمارەیان ( ١٥ ) کەسێك دەبوو کە چۆن بۆ لێدانی ئێمە لەناو خەتە جووتی شینایی خۆیان مەڵاس داوە بێئاگا لەوەی بەهۆی گلۆپە سەوزەکەی سەر سەریان و دڵسۆزی دۆستانمان ئێمە لە هەموو شت ئاگادارین و ئێستا لە پشت ئەوان بەسەلامەتی هاتوین و تەماشایان دەکەین ئەگەر لەبەر تێکچونیماڵەکە نەبێت دەتوانین یەکە یەکە ئەو خەتە جۆتانەیان بۆ بکەین بە گۆڕستان ، بەهەر حاڵ شتەکانمان وەرگرت و من و هاوڕێ کاوە لە پێشەوە و هاوڕێیانیش لەدوامان گەڕاینەوە بۆ ئەو ماڵەی ڕامان سپاردبوو خواردنمان بۆ ئامادە بکات دیار بوو دە دوازدە مریشکیان بۆ حازر کردبووین ، ئەوانیشمان هینا و ڕۆیشتین بۆلای سەیارەکەمان و لەوێش ماوەیەك بە پێیان لەپێش سەیارەکە ڕۆیشتین تا لە ترس دەرچوین ئەوجا ئێمەش سواری سەیارەکە بووین بەرەو بەستی شرغە بەسەلامەتی و بەدەست و دیاریەوە تێمان تەقاند وەختی بەیانی گەیشتینەوە حەشارگەکەمان کە لای ماڵی(مام قادرتەها و پلکە لەعلی) بوو شتەکانمان دانا و یەکسەر نوستین چونکە زۆر ماندوو بووین کاتی نیوەڕۆ بوو کە من لە خەو هەستام خواردن لایەن ( پلکە لەعلی و ناهیدە خانی کچی ) ئامادە کرابوو کە خواردنێکی زۆر باش و پوختە بوو ، چەند هاوڕێیەکی کادریش لەوێ بوون لەو خواردنە بەشدار بوون و لە بیرمە کە چۆن و چەند شارەزایانە وەستایانە ڕانی مریشکیان بادەدا و ئەو سینگە مریشکە پانانەیان لوول دەدا کە ئێمە بەو مابدوو بوون و مەترسیە زۆرە پەیدامان کردبوو ڕێك ئەو

پەندە کوردیەم بیر کەوتەوە کە دەڵێ ( گا دەیکات و کەر دەیخوات ) دیار بوو زۆر وەستا بوون لە خواردن .ئەو ڕۆژە ئێمە نیازمان نەبوو بچینە خوارەوە چونکە هیچ کارمان نەبوو بەڵام ئەو بەڕێزانە( کادیرەکان )دیاربوو دەیانویست بچنەوە بۆ شار و دەورو بەری شار کە بێگومان ( بۆئەوان ) خۆشتر و ئیسراحەت تر بوو دەبوو ئێمەش بیانگەیەنینە شوێنی مەبەست ناچار ئەو ئێوارەیەش بەهەمان شێوە و ماندوو بوون هاتینە دەواجنەکانی باغەمرە بۆ ئەوەی لەوێوە بۆخۆیان لە جادە بپەڕنەوە وبچنە ئەو شوێنەی خۆیان مەبەستیانە،سەیر لەوە بوو ئەو ( زەلامە گەورانە) زاتیان نەکرد لە جادە بپەرنەوە داوایان لە ئێمە کرد بە پێشیان بکەوین بەڕاستی من بە ئانقەست نەچوم هاوڕێ کاوە بەتەنیا بە پێش چوار زەلام کەوت و لە جادەی پەڕاندنەوە

## دەرباز بوون لە داوی دوو تاقمی خۆفرۆش

لە نیوەی دووەمی مانگی شەشی( ١٩٨٨ )هەر لەسەروبەندی ئەنفالەکان و تسلیم بوونەوەی هەندێ کەس و تاقم و شەهید کردنی پێشمەرگە وەك دیاری بۆ ڕژێم و گەڕان و سوڕانی جاش و مەفرەزە خاسە و مەفرەزەکای ئەمن بۆ زەبر وەشاندن لەو مەفرەزە بجوکانەی پێشمەرگە کە لە ناوچەکەمابوونەوە،ئێمە تاکە مەفرەزەی(حشع) بووین لەناوچوکە مابووینەوە ژمارەمان(پێنج) کەس بوو،ئەوانیش ١- کاوە چاوشین ٢- چەتۆ ٣- د. فاخیر ٤- بروسك ٥- خولەی گچکە جکە لە کادرەکان کە جیا بوون لە ئێمە .

بیستمان( هاوڕێ ئارام کادری ڕێخستن )بەربووە کەماوەیەك پێشتر لە ناوشاری هەولێر گیرابوو، دەبوو ببینم چونکە جگە لەحیزبایەتی خزمیش بووین ناچار بڕیارماندا بچینە(مجمعی دارەتوو) کە ماڵیان لەوێ بوو، هەم بۆ دیتنی ئەو هەم بۆ پەیداکردنی بەنزین و خۆراك بۆخۆمان ، زیاتر لە سەعاتێك دوای ڕۆژ ئاوابوون گەیشتینە نزیك ( دارەتوو ) دەبوو لە دووری ماڵان سەیارە ڕابگرین بە پێیان و بەشێوەیەکی نیمچە نهێنی بجینە ناو موجەمەع سەرەتا بۆ نان خواردن چوینە ماڵان من و خولە جوینە ماڵی ( پلکە عەزیمە دایکی وا بزانم ( جاسم و مامر ) ە ( دەوڵەت ) یش کە ئامر مەفرەزەیەکی ( ی ن ك ) هاتە ئەو ماڵە و بەیەکەوە ئەو ( ساوار بە گۆشت ) ەمان خوارد کە بۆ ئێمە حازر کرابوو زۆر باس وخواسمان لەگەڵ یەك کرد هەستم کرد پرسیارەکانی ( دەوڵەت ) ئاسایی نەبوون بەڵام من بە ئاسایی وەڵامم دەدایەوە بەهەر حاڵ دوای نان خواردن دەرچووین و لەگەڵ هاڕی کاوەو ئەوان یەکمان گرتەوە و خولەش چوە لای ئەوان و ڕۆیشتن بۆ پەیداکردنی پێویستیەکان و منیش هەر بۆ پاراستنی نهێنی بەتەنها چوومە لای ( هاڕێ ئارام ) بۆ بەخێر هاتنەوە و وەرگرتنی هەر زانیاریەکی لای هەبێت ، دووای سەعات دەی شەو بوو ماوەی سەعاتێك لای مامەوە هەرجی خەبەر و باسی زیندان و ئەمن کەلای بوو بە زارەکی وەرمگرت و خزمێکیش لەوێ بوو دەنگ و باسی ماڵەوەشم وەرگرت و هەستام ، بێگومان کاتەکەی مانگە شەو زۆر ڕۆناك بوو مانگ لە چواردە بوو هەر بەرامبەر ماڵی ئەوان هەندێك کەندوکۆسپ هەبوو کە ئێستا شوێنەکە کراوە بە مزگەوت ، من

ویستم ڕێك بۆ لای سەرەوە بڕۆم کە شوێنی مەوعیدمان بوو بۆ گەڕانەوە چەند هەنگاوەێك ڕۆیشتم گویٚ بیستی دەنگێك بووم وەك خڕەی مەخزەنی حەفتاو پێنجی بوو خۆم دایە پەنای عاموودی کارەبای سەری کۆلآنەکە و بە دووربین سەیرم کرد هەندێك تارمایی وەك سەری نەفەر لە ناو کەند و کۆسپەکە دیار بوو زانیم کەمینە یەکسەر لامدا کۆلآنەکان و بەرەو لای هاوڕێیان چومەوە ، دیتم هەموو لەوێن هاوڕێیانی ئێمە و مەفرەزەیکی پارتی بەسەرپەرشتی (شوانەشەل) ودەستەکەی (دەوڵەت) شپرزەی یان پێوە دیار (ئەوە جەماعەتی دەوڵەت)هاوڕیٚ کاوە کە منی دیت جیای کردمەوەو گوتی لە ناو ئەو ڕەبیەی سەر ڕێگامان کەمین هەیە، دیارە تاقمەکەی( سلاح شینە )ەن ( دەوڵەت و تاقمەکەشی) دەڵێن پێویستە لێیان بدەین و ڕەبیەکە بگرین، من ئەو کارە بەباش نازانم ڕای تۆ چیە ؟؟؟ منیش باسی کەمینەکی لای ماڵی ئارامم کرد، شتێك حەزدەکەم دووبارەی بکەمەوە(هۆکاری سەرەکی مانەوەی ئەو مەفرەزەی ئێمە لەناو ئەو هەموو تەڵەو داوە تەنسیق و هاوکاری من و هاوڕیٚ کاوە بوو ئەو هەرچەندە بەرپرسی مەفرەزەکە بوو بەلآم قەت بیٚ پرسی من هیچی نەدەکرد و منیش ئەو پەڕی هاوکاریم دەکرد وەك دوو هاوڕێی دڵسۆزی یەکتر بووین) بەدووربین تەماشای ڕەبیەکەم کرد هەر زۆربە روونی دیاربوو کەمینێکی مەحکەم و ئامادەیە تەنانەت سەیارەکەشیانم ناسی لاندکرۆزەرەکەی شەهیدکرمانج بوو کە دوای شەهیدبوونی کەووتبوە دەست(سلاح شینە)لەوکاتە (شوانەی پارتی) هاتە لامان کە سیقەی زۆر بە ئێمە هەبوو

گوتی (هەڤاڵ چەتۆ چی بکەین باشە؟ تۆ چۆن ئەمر لەسەر پێشەرگەکانی خۆتان دەکەی ئەوهاش ئەمر لەسەر ئێمە بکە، وەك پێشمەرگەی خۆتین، ئێمە سیقەی تەواومان بە ئێوە هەیە، بەڵام بە وانە نا، دەستی بۆ دەوڵەت و ئەوان درێژ کرد) ئەو قسەیە شتێکی باش بوو بۆ هەردوولامان، گوتم باشە خەمتان نەبیت، ئێستا عیلاجی دەکەم،چوینەوە ناو پێشمەرگەکان، دیاربوو جەماعەتی دەوڵەت خۆیان گیڤ دەکردەوە، بە تایبەت کەسێکیان ئێستاش ماوە بە ناوی(ق،س) ئاربیجی لەسەر شانی دانابوو کلاشینکۆڤ بەشانەکەی دیکە و خۆی هەڵکردبوو دەیگوت ( چۆن دەبێت پێشمەرگە لەبەر جاش ڕێگۆڕکی بکات ؟ دەبێت بەزەبری ئار بی جی لێرەوە بڕۆین ( وەك گوتم مانگ لە چواردەیە ) دەوڵەت و ئەوانی دیکەش بەهەمان شێوە ، گوتم کاکە ئێمە لێرەوە ناڕۆین ئەگەر ئێوەش ئەوەندە ئازان بۆ وەستاون فەرموون ئەوە مەیدان ڕەبیەکە بگرن ئێمەش لە دواتان دێین ئەگەر نا من چیم گوت دەبێت وا بکەن، ئێمە شارەزایی باشمان هەیە و دەتوانین ئێوەش دەرباز بکەین بەبێ زیان بەڵام بەمەرجێك دەبێت بەر ئەمری ئێمەبن چیتان پێدەڵێین وا بکەن سەرەتا هەندێك نارەزایەتیان نیشاندا و بە تایبەت(ق،س) من دڵنیا بووم ئەوان تەنسیقیان لەگەڵ( سلاح شینە) کردبوو، بۆ ئەوەی بەهەردوولایان ئێمە بخەنەنە ناو داوەکە) ئیدی من هەندێك خۆم تووڕەکرد و دووبارە گوتم ئەوەی هێرش بۆرەبیە دەکات کەس دەستی نەگرتووە ئەوەی دەیەوێ دەرباز بیت ئەوە با بێ مناقشە لەگەڵ ئێمە بێت،ئیدی شوانەو جەماعەتەکەی هاتنە لای ئێمە، دیار بوو ئەوانیش ناچار بوو ئەو

بڕیارە بدەن، وەك دەڵێی کەوتنە بەر ئەمری ئێمە ، ئیتر ڕۆیشتین بەرەو خوار و بۆ ناو موجەمەع تاگەیشتینە ئەو ڕێگایەی دەمانویست بە نزیکەی کیلۆ مەترێك لە شوێنەکە دوور کەوتینەوە لەکۆڵانێك وەستاین و گوتم لێرە دەر دەردەچین ئەوان( دەولەت و...) پرسیاریان کرد ئێرە بۆ کێ دەردەچیت چونکە سەیارەمان زۆر لەسەرەوەیە من گوتم هەقتان نەبیت با دەرچین سەیارە دۆزینەوە ئاسانە، هەموو پێشمەرگەکانم کردە سێ بەش ١-من و هاوڕێ کاوە لەگەڵ شوانە وە دەوڵەت و ئەوی دیکە واتە پێنج کەس لە پێشەوە دەڕۆین، هەتا دەردەچین، پێشمەرگەکانی دیکەش بۆ دوو گروپ لە هەردوو بەری کۆڵانەکە چاودێری ئێمە دەکەن و هەر لایە و(ئار.بی.جی)یەکی لابوو،ئەگەر تەقە لە ئێمەکرا ئەوان بەرپەرچی تەقەکە بدەنەوە تائێمە دەگەینە ئەو بەرزاییەی ئەو بەر لەوێ ئێمە ئەوان وەردەگرینەوە،ئیدی بەو شێوەیە جوولەمان کرد ئێمە ئەو پێنج کەسە لە پێشەوەو ڕۆیشتین لەڕێگا بەهۆی هەڵەیەکی بچوکی هەڤاڵ شوانەی پارتی خەریك بوو پلانەکە تێك بچێ بەڵام زوو چارەم کرد و گەیشتینە شوێنی دیارکراو سەیرم کرد ( دەوڵەت و کەسەکەی دیکە ) دیار نین دانیشتم سەیری دەوروبەرم کرد بینیم دوو کەس لەپشت ئێمە جوولە جوولیانە بە شوێنێکی نەدیووو لێیان سوڕامەوەو گەیشتمە سەریان دەبینم ئەو دووکەسەن وەك ئەوەی بیانەوێ ئەگەر شتێك بوو لە دوورەوە لێمان بدەن یەکسەر تفەنگم لەسەر سەریان ڕاگرت و وەك ئەمر پێکردن گوتم نەجولێن..! ئەوە نیازی چیتانە و هەندێك قسەی ناشیرنم پێگوتن، بەڵام ئەوان نەوێران

هیچ قسە بکەن، من هەر بە سەر سەریانەوە بووم تا هەموو جەماعەت هاتن، گوتم دەی هەستن بۆ لای سەیارەکەتان، دیار بوو هەوڵیان دەدا ئێمەش لەگەڵیان بچین بۆ ئەوێ بەهەنجەتی ئەوەی گوایا لێرەوە سەیارەکە نادۆزنەوە بەڵام من گوتم دەی دێم لەگەڵتان بەڵام ئێوە پێشکەون بەرەو ئەو لایە، سەیارەکەتان لەوێیە، ئەوان ڕۆیشتن و منیش لە دوایان..شوانەش هات لەگەڵم تا نزیك سەیارەکەیان چوین ، لەوێ دەوڵەت گوتی ئێمە دەچینە بەرەو لای(گوندی سێگردکان) ئێوەش وەرنەئەوێ زۆرئەمینە، گوتم باشە بڕۆن، وائێمەش لە داوتان دێین،من وشوانە گەیشتینەوە لای هاورێیان و بەشوانەم گووت: من چیم کرد تۆش وابکە، سەرەتا بەلایتەوە لە دوای ئەوان ڕۆیشتین، تامەسافەیەك، دوایی لایتەکانمان کوژاندەوە، ئاراستەی خۆمان گۆڕی بۆ ئەو لایەی خۆمان نیازمان بوو شوانە و ئەوانیش بەهەمان شێوە لەدوای ئێمە هاتن،من شکم هەبوو، ئەو شوێنەی کە(دەوڵەت) باسی کرد بچینە ئەوێ تەئمینە، هەر بە ئیتیفاق لەگەڵ ئەوان دیاری کرا بێت، دەنا کەس شوێنی خۆی بەکەس نەدەگوت، بەهەر حاڵ ئێمە ڕۆیشتین بۆ لای(گوندی ڕەسول بچکۆڵ) برادەرانی پارتیش زیاتر بۆ قولایی بەستی شرغە ڕۆیشتن ، ئێمە ئەو ڕۆژە بەتەواوی لە ناو گوندی رەسول بچکۆل ماینەوە چونکە هەر لە بەیانی زووەوە کۆپتەر هات و تا دوای نیوەڕۆ هەر تەقەیان دەکرد بەڵام لای ئێمە نەبوو بەڵکو لای دەوزێ بوو ، بۆ ئێوارە کە هاتینەوە موجومەع بیستمان کە قوەت بۆلای سێگردکان دەرچووە و (

دەوڵەت و جەماعەتەکەشی ) لەولا بوون وەك چۆن مەزەندەمان کردبوو وادەرچوو

## چۆنیەتی شەهید کردنی هاوڕێ کانەبی ومەلا ئاشتی

دای ئەوەی چوینەوە بەستی شرغە شەوماینەوە مەفرەزەیەك لە برادەرانی گەرمیان بەسەر پەرشتی هاوڕێ هیوا ڕەش هاتبونەبەستی شرغە و یەکمان گرت و شەو بەیەکەوە ماینەوە بۆ ڕۆژەکەی کۆپتەر بەردەوام لەسەر ناوچەکە دەسوڕایەوە تا ئێوارە بەو شێوە ماینەوە دیاربوو بڕیار درا جەماعەتی یەکێتی ببینین و ئەو مەسەلەیە یەکلا بەکەینەوە ئایا ئەوتاقمە لەگەڵ ئەوانن یان نا چونکە ئێمە بەنیازی تۆڵەین، بۆ ئێوارە بەچەند سەیارەیەك لەڕێگای سەرمەزرا / ڕوولکە بۆ نەبی اللە و کانی بزە چوین لە ڕێگا لەناو بەستی پشت روولکە کەروێشکێك لە پێشمان هەستا من تەقەم لێکرد و کوشتم زۆر گەورەبوو سەرەتا وام زانی مامزە ، سەرمانبڕی و ڕۆیشتین ، لە فلکەی کانی بزرە هەموو جەماعەتی یەکێتی لەوێ بوون مامۆستا تەحسین کەریم وەك کەسی یەکەم قسەی لەگەڵ کردین و گوتی ئەوانە هیچ پەیوەندیان بە یەکێتی نەماوە هەرچی لەگەڵیان دەکەن بیکەن لەوێ زۆر شت باس کرا گرنگەکە ئەوە بوو برادەران گوتیان ئێمە لێدانی ئەوانە دەبێتە کاری ئەمشەومان لەو کاتە من تێبینی ئەوەم کرد دوو بەرپرسی یەکێتی ئاسایی نین کە یەکیان ئێستاش ماوە و پلی بەرزیشی هەیە و بەبەر چاوی ئێمە خۆیان ئامادە کرد بۆ پەڕینەوە بۆ ئەو ناوچەی ئەو تاقمە لێی بوون، چوون بۆ ئەوێ تەنها بۆ دووشت بوو یان لێدانیان یان خەبەر پێدان و یارمەتیدانیان کەمن دڵنیا بووم دەچن دەیان بینن و ئەو خەبەرەیان دەدەنێ کە ئێمە نیازمان چیە و وە

بەئاشکرا یەکیان ووتی ئێمە هەندێ کارمان هەیە لەو بەر ئاگاتان لێمان بێت ، من دڵنیا بووم ئەو خەبەری تۆڵە کردنەوەی ئێمە بگاتە ئەو جەماعەتە یەکسەر دەچنەوە شار و لەو دەشتە نامێنن چونکە ئەوان پیاوی ڕووبەڕوو نەبوون هەر وەك سەگی پاشدڕ لەدواوەو بەحیزی دەست دەوەشێنن بەهەر حاڵ ڕۆیشتین بەرەو مورتکە لە ڕێگا من پێشنیارم بۆ هاوڕێ کاوە کرد باشتر وایە من لەکەڵ هاوڕێیەك بەپێیان بچمە لای دوگردکان و لە وەزعەکان بگەم و سبەی شەو هەر بەپێیان دەگەڕێمەوە چونکە من سوڕدەزانم ئەو دووانە دەستیان لەگەڵ ئەو تاقمە هەیە و هیچ دوور نیە ئەمشەو تەنسیقیان لەگەڵ بکەن بۆ لێدانی ئێمە ، هاوڕێ کاوە پێشنیارەکەی پێباش بوو ، گەیشتینە موورتکە دونیا تەواو تاریك پێشنیارەکەی منی بۆ هاوڕێیان باس کرد دیابوو ئەوانیش پێیان باش بوو هاوڕێ زیوەریان دیارکرد لەگەڵم بێت و بۆ سبەی شەو لە مورتکە"یەك بگرینەوە ، ئێمە ڕۆیشتین بۆ دووگردکان نزیکەی چوارسەعات دەبێت بە پێیان و هەمووی بەلاڕێدا ڕۆیشتین زۆر نا خۆش بوو دڕك و داڵ لە چۆکی پیاو بوو ئازاری زۆر بە سوێ بوو ، بەهەرحاڵ دەمەو بەیان گەیشتینە لای هاوڕێ سالار لە ماڵی خۆیان بوو بەتەنیا نانیان بۆ حازر کردین ئیسراحەتێکمان کرد و هاوڕێ سالار پێشنیاری کرد با لەماڵ دەرچین و لەناو شینایی و پەرێز تا ئێوارە خۆمان بشارینەوەمن گوتم پێویست ناکات ئێستا ئەو دووانە تەواوی خەبەرەکەیان پێداون و ئێستا نەڕۆیشتبێتنەوە بێشك لەگەڵ ڕۆژهەلات دەڕۆنەوە شار ، کەمێك خەوتین ، دەوری سەعات حەفت و نیو خزمێکی سالار هات وابزانم ناوی ناسیح بوو گووتی تازە لە قووشتەپە بووم ئەو جەماعەتە هەموویان

هاتنەوە و ناو حکومەت و لەلایەن ئەمنی قووشتەپە پێشوازی کران دوواتر زانیمان یەك لەو دووانەی باسم کرد شەو لە دەواجنەکانی نزیك قووشتەپە ئەوانی بینیووە دووای ماوەیەك خۆی پێشمەرگەیەکی بریندار ی یەکێتی شەهید کرد و تەسلیم بۆوە ، تا ئێوارە لەوێ ماینەوە دیسان بەپێیان من و سالار و زیوەر گەڕاینەوە مورتکە و هەوو دەنگ و باس و خەبەرمان بۆبردنەوە تەنها خەبەری هاوڕێ کانەی مەلائاشتی نەبێت کە بزربوون لێمان و هیچ خەبەرمان نەزانین کەسیش نەیدیبوو ماوەی شەش حەوت ڕۆژ دەبوو ، بەهەر حاڵ ئێمە و هاوڕێیان یەکمان گرتەوە بەسەلامەتی و گەڕاینەوە بۆ بەستی شرغە لە ڕێگا لە نێوان مورتکە و سەردەشت تووشی مامزێك هاتین بەماندبوونێکی زۆر راوم کرد و سەربڕاو بردمانەوە بەستی شرغە شایانی باسە دیسان هاوڕێ هیوارەش و ئەوان لەگەڵمان بوون چووینە ناو هەرەت و لولەکانی پشتی میرکە کە شوێنێکی قایم بوو کەگەیشتین ڕۆژ هەڵاتبوو هەندێك برادەرمان لەڕۆژی پێشترەوە لەوێبوون خەریکی حازرکردنی نانی بەیانی بوون نانمان خواردوو ئێمەی ماندووی شەو خەوتین و ئەوانیش حراسەت و ئاگاداری و نان ئامادەکردنیان کەوتە ئەستۆ ، کاتی نیوەڕۆ لەگەڵ دەنگی کۆپتەر بەخەبەر هاتین زۆر جێی ترس نەبوو چونکە جێگاکە قایم بوو من هەرچۆن راکشابووم هەرخۆشم نەجولاند هاوڕێ زیوەر هەر بۆگاڵتە گوتی دەهەستە خۆت بشارەوە بەقەد کەرتە چیایەکی کەشفمان دەکەی هەر دەڵێی خدری مامی ، دیارە خدری مامی هەندێك تەمبەڵ و خەوخۆش بوەو زۆر حەزی لە راکشان بووە ، دوای ئەوە"نانمان خوارد و خۆمان ئامادە کرد بۆ ئەوەی بێینە دەواجنکانی باغەمرە بۆ ئەوەی داو

دەرمان و خۆراك ببەین كە هاوڕێیان ئێوارەی پێشترایان سپاردبوو هاتینە ئەویّ شتەكانمان وەرگرت وابزانم لای ماڵی مام حاجی عەلی باغەمرە بوو لەگەڵ هەندیّ بەنزین و چوینە زۆر شوێن بۆ پرساری هاوڕیّ كانەبی و مەلا ئاشتی هەرهیچمان دیست نەكەوت تەنها ئەوە نەبێت نازانم كێبوو گوتی بەر لە چەند ڕۆژێك لە لای قوڵتەپە لەگەڵ ئەو جەماعەتە بینراون ، بەهەرحاڵ ئێمە ڕۆژانە بەناچاری دەبوو یان بێینە دەواجنەكانی گردەرەشە و باغەمرە یان دەبوو بچینە موجەمەعەكان بۆ پەیداكردنی نان و دەرمان و بەنزین جاری واهەبوو بەزەبری تەقە خۆمان دەكردە ئەو شوێنانە و هەر بەزەبری تەقەش شتەكانمان دەهێنا و دەگەڕاینەوە بۆ نمونە ئێوارەیەكیان پێنج جار توشی تەقەهاتین تا ئەو شتانەمان دەست كەوت چونكە بریندارمان پێبوو هەردەبوو پێویستیەكانی ئەو پەیداكەین ، ووردە ووردە تا دەهات لەگەڵ وەزعەكە راهاتین بەجۆرێك نەدەبوو تفەنگەكانمان لەسەرپیّ نەبیت وای لێهات بوو مەخزەنە حەفتاوپێنجیەكان ببوونە حەفتاو شەش چونكە هەردەم لەسەر پێبوو ئەوەمان باش بوو فیشەك و گولەی ئاڕ بی گی مان زۆر پێبوو وەلە یادمان نەچی لە دەواجنەكان و موجەمەعیش خەڵكی دڵسۆزمان زۆر بوو باشترین هاوكاریان دەكردین و ئیشارەتیان بۆ دانابووین هەر لەدوورەوە هەستمان بەخەتەر دەكرد وەك دەواجنەكانی باغەمرە ماڵی مام حاجی عەلی و خزمەكانی دەواجنەكانی گردەڕەشە ماڵی عمرە بچكۆڵ هەرچەندە خۆی برایەكانی لەو تەمەنە نەبوون بەڵام ئەو پەڕی هاوكاریان دەكردین لە دابین كردنی پێداویستی دەرمان و خواردن و بەنزین و ئیشارەتی كەشف كردنی كەمین كە هەر لە دوورەوە گلۆپە كەسكەكەی بنمیچی دەواجنی عومەرە

بچکۆڵی بە هەیکەل و تەمەن بچوك و بەناوەرۆك گەورەمان دەدیت دەمانزانی خەتەر هەیە و ئەگەر گلۆپی کەسکیش دانەگیرسابایە ئەوە بۆ ئێمە شامی شەریف بوو ، وە دەواجنەکانی عبدالقادری مورتکە و چەندانی دیکەش بەهەمان شێوە لەو ماوەیە تاکو دکتۆر و هەندێك هاوڕێمان لە سماقولی هاتن و بریندارەکە و تەواوی هاوڕێیانیان گەڕاندەوە سماقولی ئێمە ڕۆژانەمان هەر بەو شێوە بوو ڕۆژانە توشی تەقە و کەمین دەهاتین ئەوەی گرنگ بوو لەو کاتە ئەو هەموو ماوەیە توشی هیچ زیانێك نەبووین چونکە ئەوەندە بەئاگابوین و ئەوەندە ئامادەبووین لەبیرمە جارێکیان گوتم دەزانی هاوڕێ کاوە ئێستا هەست دەکەم بەتەواوی پێشمەرگەین !!!!! ئەو ماوە نازانم چەند ڕۆژی پێچوو هەوالی هاوڕێ کانەبی و مەلا ئاشتی هەر ئەوەندە بوو کە بیستبوومان وردە وردە لێیان بێ هیوا دەبوین ، تا ڕۆژێك لە ئۆردگای دارەتوو کەس و کاری من وابزانم دایکم و مەلا عومەری کوڕی پلکم هاتبوون من نەم دیتن بەس باسیان کردبوو کە ئەو جەماعەتە دوای تەسلیم بونەوەیان دەعوەتی (م. ع )بووبوون کە ئەویش هاوپیشەی خۆیان بوو لە دانیشتنەکە هەندێك کەسی ناسیاوی ئێمەی لێبووە ، دیارە سلاح شینە بەلەخۆبایی بوون باسی کردووە کە هاوڕێ کانەبیی بە فێڵ بردووە و دواتر شەهیدی کردوون و شوێن بزری کردوون ، ناسیارەکان پرسیاری من و حاکم ووریایان کردبوو گوتبووی ئەوانیشم کوشتوە ، ئەو خەبەرە گەیشتبوە ماڵی ئێمە بۆیە بەهەڵەداوان هاتبوون بۆ دارەتوو لەوێ پێیانگوتبوون ڕاست نیە چەند جار چەتۆ هاتۆتە ئێرە ، تا ئەو کاتە لە شەهید بوونی کانەبی مەلا ئاشتی هیچمان نەدەزانی ئەوە نوێترین زانیاریمان بوو لەو بارەیە لەو ماوەیە ئەو

جەماعەتە کە لەگەڵ ئێمە هیچیان پێ نەدەکرا دەستیان کرد بەگرتنی خەڵکی فیرار و دۆستەکانمان لە گوندی دوکەڵە ئازادی برای شەهید وەیسیان برد و شون بزریان کرد هاتبوونە دەواجنی مام حاجی عەلی کەسیان دەست نەکەوتبوو چونکە ئێوارەکەی من ئاگادارم کردنەوە کە کاری لەو جۆرە دەکەن و کاك ئازادیان بردووە ئیتر وەك سەگی هار بەرببوونە گیانی خەلك ، لەو ماوەیە چەند کەسی سەربە یەکێتیان گرتبوو بەڵام هەمویان ئازاد کردن تەنها بەدوای ئێمە بوون لەکەمینێك لە لای دووشیوان نەفەرێکی یەکێتیان شەهید کرد وابزانم برای مامۆستا تەحسین کەریم بوو . ئەگەرنا ئەوی تر هەمووی هاوڕێیانی ئێمە بوون ، دواتر کە زۆربەی هاوڕێیان گەڕانەوە سماقولی و بریندارەکەشیان لەگەڵ خۆیان برد ئەرك و جولەی ئێمە ئاسان بوو بە جۆرێك لە هەموو جێگایەك و کەندو دۆڵێك دەمانتوانی خۆحەشار دەین و ئیسراحەت کەین تەنانەت چەند جارێك چونیە شەمامك و مرکیە و هەندێ جار دەچوینە لای ئۆمەرگومەت و لای برادەرانمان لەوێ کە لەناو خۆیان مەفرەزەیەکی باشیان دروست کردبوو بەسەرپەرشتی لالە عەلی ببوونەنوقتەیەك بۆ یەکتر بینین ، بەڵام مەکۆ و بنکەی سەرەکی ئێمە ماڵی مام قادر تەها و پلکە لەعلی بوو شەو و ڕۆژ لە خزمەت دابوون بە شێوەیەك بەبێ ئەوان مانەوەمان نیمچە مەحاڵ بوو کە تاکە خێزان بوون مابوونەوە لە سەرتاسەری بەستی شرغە تەنها بۆ خزمەتی بۆخزمەتی پێشمەرگە، باسکردنی ئەوان وخزمەتی ئەوان با بۆمەجالێکی دیکە بێت لەگەڵ گێڕانەوەی ڕۆژانی دواتر



# کاوە حەسەن
# پارتیزانی دوای ئەنفال
# بیرەوەرییەکان یاداشت دەکات

## سێ رۆژ لەژیانی پارتیزانی دوای ئەنفال

ماوەی چل رۆژ زیاتر دەبوو پارتیزانەکانی یەکێتی وحزبی سۆسیالیستی کوردستان وپارتی و شیوعی لە نێوان (کۆیە . هەولێر)و سەربەستی شەرغەو بناری چیای دێدەوان مابوونەوە،خاباتی پارتیزانی هەروا کارێکی سووک وئاسان نەبوو

هاورێ (کاوە حەسەن) بەمشێوەیە بیرەوەری سێ رۆژی مانگی حوزەیرانمان بۆ دەگێرێتەوە:

## ڕۆژی یەکەم

ڕژێم بەهێزەکی زۆرەوە لە لای دێگەڵەو دەشتی کۆیەوە بەرەو بەستی شەرغە هاتن،ئێمە مەفرەزەیکی پێنج شەش کەسی بوین و جێبێکی وازی عەسکەری ڕوسیمان پێبوو. کۆپتەر لەلای زێی بچوك و لای( پردێ )وە دەنگیان دەهات ، ئێمە هاتینە دۆڵەکی بچوکی بەری ڕۆژاوای بەستی شەرغە. لەکاتێکدا هیچ زانیاریکمان لەسەر بەرنامەو ئامانجی ئەو هێرشەی ڕژێم نەبوو، هەڵبژاردنی بەری ڕۆژاوای بەستی شەرغە لەبەر دوو هۆ بوو. یەکەم بە لێکدانەوەی خۆمان ئەگەر ئەوهێزە نیازی مانەوەو پاکتاوکردنی هەبێ ئەوە بەرەو ڕۆژهەلاتەکەی دەڕۆن،چونکە ڕۆژهەلاتەکە قولایی بوونی هێزی پێشمەرگە بوو،دووەم ئێمە لە ڕۆژاوای بەستی شەرغەوە دەمانتوانی بەرەو دەشتی هەلێرو شەمامك و شوێنی تر بڕۆین. هەر واشمان کرد..دوای عەسر بە باریکە ڕێگایەك بەرەو جادەی سەرەکی هەولێر . کەرکوك لە باشوری ناحیەی قوشتە لەگەڵ ڕۆژاوابووندا پەڕینەوە. لەیەکەم کۆمەڵە ماڵ سەلاح شینەو چەند چەکدارێك هاتنە پێشمان، زۆریان لەسەر بانەکان وەستابوون. دوای چاك و چۆنی لە هەواڵی بەستی شەرغەیان پرسی. وتم، ئەگەر بە نیازی ئەوێن وریای خۆتان بن، چونکە ڕژێم ئەمڕۆ بە تانك و لەشکرێکی زۆرەوە لە بانەقەلاتەوە بۆ بەست دابەزیون .

بەشێوەیەکی گشتی وا باو بوو کە مەسئولەکان لە پێشی سەیارە دابنیشن. من ئەوکات ئەگەر چی ڕابەری سیاسی فەسیل (کەرت) بووم، بەلام بە

حوكمی ئەو دەورە گرنگانەی لە چەند كاری هاوبەشی هەر سێ لقی بەتالیۆنی پێنج بینیم، پێگەی كۆمەڵایەتی وسیاسی و عەسكەریم لە سنوری فەسیلەكەم زۆر تێپەڕی كردبوو. كەچی دەگمەن جار بووە لە پێشی سەیارە دابنیشم. سەرما لە پشتی سەیارە وەك زۆربەی پێشمەرگەی تازە هاتووەكان لێیداوم و تەپ و تۆزی ڕێگاش لە سەرو سیمام نیشتووە،ئەوكاتەكە سەلاح شینە هاتە پێشمان ، من لە پشتی جێبەكە كە پڕ بوو لە پێخەوی خۆمان،دانیشتبوم وقاچەكانم شۆڕكردبوەوە، كلانشینكۆفێك بە مەخزەنی هەفتاو پێنج فیشەكییەوە لەسەرڕانم بوو.بێ هیچ مەبەست ئەو كاتەڕوی لەسەلاح شینەبوو، هەرچەندە وەستانی چەكدارەكانی لەسەر بانەكان جێی گومان بوون..ئێمە بۆ نانخواردن چووبووینە دوو دەواجن، كە لەنزیك ئەو ماڵانە بوون كە هێزە خیانەتكارەكەی لێ تەوزیع ببون، بەڵام سەیارەكە بە هاوڕێ چەتۆ و هاوڕێ خولە خەیلانی بو،كە برای هاوڕێی بەڕێزم جاسم خەیلانییە. لەماوەی دابەش بونەكەمان سەیارەیەكم بینی بۆ ئەو ماڵە ڕۆیی كە هاوڕێ چەتۆی لێ بوو،دوای تۆزێك گەڕایەوە،دواتر پرسیم كە ئەو سەیارەیە كێ بوو.؟ بۆ هاتە لای ئێوە. گووتیان جەماعەتی سەلاح شینە بوون، گووتبویان كە ڕێیان هەڵەكردوە. ئەوەخستمیە گومانی قوڵتر. ئەوان كوڕی ئەو گوندەی ئەوبەری جادەن،چۆن ڕێگا هەڵەدەكەن.ئەوەم لەگەڵ هاوڕێ چەتۆ باسكرد. بۆیە وا كەوتینە دوای سەیارەكانیان كە كاتی دانانی كەمینیان لێمان نەبێ. دوا سەیارەیان گەیشتە كاولە دێی قوڵتەپە، هێشتا دانەبەزیبون ئێمەش گەیشتین. گومانەكان لە یەقین نزیك دەبونەوە. ئەوان

ویستیان لەویٚ کە ریٚگاکە بە گۆشەی نەوەد پێچ دەکاتەوە کەمینمان بۆ دابنێن.ئەوان دەیانتوانی بە ئاسانی لێمان بدەن، بەڵام چونکە هێشتا نەیان دەویست پەیوەندی خۆیان و بەعس ئاشکرا بکەن.... ئێمەبەرەو کاولەگوندی دووگوردکانی هونەرمەندی ناودارعومەردزەیی ڕویشتین . کەس و کاری هاوڕێەکی خۆمان لە دەواجنێك کاریان دەکرد، سەردانیمان کردن.دوو سەعاتێك دواتر ئەو کەمینەی جارێکی تر بۆ ئێمەیان دانا و ئێمە پوچەڵمان کردەوە، هاوڕێیان دکتۆر عادل، ڕزگار و کەمال تێیدا شەهید بوون.

## چون بۆشەمامك

پێش ئەوەی بچمە ناو بابەتی گفتوگۆمان لە ماڵی ئەو هاوڕێیەمان لە دەواجنێکی دوگردکان، گرنگە خوێنەر لە چەند شتێ ئاگادار بێ. یەکەم : بەداخەوە بزوتنەوەی چەکداری کەم و کوڕی لە هەمو ڕویەکەوە زۆر بوو. ئەوەی ئێستا پێویستە باسی لێ بکەم پەیوەندی گرنگی بە ڕوداوەکان هەیە نەبونی بێتەل لەگەڵ هەر مەفرەزەیەك. دوەم: ڕژێم هیچ لادێیەکی لە سنورەکانی ئێمە بە پێوە نەهێشتبوو، جگە لە پڵینگە و گۆزکە. من بە لێکدانەوەی خۆم مانەوەی ئەو گوندانە لە سەر خوێنی شەهیدانی شوعی بوون. سێیەم: پێشمەرگە پێویستی بە خواردن، بەنزین،هەواڵ و هتد هەبوو. بۆ بەدەست هێنانی ئەوانە دەبوایە بەرەو ئاوەدانیەکان بڕوا.ئێمە لە ماڵی ئەو هاوڕێیە لە هەواڵی هاوڕێیان بەگشتی و مەفرەزەکەی قەرەجوغمان پرسی . ئەوان وتیان کە دکتۆر عادل لێرە بوو بەڵام بۆ شەمامك گەڕایەوە.

ئیٚ زۆر باشە ئەگەر هاتنەوە پێیان بڵێن کە وریا بن چونکە قەناعەتمان وایە کە جەماعەتی سەلاح شینە نیازیان خراپە و بەنیازن لە ئێمەی شوعی بدەن. وە ڕژێم بۆ بەستی شەرغە هێرشی هێناوە.

ئێمە بۆ لای پڵینگە بە بیٚ لایت بەڕیٚ کەوتین. پێش گەیشتن بە گوند لە تەنیشت ڕێگاکە هەندیٚ چاڵی گەورە هەیە. پێس ئەویٚ لایتمان داگیرساند بۆ ئەوەی شوێنی پێشبینیەکەمان بە ڕوناکی ببینین، لەهەمان کات هەندیٚ مەودامان بۆ بڕیاری شەڕو پاشەکشی هەبیٚ دیار بوو دیسان گروپی خیانەتکار خەریکی دانانی کەمین بوون. سەیارەکانیان لەویٚ بوون، دابەزیبوون بەڵام دانەمەزرابوون. دیسان چوینەوە ناویان . بەڵام ئەوجارە سەدا سەد من هەر لەشوێنی خۆم تەنانەت زامنەکەشم کردبوەوە کلاشینکۆفەکەم هەر لەسەر ڕانم بە هەردو دەستم گرتبوو وە بۆ هەر لەحزەیەك ئامادە بووم. وابزانم سەلاح شینە بوو " ئەگەر هەڵە نەبم وەك جاری پێشوم" هات وتی : ئەوە چ خێرەکی خوا بوو ئەوەندە تۆزەتان داینیٚ؟ هاوڕیٚ چاتۆ لە پێشەوەی جێب دانیشتبو و ڕوی قسە لەوی کرا . ئەویش وتی هاوینە تۆز هەر دەبیٚ. لە ڕێگەمان لا چون ئێمەش بەرەو گۆزکە بەڕیٚ کەوتین. دواتر بۆ دەواجنەکانیان. خوێندنەوەی بارەکە ئاسان بوو، بۆیە من زوو وتم کە لە گەڕانەوەمان لە گۆزکەوە بۆ پیرداود دەڕۆین و لەویٚ بەرەو یەدیقزلەر و و کاولە هێلەوە. هێشتا لە نێوان دەواجنەکان و گوندی گۆزکە بووین گوێمان لە دەنگی تەقەقە بوو. دواتر سەیارەك دەسوتا ڕێك ئەوشوێنەی کە ئێمە پێش کەمتر لە دو سەعاتێك بەوێدا تێپەڕیبوین..

لە بەینی پیرداود و منارە ( ئەگەر گوندی منارە بێ) دەواجنێکی لێ بوو برایەکی شەهید کرمانج، (کە هێشتا شەهید نەکرابوو) لەوێ کاری دەکرد،لەخەو هەڵمانساند. کات درەنگی شەو بوو. سەبارەت بە هاوڕێیان دکتۆر عادل و ئەوانمان پرسی. ئەویش وتی کە چونەتەوە شەمامك. ئێمەش دەنگو باسی سەلاح شینەمان پێ گوتن. مادام هاوڕێیان سەلامەتن، ئەوە خۆبەخۆیی لێکیان داوە. ئەوە دوا خوێندنەوەو ڕستەمان بوو لەو بارەیەوە. بە دڵخۆشی بەرەو زورگ لە لای هێلەوەوە رویشتین . تا ڕۆژی دووەم عەسر لەوێ بە ئیختیفا ماینەوە.

## ڕۆژی دووەم

دەمەوعەسری ڕۆژی دووەم، شەمامکی پان و بەرین بێ هەست بوو.وردە وردە خۆمان کۆ کردەوە تا بەرەو کاولە گوندی گردعازەبان بڕۆین، بەڕێ کەوتبوین کە لە دورەوە چەند سەیارەیەکمان بینی لە ڕۆژاواوە بەرەو گردعازەبان دەهاتن. لاندگرۆزەرەکی لقی بەڕابەتیمان تێدا ناسیەوە. هەردوك لا، ئێمەو ئەوان لە گوندی ناوبراو یەکمان گرت. .یەکەم بینین دڵخۆشکەر نەبوو. هاوڕێیان خەمبار دیار بوون. هاوڕێ هندرێن بە نیوە ڕاکشانێك لە پێشی سەیارەیەك بوو. زۆربەمان دابەزین. ئەوان هەواڵی شەهیدبوونی سێ هاوڕێیان پێداین(دکتۆر عادل، کەماڵ دوگردکانی، ڕزگار گردعازەبانی) هندرێنیش بەبرینداری دەرچوبوو، ڕێك ئەو سەیارەی کە دەسوتا، لەو شوێنەی کە کەمینەکەیان بۆ ئێمە دانایەوە، ئەوهاوڕێیانەی ئێمە بوون کەبوو بوونە قوربانی دەستی خیانەت...ئاخ! دوو هۆکی تۆکی

چەند کاری ئاسان دەکرد، چەند گیانی دەپاراست. ئێستا ئێمە هێزێکین وابزانم چوار سەیارە بوین، چوار یەکەی جودا. مەفرەزەی دەشتی هەولێر، کە من بەرپرسی بووم، مفرەزەی قەرەچوغ، هاوڕێ بێستوون دیبەگەیی بەرپرسی بوو، هاوڕێ کرمانج ئی بەڕانەتی بوو بۆ چەند کارێکی تایبەتی لقەکەیان مابوەوە، دوو کادیری حیزبی، مەحەللی هەولێر، مامۆستا گۆران و هاوڕێ مەلا عومەر، ئەگەر تەواو بێتەوە یادم لەگەڵ دابوون.

**شەهیدەکانمان لە گۆڕستانی یەدیقزلەر ناشت.**

مامۆستا گۆران، کە کادیری لیژنەی مەحەللییەی هەولێری حیزب بوو چەند هەواڵێکی پێ داین.

١- دوێنێ هاوڕێیان لەلایەن جاشەکانی(ڕەحمان کۆپتەر)ەوە لە دەرەوەی گوندی پڵینگە شەهیدکراون

٢. ئێستاڕەحمان کۆپتەرکەمینی لەجادەی(هەولێر. مەخمور) لەشوێنی پەڕینەوەی ئێوە داناوە.

٣ . بەیانی ڕژێم بە تەمایە کە هێز بۆ شەمامك دەر بکات و تەمشیتی بکات. سەبارەت بەخاڵی یەکەم ئێمە بە قەناعەتی موتلەقەوە تەئکیدمان لەسەر خیانەتی سەلاح شینەو دارو دەستەکەی کردەوە. ئەوە لای ئێمە یەکلا کرابوەوە، من شرۆڤەی باری عەسکەری هەمو شوێنەکانی کاری لقی هەولێرم کرد، بەستی شەرغە هێرشی بۆ کراوە. نازانین گەڕاوەتەوە یان نە. شەمامك ، وا مۆموستا گۆران دەڵێ کە بەیانی هێرشی بۆ دەکرێ. بەینی دوو ڕێ کە بە(مرکییە) یان ناوچەی دزەییاتی ناسراوە، هەم بچوکە و هەم

خائینەکان لەوێ دەسوڕێنەوە. ئەو شوێنانەی کە بژاردە بن، دیوی کەندێناوە، بۆدیوی پشت ڕێ لەهاوڕێ بێستونم پرسی:ئیمکان هەیە بە سەیارەکانمانەوە بچینە کەندێناوە؟ گوتی نەخێر. منیش گوتم کەواتە بەس پشتڕێمان ماوەتەوە.

ئەگەر چی ئێمە بژاردەیەکی ترمان نەبوو، بەڵام ئەوێشم پێ چاك بوو، نەك بڵێم شوێنەکە سەختە، نا ئەوە نەبوو، بەڵکو شوێنەکە کەس خەیاڵی بۆ نەدەچوو.. بەماموستا گۆرانم گووت:

. مامۆستا ئێمە بریندارێکمان هەیە. سەفەرەکەمان سەخت دەبێ.

دەتوانن ئەوهاوڕێیەمان لێوەرگرن وبیبەن بۆشار؟ گوتی: ناتوانین.

. ئەدی لەو دەشتە گەورەیە حەشارگەیەکتان نیە لێی دانێن؟

دیسان بە نەخێر وەڵامم وەرگرتەوە.

بڕیاری پەڕینەوە لە جادەی (هەولێر. مەخمور، هەولێر. کەرکوك) درا. بڕینی ئەو ناوچانەی کە مەفرەزەکانی خیانەتکاران کردبوویانە مۆڵگەی خۆیان،لەلایەك ولەلایەکی ترهەواڵی بوونی کەمینی ڕەحمان کۆپتەری سەرۆك جاش،وابزانم پێویست بەباس کردنی دەوری خۆم وهاوڕێ چەتۆ ناکات،لە هەر شوێنێك کەمترین ئیحتیمالیش بۆ هەر کەمینێك هەبووبێ لەپێشەوە بووین...دوای پەڕینەوە..چوین بۆ یەکەم دەواجنی نزیك. داوام لە خاوەنەکەی کرد کە یارمەتیمان بدات و دە مریشکێکمان بۆ سەربڕن، ئێمە لەگەڵ خۆمان دەیانبەین. لەودەم و ساتە بوو من گووتم:

هاوڕێیان.! ئەو ڕێگایانەی کە تا ئێستا ئێمە عادەتمان پێکردبوو پێیدا بڕۆین ئەمڕۆ بەکاری ناهێنین. بۆیە ناچینە دووگردکان. هاوڕێ کرمانج کە ئەوشەوە شەهیدبوو گووتی من دەبێ بۆ دوگرتکان بڕۆم. من گوتم ئێمە ناچین. بۆیەکرمانج لە ئێمەجیابووەوە. مریشکەکانمان بۆ هات و بەرەو باشوری دوگردکان ، رویشتین. لەوێوە بەرەو چوار دەواجنی نێوان سێبیران و دوگردکان رۆیشتین. مەفرەزەی قەرەچوغ لە دوو دەواجنەکەی سەرووتر دابەش بووبوون، ئێمەش بۆ دوو دەواجنەکەی خوارووڕۆیشتین، هیچ روناکیەکی لێ نەبوو، بۆیە جەند جارێك بانگم کرد : ماڵێ، ماڵێ، ئەرێ زەحمەت نەبێ.....!؟

یەکێك لەسەر بانەکەوە هاستا . فەرمو برا، ئێوە کێن؟

ـ ببورە لەخەوم کردن،پێشمەرگەین، دەکرێ نان وچایەکمان بدەنێ؟

. بەداخەوە، وەڵلاهی یەك نانمان لە ماڵ نەماوە، هەمویان برد.

. باشە مەمنون، پیکابەکی شوفرولێتی لێ بوو،پرسیم ئەدی ئەو سەیارەیە ئی کێیە؟ ،

نازانم بۆ گومانم لەلا دروست بوو .

گووتی : . ئی (عوسمانە سوورقایەباشی)یە بۆ خۆی بە پێ ڕویشت. بۆ زانین عوسمانە سور پێشمەرکەی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان بوو...لەوکاتەدا کەمن خەریکی قسە بووم، سەیارەیەك هاتە ناو دوو دەواجنەکەی سەرەوە و زوو ڕۆیشت . خوا حافیزیم کرد و چوینە دوو دەواجنەکەی تر کە هاوڕێیانی مەفرەزەی قەرچوغی لێ بوو.

هاوڕێ عەریف ئەگەر هەڵەم نەکردبێ، وتی هاوڕێ کاوە ئەو برادەرە قسەی زۆر سەیر دەکا،ئەو برادەرە دەمامکی خۆی دابوو، چەکداریش بوو.سڵاوم لێکرد،گووتم فەرمو برا! گووتی :

. کاکە زور ئاگاتان لەخۆتان بێ ! زۆر هەن بەدوای سەری ئێوەوەن. زۆرسوپاسم کردو پرسیم کە جەنابت کێیت؟، هیچ وەڵامی نەدامەوە.. لەو کاتەدا لە پیاسەکەمان گەیشتبوینە گۆشەی تاریکی خانوەکە، ئەو برادەرە ڕای کرد، من لێم نەدا، بەڕاستیشم نەزانی لێیبدەم،بەڵام هاوارم کرد: هاوڕێیێیاااان بۆ شەڕ تەوزیع بن! هەر کەسێ ویستی بێت..

ئەگەر نەگەڕاوە لێیدەن بیکوژن!

لە خاوەن ماڵ و دەواجنم پرسی کە ئەو کوڕە کێ بوو.؟

گوتی ناوی ئیسماعیل بوو خەڵکی دوگردکانە.

پرسیم : ئەدی ئەو سەیارەیە کێ بوو هاتە ئێرەو ڕۆیشت؟

گووتی ئەو مەحەمەد حوسێن بوو.بۆ زانین کادیری کۆمەڵایەتی ی.ن.ك. ی ئەو ناوچەیە بوو.بانگی هاوڕێ بێستونم کرد چەند هاووڕێیەکی تر ئامادە بوون. بابەتەکانم باس کرد.

دەبێ بەبێ لایت بڕۆین. هەر شوێنێك مەترسی کەمینی لێبکرێ ئێمە زووتر کەشفی دەکەین. لە بەینی هەولێروقوشتەپە دەپەڕینەوە، هاوڕێ زیوەر چاکترین شارەزامان بوو، نزیك بە ڕۆژهەلات گەیشتینە کاولەگوندی هەرەجە. بارەکانمان داگرت، سەیارەکانمان شاردەوە. هەر دوو دوو شوێنێکمان لە کەلاوەیەك گرت...

## ڕۆژی سێیەم

ئەورۆژە تا عەسرەکەی درەنگ لە کاولە هەرەجە بوین. دەبوو نان، بەنزین و لە هەموویان گرنگتر هەواڵی بەستی شەرغە وەربگرین. ئایا هێزەکەی ڕژێم ماوە یان پاشەکشەی کردوە.؟ هێشتا ڕۆژ تەواو ئاوا نەببوو گەیشتینە نزیك کۆمەڵگای زۆرەملێی بنەسلاوە. جاشەکان کە لە چواردەوری کۆمەڵگەکە ڕەبیەیان هەبو تەقەیان بەسەرداکردین. نەمانتوانی بەسەیارەوە بچین، هەرچۆنیٚ بوو هەندیٚ بەپیٚ خۆمان گەیاندە ماڵەکان،دوای هێنانی نان ووەرگرتنی زانیاری لەبنەسلاوە هاتینە دەرەوە،ئەوهەواڵەی بۆئێمە گرنگ بوو(رژێم لە بەستی شەرغە گەڕابووەوە، گوتیان پێشمەرگەیەکی یەکیەتی تەسلیم بۆتەوە،هەواڵی بوونی زرێپۆشەك کەیەکێتی لەگرتنی دێگەڵە دەستی کەوتبوو، داوەتە ڕژێم،زرێپۆشەکە لەبەستی شەرغە لەشوێنێك بووە، ئەوهێزە هاتوون بردوویانەتەوەو ڕۆیشتون، چونکە بەنزینمان پێویست بوو،دەبوو بچین لە دەواجنەکانی مورتکە یان گردەڕەشە وەریبگرین. لێرەوە مەفرەزەی قەرەجوغ لە ئێمە جیا بونەوە ، ئەوان بۆ بەستی شەرغە ڕویشتن، ئێمەش دوای هێنانی بەنزین، شەو درەنگان گەیشتینەوە بەستی شەرغە... بۆبەیانی هەواڵی شەهید بوونی(هاوڕیٚ کرمانج) یان داینیٚ.

هۆی شەهیدبوونی هەرئەوەیە کە بەهەمان ئەوڕێگایانەی پێشتر بەکارمان دێنا ڕویشتبوون. ئەگەر لە ئێمە جودا نەبایەوە، ئەوە ڕوینەدەدا....

(دوای ئەوبارودۆخەوجارێکیتر روو لە سماقولی وخۆشناوەتی دەکەنەوە، کەئەنفالی پێنج وشەش بۆئەوسنووره دەستپێدەکات،دوای بەرگرییەکی قارەمانانە هێزەکانی ئەویش بڕیاری کشانەوە دەدەن، چەند دەستەیەك لەپارتیزانەکانی(یەکێتی وشیوعی) دیسان دێنەوە ئەوناوچانە . نووسەر)

## جارێکی تر گەڕانەوە لە ئاوەگردەوە بۆ بەستی شەرغە

لە هەشتی ئابی ١٩٨٨ کاتێ شەری عێراق . ئێران کۆتایی هات. سیاسەت و شێعاری حیزب لە تەواوی سەردەمی شەڕ ( ڕاگرتنی دەستبەجێی شەڕ بوو) لە زۆر پێشەرگەی حزبم بیستبوو،بۆ نمونە هاوڕێ سەردار شێرە، دەیگووت، ئەگەر شەڕ ڕاوەستێ ئەوە هەر پێشمەرگەو دەبابەیەکی بەبەر دەکەوێ کە شەڕی لەگەڵ بکا. ئەوە باسی تەیارەو کۆپتەرو، تۆپ و چەکی کیمیاوی و عنقودی و لەشکرەکی بێ ژماریش لەلایەکی تر بێ.

وەك نووسیم کە حزب تەشکیلەیەکی تازەی بۆ بەتالیۆی پێنج کرد کە یەك هەفتە دەوامی هەبوو. ئەوە نیشانەی خوێندنەوەی هەڵەی واقیعەکە دەگەیەنێ. دواتر بڕیاردرا کە دوو مەفرەزە نزیکەی سی کەسێك بگەڕێنەوە دەشتی هەولێر و لەگەڵ چەند مەفرەزەی بچوکی تر بۆ شوێنی جیا جیا، ئەوی تر هەموی بەرەو سنوری ئێران، خاڵی دورەدەستی قەندیل گوێزی ودۆڵەکۆگە،وە بناری شاخی مامەندە، ناوزەنگ و نۆکان پاشەکشێ بکەن. من لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە بووم کە بۆ دەشت دەگەڕانەوە. دومەفرەزەکە پێك هاتبو لە مەفرەزەی قەرەچوغ کە هاوڕێ ئەبو ئەحلام بەرپرسی بوو، وە هاوڕێ هەژار بەرپرسی مەفرەزەی هەولێر بوو. هەردو مەفرەزە مەکتەبی

مەفرەزەی هاوبەشیان هەبوو کە پێکهاتبوون لە هەردو ئامیر مەفرەزەکان و من. پێم خۆشە هاوڕێیان، ئەبو ئەحلام و ملازم هەژار زیاتر لەسەر ئەوبابەتە بنوسن، بەڵام دەوری من ئەوە بوو کە هەوڵ بدەم تا ئەو مەفرەزانە لە کاتی پێویست بهێنرێن بۆ ناو هەولێر..من ئەو کاتە بەتالیۆنم لەو بابەتە بە بێتەل ئاگادار کردەوە، بۆیە ئەوان بڕیاری گەڕانەوەی ئێمەشیان دا. بەوشێوەیە مەفرەزەکەی ئێمە دوا مەفرەزە بوو کە لە جادەی کۆیێ– هەولێر بە ماندوبونێکی زۆر و حەزەرەوە لە دەشتەوە بۆ دۆڵی سماقولی بپەڕێتەوە....

ناوی هاوڕێیانی مەفرەزەکان

## مەفرەزەی دەشتی هەولێر

(ملازم هەژار، ئارام شاهین، جوتیار چاوشین، کۆچەر سەرخوری، بروسك گردعازەبانی، مامۆستا لێزان، نەوزاد، مام عەزیزی کادیر، دکتۆر فاخیر، کریکار، کۆسرەت، خۆم کاوە چاوشین لەگەڵ ئەوان مامەمەوە). داوای لێبوردن لە وانە دەکەم کە لەبیرم کردوون..

مەفرەزەی قەرەچوغ(ابواحلام،مامۆستا سیار،هەڵوێست،ئیبراهیم، ئاوارە..)

لە ٢٦ ئابی ١٩٨٨ ئێمە بەتاریکی لە ئاوە گرد دابەزین. لەسەر پێشنیاری من چاکترینی شوێنی پەڕینەوەمان لە جادەی کۆیە– هەولێر لە بەینی دەربەندی گۆمەسپان و دێگەڵە هەڵبژارد. ئەو شەووە تا گوندی کێشکێ هاتین. تەواوی ڕۆژ لەو ناوچەیە بە ئیختیفا ماینەوە کە بەدرێژی ڕۆژەکە گرمەی تۆپ لە سەفین و ئاوەگرد و تەواوی دۆڵی سماقولی دەنگیان هات. دەمەو ئێوارە لە تەپۆڵکەکی بچوك بەسەرکەوتین دوو دوو بە مەسافەی زۆر لە تەپۆلکەکە

دابەزین. بە تاریکی لە جادە لە سەروی دێی شاخەپیسکە پەڕینەوە. بەرەو ناوچەی باشوری ڕۆژهەڵاتی هەولێر هاتین.لە ناوچەی بەستی شەرغە مەفرەزەی قەرەچوغ لە ئێمە جیا بوەوە. ئیتر لێرەوە هەر یەکێ چیرۆکەکی سەرنج ڕاکێشی هەیە. من تەنیا بەکورتی باسی ئیبراهیم و ئاوارە دەکەم. ئەو دوو هاوڕێیەش دەیانەوێ لەڕێگەی خۆیانەوە بە پێ بەرەو هەولێر بێن. ئەوەی من بیستم ئەوان پێش گەیشتن بە کۆمەڵگای زۆرەملێی بنەسڵاوە توشی کەمین دەبن و شەهید دەکرێن....

مەفرەزەی دەشتی هەولێر بەرەو ئاقارەکانی گوندی سماقە و بایزائاغا و میرکە هاتین. ئەو ناوچەیە زوتر بارەگاکانی لقی دەشتی هەولێری لێبوو. بەشێك لە پێداویستیەکانی ژیانمان لەوێ شاردبوەوە. وابزانم چەند هاوڕییەك لەمەفرەزەکە جیا ببونەوە و بۆ هەندی کار بۆ دەشتی هەولێر ڕۆیشتبوون. ئەوانەی کە مابونەوە پێش ڕۆژهەلات بۆ خۆ شاردنەوە هاتینە دوڵێکی بچوك کە چەند پێچەکی بچوکی هەبوو. ئەو ڕۆژە چواری ئەیلولی ١٩٨٨ بوو. لەگەڵ ڕۆژ هەڵات دەنگی کۆپتەر هات. ئێمە خۆمان بۆ کەشف نەبون شاردەوە نەك بۆ شەڕ، وە بێئاگاش بوین لەوەی کە ڕژێم بەهێزەکی زۆرەوە بەرەو ئەو شوێنە دێ. دەنگەکان نزیك بونەوە. کۆپتەرەکان هاتنە سەر ئەو ناوچەیە کە ئێمەی لێ بوو. ئارام شاهین و من لە پەنا بەردێکی زل بووین. کەشف بونمان لە سەدی ٢٥ بوو. کۆپتەرەکان سوڕانەوە. یەکەم یان دوەم دەستڕێژ لە ئارام و منیان دا. ئارام یەکجێ شەهید بوو. لەقوڵمەوە هەستم بە شتێ کرد. سەیرم کرد خوێنی شەهید ئارام بەمن دا پڕژاوە.

شەش حەوت مەتر لە دواوەمان بنە ژاڵەیەك هەبوو. من بۆ ئەویٚ چووم. هاوڕێیان دکتۆر فاخیر و کوچەر سەرخورخی نزیك بون. پێم گوتن کە من وا بەو دوڵە بچوکە سەر دەکەوم بەڵام دەبیٚ بڵێم کە گڕە گڕی سەیارەی گەورە و هەلیکۆپتەری سەمتی و ئی بار نیشانەی هێرشەکی زۆر گەورە بوو. من لەوانەیە پەنجا مەترێك لە پێش ئەو دو هاوڕێیە بە دۆڵەکە بەسەر کەوتم . هەر ئەوندەم بیست گوتیان ئەها ئەوەتا یەکیٚ و دەست ڕێژەکیان لی کردم. بەختم هەبوو هیچم پی نەکەوت. گەڕامەوە هەمان شوێن کە ئارامی تێدا شەهید بوو. ئەو تەپۆڵکەیە لەوێوە وەك دیوار وابوو. سەری ئەو تەپۆڵکەیە پڕ چەکدار بوون. ئەوجارە من بە دەستڕێژەك دەستپێشخەریم کرد. کەس لەسەر ئەو تەپۆلکەیە کە بە دۆڵەکەی دادەڕوانی نەما. ئەو سێیە، بەرەو خوار درێژەمان بە ڕۆیشتنمان دا. لەویٚ تۆشی هاوڕی بروسك هاتین. کۆپتەرێکی سەمتی بار هاتە سەر ئەو شوێە. لەوانیە هەر پەنجا مەتر لە ئێمەوە بەرزتر بوو. ئەو شوینە تەنانەت یەك بەرد، یەك بنە دەوەنی تێدا نەبوو، دەستڕێژێکم لە کۆپتەرەکە کرد....

ئەوە وایکرد کۆپتەرە بچوکەکانی کە دۆشکایان لەسەرە بەرز ببنەوە. ئێمە بەرەو خوار شۆڕ بوینەوە. لە پێچەك دەر کەوتین تەپۆڵکەیەکی تر پڕی سەری چەکدار بوو. ئێمە لە ناو ئەو دۆڵە بچوکە و ئەونیش لەبەرامبەرمان سەیریان دەکردین. من وتمە هاوڕێیان، کە پێویست ناکا خۆمان سەغلەت بکەین، بەهمان شێوە درێژە بە ڕۆیشتنمان بەرەو ئەوان دەدەین. وابزانم کۆچەرو من پێکەوە دەڕۆیشتین. بەینمان لەگەل جاشەکان هەر پەنجا

مەترێك دەبوو. بانگیان کردین کە بچین بۆ لایان. وتمان، دەچین بۆ لای ئامیر فەوجی خۆمان. — چ فەوجێکن؟ — فەوجی پێنج. وەڵاممان دایەوە بێ ترس و سەغڵەتی مەسافەیەکی کەم لێیان دورکەوتینەوە. لێرەوە دەبێ خوێنەر وێنەیەکی ئەو شوێنەی هەبێ، هەتا ئەگەر وێنەکە سادەییش بێ.

( ئەو گردەی چەکدارەکان لەسەری وەستابوون بەسەر چەند دۆڵێکی تردا دەیڕوانی. چەند دۆڵەکی بچوك لە شوێنی جیبیا جیا پێك دەگەیشتن و دۆڵەکی پان و بەرینی تر پێك دەهێنا. هەموو ئەو دۆڵانە لە ژێر کۆنترۆڵی ئەو تەپۆلکە دابوون. لەو دۆڵە پانە ئاوی باران بە لێشاوی زستانان و بەهاران ڕێرەوەکی زیکزاکی بۆخۆی دروست کردبوو. لە دۆڵە بچوکەکان هەتا بە ئاراستەی ڕێڕەوی ئاو بڕۆی لە تەپۆڵکەی ناوبراو نزیك دەبیتەوە، بەلام لە دۆڵە گەورەکە پێچەوانە دەبێتەوە).ئێمە لەودۆڵە پانە بەرەو خوار دەڕۆیشتین،کە دراینە بەر ڕێژنەی گوللان. بەختمان لەوەبوو کەئاوەڕۆکە زیکزاك بوو. هەندێکی دەپاراستین. نابێ ئەوەش`لەبیر بکەین کە کۆپتەرەکەن لەسەر سەرمان دەسوڕانەوە. ماوەی دە دەقیقەیەك بە نەرمە غارو ڕۆیشتن لە سنوری بازنەی کۆپتەرەکان و مەودای تفەنگی چەکدارەکان جوینە دەرەوە. لەوێ دو ڕێگە هەبوو من هەڵی بژێرم.

<u>یەکەم</u>، بە دەستی چەپ بۆ قولایی دەشتی کۆیە بڕۆین.

<u>دووەم</u> ، بەرەو بەستی شەرغە بڕۆین کە لەو کاتە قوڵایی دەسەڵاتی هێزە هێرشبەرەکەی ڕژێم بوو. من ڕێگەی دووەمم هەڵبژاردو وتیشم کە ئەوە کارێکە پێچەوانەی هەموو پێشبینیەکانی دوژمنە. لە شیوێکی بچوك بە

دەستی ڕاستەوە سەرکەوتین بەرەو زینێك. هاوڕێیانم لە شوێنێ جێ هێشتوو تەنیا بۆ ئیستیتلاعی پەڕینەوە لە زینەکە چوم. سەیرم کرد کە هەردو تەپۆڵکەی زینەکە پێك دەهێنن بە لەشکری دوژمن گیراوە. بە هێمنی گەڕامەوە لای هاوڕێیانم و گوتم کە چاکترین شوێنی حەشار مان ئەو شیوەیە. لە دوری سەد مەترێك شوێنەکەی گونجاومان دۆزیەوە. کۆپتەرەکان لە بازنەیەك دا دەسوڕانەوە، ئێمە کەوتبوینە سەر یان دەرەوەی چیوەی ئەو بازنەیە. پاش عەسر کە زانیمان هێزەکان بەرەو بەستی شەرغە پاشەکشەیان کرد، ئێمەش بەرەو شوێنی شەڕ چوینەوە. لە ڕێگا ، لە دۆڵە گەورەکە، ئەسەری تایەی سەیارەمان بینی کە بۆ بردنی جەنازەی شەهیدان چووبوون. لەشوێنی شەهید بوونی ئارام شاهین ئەوەی یادم بێ، ملازم هەژار، مام عەزیز و مامۆستا لێزان ووەستابوون. ئەوان بە بینینی ئێمە حەپەسان. زانیمان کە لەوێ جگە لە ئارام جوتیاریش شەهید بووبوو. لەگەڵ ڕۆژاوا بەرەو ماڵ و خانەوادەی مام قادر تەهای شۆڕشگێر، پیاوی پیاوانە، پلکە لەعلی و ناهیدە خانی کچیان چوین. ئەو خانەوادەیە وابزانم نیوەی شۆڕش لە ناوچەی هەولێر قەرزداریانن.

## لە ٤ی ئەیلولەوە

## تا هاتنم بۆ ناو شار

ماڵی مام قادر تەها و پلکە لەعلی لە ئەشکەوتێك بون. تاقە جێگەیەکی ئاوەدان لە تەواوی ناوچەکە ئەوێ بوو. ئێواران نانمان لایان دەخوارد، شەوهەمو لەسەر ئەشکەوتەکە دەخەوتن جگە لە من. بەیانیان پلکە لەعلی

و ناهیدە خان نان وچایان حازردەکرد،دوای نان وچا خوارن هەر یەك ونانێکمان بۆ نیوەڕۆ وەردەگرت. ئێمە دەبوو پێش ئەوەی دنیا ڕوناك بێ شوێنێکمان بۆ ئیختیفا دۆزیبێتەوە، کە نییو سەعاتێك زیاتر لەوێ دور بێ. ئیتر سەبر سەبر هاوڕێیان بەرەو شار ڕەوانە کرانەوە. ڕۆژێك هاوڕێ هەژار گلەییەکی گەورە لەسەر یەکێ لە هاوڕێیان لای من کرد. من گوتم ئەگەر ئەمە ڕاست بێ من لەگەڵ ئیعدامی ئەو هاوڕێیەم. دەزانم خوێنەر پرسیاری گەورەی لای دروست دەبێ، بەڵام لەوانەیە تا بیست ساڵی تر وەڵامی هیچ پرسیارێك لەسەر ئەو بابەتە لە من وەرنەگرن. دوای چەند ڕۆژێك هاتین بۆ دەشتی شەمامك. بێ گومان خوێنەر ئەگەر لە سەرەتای نوسینی ئەو بەسەرهاتە بێ دابڕان لەگەڵم بوبێ دەزانێ کە ئەوکات سەفەر لە شەرغەوە بۆ شەمامك رێگایەکی پڕ خەتەرو ماندو بوون بوو.لە کاولە(یەدیقزلەر) لە مەفرەزەی دەشتی هەولێر ملازم هەژارو من مابوینەوە، لە قەرەچوغ هاوڕێیان ئەبو ئەحلام و مامۆستاسیار،وە هاوڕێ موحسن دەشتی کەکادیری ناوچەکە بوو..هەمو لەوێ یەکمان گرتەوە. ئەگەر ناوەکم لەبیر کردبێ داوای لێبوردن دەکەم، ئێمەش خۆمان بۆشار ئامادە دەکرد. شێوەی ژیانمان ئەو کاتە دەبو بە شەو بۆ دەواجنەکانی نزیك جادە بێین. لەوێ جگە لە کاری خۆئامادە کردن بۆ شار دەبو نان بخۆین، نان و ئاو هەڵگرین و بەرەو قولایی شەمامك بگەڕینەوە. من کراسێکی گران بەهام بۆهات، کە دەبو لە ڕۆژی هاتنم بۆ شار لەبەری بکەم.ئەوەی کە لەو ماوەیە سەرنج ڕاکێس بێ و شایەنی گێڕانەوەیە بە لای من دو بابەتە.

یەکەم، جارێکیان لە کاولە گوندی هێلەوە بوین، کە دەوری سەعات نۆی بەیانی گوێمان لە گرە گرِی سەیارە و هەندێ تەققە بوو. کاتێك بوو کەلکی شەڕی پێوە نەبوو، بۆیە بڕیاری خۆشاردنەوەمان دا. هاوڕێ موحسین دەشتی ومن دوسەد مەترێك لەگوند دورکەوتینەوە.هاوڕی موحسین خەڵکی ناوچەکە بوو،شارەزایەکی چاکی ئەوێ بوو. ئاودڕەکی بچوکی دۆزیەوەو ئێمە خۆمان لەوێ شاردەوە. هاوڕێیانی تریش بەهەمان شێوە، بەلاّم لە شوێنی جیا جیا... ئەوهێزە لە کاولە(هێلەوە) تا دەمەو عەسر مایەوە. لەو ماوەیە جارجار بۆخۆشی تەقەیان دەکرد.دواتر ڕۆیشتن.ئێمە لەحەشارگە هەتینە دەر. ئەوەی لە سیمای کاولە گوند گۆڕابوو، نەمانی تەلی کارەباو عەمودەکانی بوو. بەوشیوەیە ڕژێم هەمو ژێرخانی کوردستانی لە ناو دەبرد....هەر لەو ڕۆژانە بوو، ئێمە لە کەندو ئاودڕو کەلاوان ژیانمان بەسەر دەبرد. من ڕادیویەکی تۆشیبای سێ مەوجەکانم پێ بوو. وابزانم ئەوکاتەی هاوڕێ کارۆخ بەرەو سنور ڕویشت، ڕادیۆکەی بە دیاری بۆ بەجێ هێشتم. ڕۆژانە گوێم لە دەنگو باسی دنیا دەگرت. کەناڵەکانی مونتیکارلۆی عارەبی، ئیسرائیل بە فارسی، موسکۆ بە عارەبی، لەندەن..هتد.

دوو ئێوارە دەنگی مۆسکو بەرنامەو باسی لەسەر کوردستان هەبو. هەردووکم چاك لەیادە. یەکیان سەبارەت بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەگەڵ سعدون حمادی، کە ئەوکاتە وەزیرێکی عێراق بوو قسەیان کردبوو، سەعدون حمادی ئەو هەواڵەی ڕەت کربوەوە کە ئەوان ئەو چەکەیان بەکار هێنابێ. وە دوا وتەی ئێزگە ئەوە بوو (نحن اخڎنا هڎا الرێی بعین الاعتبار)

من تفێکم لێ کردن ، گوتم گواوید. ما تستحون؟ هاوڕێ ابواحلام بەجواب هات و گوتی:

( رفیق هذا بدایة تعصبیتك القومیة)..

جاری دوەم دیسان بابەتێکیان هەبوو باسی ئەوەی دەکرد کە ئەو ولاتانەی کوردیان تێدا دەژی تەنیا لە عێراق " ان الاکراد فی العراق یتمتعون بالحکم الذاتی" دیسان من تفێکم لێ کردنەوەو جنێوی خۆم پێدان. هاوڕێیەك گووتی :

تو لە شوعیەت ئینزیلاق ' هەڵخلیسکان ' ت کردووە....

ئیتر ڕۆژێ دەمەو عەسرێ لەگەڵ خاوەن شینابیەك، لە پێشەوەی سەیارەیەکی صلاحالدین دانیشتم. کراسە گرانبەهایەکەم لەبەر کردبوو. دەمانچەیەکی مەکاریۆفم پێ بوو. خاوەن سەیارەکە ناوی کاك تەلعەت بوو. پێی گوتم کە لەسەیتەرە ناپرسن، ئەو هەموو جارێك بە کیسێك تەڕەو سەوزە کردونی بە برادەری خۆی. ئەگەر پرسیان ئەوە دەڵێم موالیدی ١٩٥٧ تم . دەفتەر خدمەکی عەسکەریان پێ دام. ناوی خاوەن دەفتەر خدمەکەم لەبەر کرد. کاك تەلعەت دەبوو تا فلکەی ئازادی-کورانم ببا. لەوی برادەرێکی تر بە پیکابێکی تویوتای ڕەنگ شین چاوڕێی دەکردم. ئەو دەبوو بۆ ئەو شوێنەی من دەمەوێ بمبا. کاتو شوێنمان بۆ سێ ڕۆژ دواتر لەگەڵ حزب دانا. کارەکە ئەوها ڕۆیی. خاوەن تویوتاکە زۆر بەڕێز کاك سەباح ماستاوەیی بوو. لەگەڵی سوار بووم. یەکترمان نەدەناسی. لە فلکەی باداوان

– گەڕەکی مامۆستایان کەوتینە ناو مەفرەزەی موشتەرەکەی ڕژێم کە هەویەیان لە خەڵك وەردەگرت. یەکێ سەری هێنا ناو سەیارەکەو سەیرەکی منی کرد و گوتی ، یا مواليد؟ سبع و خمسين، وەڵامم دایەوە. ڕۆیشتین. جارێکی تریش وەك پێشان ماڵی زۆر بەڕێزم کاك کاوە، خانم زولیخا زرار سلیمان بەگی دەرگەڵەیی دەرگەیان بۆم لەسەر پشت بوو.

## خەباتی ناو شار

دەرگای ماڵی بەڕێزان زولیخا زرار سلیمان بەگی دەرگەڵەیی و کاك کاوە بۆمن لەسەر پشت بوو،من سێ ڕۆژ لەماڵی خانەخوێم جگە لە دڵسۆزی، خزمەت،ڕێز،هەستم بەهیچ نەکرد.ڕۆژانەخوێندنەوەونیقاشی سیاسی، یاری لەگەڵ مناڵە بچوکەکان کاتم دەبردەسەر،دوای سێ ڕۆژەکە لە کاتی دیاری کراو دەبوو هاوڕێیەکی حزبی بێ لەگۆڕستانی باداوان من هەڵگرێ،وابزانم هاوڕێیان هۆگر،کەئەندامی لێژنەی مەرکەزی وهاوڕێ سەعدون بوون، ، سێ چارەکسەعاتێك لە کاتی دیاریکراو درەنگتر هاتن. منیان برد بۆ سەر جادەی سیمەتری، بەرامبەر هۆڵی گەل، لەسەر دوکانی ئەلتائی شوقیەکی لێیە، ئەو شوقەیە بوە ماڵێ، نەك هەر بۆ ئێمە بەڵکو بوو بە هۆڵی ترانزێتی دەیان هاوڕێ،کە لەو باسە دەیخوێننەوە.ئەوکات کۆتایی مانگی ئەیلول یان سەرەتای ئوکتۆبەری ١٩٨٨ بوو.پێشمەرگەی هەمووحزبەکان لە هەمو دەڤەرەکان، دوای ئەوەی نەیانتوانی پێشی لەشکرکێشی ڕژێم بگرن، بە لێشاو تەسلیم بەڕژێم بونەوە. بارێکی سەیر لە شارەکان خولقا بوو. لەلایەك ڕژیم سەرکەوتو و مەغرور، وە پێشمەرگە

تێکشکاو و زۆریان تەسلیمبوو بارێکی دولایەنەی بۆ ئێمە خولقاندبوو. لە لایەك ئەو کارەی ئێمە شانمان دابوە بەری زۆر مەترسیدار بوو لەلایەکی تر ئەگەر خیانەتمان لێنەکرێ مەترسی کەشف بونمان کەم بوو. ئەو مەفرەزانەی حزب کە مابوون پەرش و بڵاو ببون. دەبو ڕزگار بکرێن، چونکە ڕژێم بەردەوام چاودێری ناوچەکانی دەکردولەگەڵ بچوکترین گومان لەشکری گەورەی بۆ شوێنی گومان دەردەکرد،بەو شێوەیە حزب زۆربەی هاوڕێیانی دەشت،خۆشناوەتی، بەڕانەتی،مەڵبەند،کادیرەکان، بەکورتی زۆربەی ئەوانەی گیریان خواردبو، نەیانتوانی دەربازی سنور بن، وە تەسلیم بە ڕژێم نەبونەوە، و درێژەیان بە شەڕی پارتیزانی نەدا، لە ڕێگەی هاوڕێیانی ناوشارەوە هێنران بۆ شوققەی ناوبراو،لەوێ خزمەتکران، بەڕێگەیەکی تایبەت تا نزیك شێنێ، بناری مامەندەی سەر سنوور، لەوێوە پەیوەست بە سەرکردایەتی حزب بونەوە.

مادام ناوی مەفرەزەی پارتیزانیم هێنا گرنگر لێرە باسی ئەو هاوڕێیانە بکەم. حزب لە کۆتایی مانگی هەشت بڕیاری کشانەوەی هەمو هێزەکەی بۆ سنوور دابوو جگە لە چەند مەفرەزەیەکی بچوك، وەك زوتر ئەو باسەتان خوێندەوە. من باسی مەفرەزەی دەشتی هەولێرو قەرەچوغم کرد، کە بۆ خۆم تێیدا بەشدار بووم. مەفرەزەیەکی ترمان لە ناوچەی خۆشناوەتی مایەوە. ئەوانەی لەبیرم ماون، بریتی بون لە هاوڕێیان( موحسین یاسین، ئەبو راستی، مام رەسول، جاسم خەیلانی، دیار، سەنگەر، سەلام، دەشتی، رەنجبەر، کوردۆ) هیوادارم ئەو هاوڕی بەڕێزانە بەسەرهاتەکان بنوسنەوە، یان

کۆمێنت بنوسن. مەفرەزەی گەرمیان و کۆی کە لەبناری کوسرەت مانەوە ئەوانەی لەبیرم بن، هاوڕێیان 'ملازم کەریم، کوردو، کامران، خەسرەو....
لەلقی کۆیە، لە گەرمیان مام جوامێر، هەڵکەوتی گەرمیان، هەرێم، شەپوڵ، دکتۆرهۆشەنگ،کەهەرهاوڕێیەك خاوەن چیرۆکێکی سەرنجڕاکیشی تایبەتە.
لە چیای کۆسرەت جاشەکانی خۆفرۆش قاسم ئاغای کۆیە هێرشیان کردە سەر ئەو هاوڕێیانەو زیانەکی گەورەیان بە هاوڕێیان گەیاند...( حزبی شوعی دەبوو خوێنی ئەو شەهیدانە لەبیر نەکا، لەکاتێك ئەو خیانەتکارانە ئێستا پێگەیان لە دەسەڵاتی پارتی بەهێزە).
ئەو هاوڕێیانەی زۆر لە ناو شار مانەوە بریتی بوون لە ( هۆگر، سەعدون، شوان شەقلاوە، ملازم شوان، ملازم هەژار، ئەبو ئەحلام، مامۆستا سیار، ئەحمەد شاهین، ئاشتی مەسیحی، من' کاوە چاوشین'). وە هاوڕێ هیوا ڕەش ماوەیەك لەگەڵ ئێمە بوو، هاوڕێیان هۆگر، سەعدون ، شوان وملازم شوان لەو شوقیەیەی بەرامبەر هۆڵی گەل نەدەژیان. بۆیە زوو وەرەقەیەکی جاشایەتیان بۆ من دروست کرد و کارو باری کڕین وبازار تا ماوەیەك بوە کار و ئەرکی من.ئەوەی کە دەتوانم لە ژیانی ناوشار کە پەیوەندی بە ژیانی حزب و پێشمەرگایەتی بێ و باسی بکەم گوڵبژێرەکتان بۆ دەکەم،هاوڕێی هۆگر داوای لە من کرد کە من لەگەڵ مەفرەزەیەکی تایبەت سەر بە ئاسایشی گشتی رژیم بچم بۆ بەستی شەرغە و ئەو تویوتا کۆرۆلایەی لەوێ شاردبومانەوە و ژمارەی بەغدا بوو بیهێنینەوە. "ئەو مەفرەزەیە وەك دەسکەوت دەیداتەوە ڕژێم. بەوشێوەیە پێگەی لە ڕژێم بەهێز دەبێ و توانای

یارمەتی ئێمەی زیاتر دەبێ". یەکەم جار لە بەردەم قەسر شمال چاوم بە مەفرەزەی جاشەکان کەوت و کە منیان بەوان ناساند گوتیان ئەو برادەرە ناوی شەریفە. لەوێ زیاتر لە نیوسەعات لەسەر جادەی گشتی ماینەوە. دەزانم خەڵکانێك منیان دەناسی لەوێ منیان بینیبوو، بەڵام چۆنیان بیرکردبوەوە، ئەوە نازانم. ئەو کارەمان بەسەرکەوتویی بە ماندوبونەکی زۆر ئەنجام دا. وابزانم ئەو بەرپرسی مەفرەزەی ئەمنە بەو کارە، مەدالیایەکی ئازایی وەرگرتبوو. من لەگەڵ ئەوان چوم بۆ سلێمانی. چەند ڕۆژێك لەماڵی سەرۆك جاشی خانەخوێم مامەوە. رۆژێك بە تەنها لە ژوری دانیشتن دانیشتبووم، کە یەکێ لە ناو دەرگاکە وەستا و گوتیی سلاو کاك شەریف! من بێ ئەوەی وەڵامی بدەمەوە سەیری ژورەکەم کرد جگە لەخۆم کەسی تری لێنەبوو. ئەها بەڕاست لای ئەوانە ناوم شەریف بوو، لەدلی خۆم گوتم. ئیتر بە روەکی خۆش وەڵامم دایەوە.وەکو گوتم کە پێشمەرگەیەکی زۆر لە هەمو حزبەکان تەسلیم بونەوە. لەوانەیە ، هی حزبی شوعی لەوانی تر لە چەند ڕویەکەوە باشتر بوبن. بۆ نمونە، کەس لە ناو ئێمە خیانەتی نەکرد و هاوڕێ خۆی، یان پێشمەرگەی لایەنێکی شەهید نەکرد، وە دەگمەن لە پێشمەرگەی ئێمە چەکی حزبیان بردو تەسلیم بونەوە. ئەو هاوڕێیانەی تەسلیم دەبونەوەو جەکەکانیان بە جێدەێشت و لەلایەن هاوڕێیان دەشاردرانەوە. حزب لە ناو شار پێویستی بەو چەکانە بوو. ئێمە دەبو ئەوانە بهێنینە ناو شار. ئێوارەیەك، ملازم هەژار، شەهید سەعدون و من، نازانم هاوڕیی ترمان لەگەڵ بوو یان نە، لەگەڵ مەفرەزەیەکی تایبەتی ئیستیخباراتی سەر بەڕژێم،

بەچەند سەیارەیەکەوە بەرەو قوشتەپە دەرچوین، لەویوە بەرەو جادەی بیستانە. جاشەکانمان لەوبەینە لەشوێنێ بەجێ هێشت. خۆمان بە لاندگرۆزەرێکەوە چوین بۆ بەستی شەرغە. لەوێ توشی مەفرەزەیەکی یەکیەتی، کە شەهید ڕێبازیان لەگەڵ بوو هاتین. هەندێ لەگەڵیان دانیشتین. ئیتر ئەوان بۆ کاری خۆیان و ئێمەش بۆ کاری خۆمان ڕۆیشتین. ئەو شەوە وابزانم بیست و سێ پارچە چەکمان هێنایەوە. چەکێك لە جۆری ناتۆ کە زیاتر لای شوعی هەبو درا بە سەرۆك جاشەکە کە تەسلیم بە ڕژێم بکا. ئەمە وەك دەسکەوتی ئەو کارە سەربازیەی خۆی بژمێرێ و ئەوەش هەنگاوێك بوو بۆ ئەوەی گومانی ڕژێم لەسەر پەیوەندی ئەو سەرۆك جاشە بە حزب کەم بکاتەوە.دوای ئەوەی ڕەشەبای ئەنفال کۆتایی هات، زیاتر لە دەیان هاوڕێ بە شوقەی ئێمە گوزەریان کرد، دەبو ئێمە شوێنی ترمان هەبێ. شوقەیەکمان لە سەر جادەی سێتاقان، گەر لە سی مەتریەوە بۆ شەستمەتری بڕۆی سێسەد مەترێك، بەدەستی راست لە تابقی سێیەم گرت. رۆژانەمان بە خوێندنەوە، کاری پێویستی ڕۆژانە، جار جار سەردانی دۆستو خزمان بەسەر دەبرد. ئەوەی لەوێ دەژیا ملازم هەژار، مامۆستا سیار،ئەحمەد شاهین و من بوین. سەیارەکمان هەبوو. ڕۆژێك هاوڕێیەك لەگەڵ ماتۆرێك دەعمی کرد. سایەقی ماتۆڕەکە قاچی شکا . زوو ئەو برادەرە سەرۆك جاشە بە هانامان هات و جاشێکی خۆی خستە تەوقیف وەك سایەقەکە ناسێنرا و لێنەگەڕا هاوڕێیەکەمان بگیرێ...کە هەواڵێکمان بۆ دەهات بەوەی ڕژێم لە هەفتەی داهاتو چاودێری توند دەخاتە سەر هەولێر، ئێمە دەچوین بۆ بەغدا.

تا وای لێهات ئێمە پێمان باشتر بوو لە بەغدا بژین و بۆ کار بێینەوە هەولێر. بەو شێوەیە، لە بەغدا خانوەکمان لە حی جیهاد و شوققەیەکمان لە شارع نچال بەکرێگرت. جارێك هاوڕێیان ئەرکی هێنانی ئامێرێکی چاپیان لە قوتابخانەیەك لە عەنکاوە پێ سپاردین. ئەوەی کە لە بیرم مابن شەهید سەعدون، ئەحمەد شاهین و خۆم، کاوە چاوشین ، بەلام دەزانم لایەنی کەم دوی تریش لەگەڵ بوون، دوای عیشا چوین و دەست و `قاچ و دەمی حەرەسەکەمان بەستەوەو ئامێرەکەمان هێنا.وەك وەفایەك حەز دەکەم لێرە سوپاسی هەمو ئەو ماڵانەی سەردانم کردون بە گشتی و ماڵی زولیخا خانم،ماڵی مامم مەجید بکەم،دوای جێگیربونم لە ڕوانگەی بێ جێیی نەبو کە من سەردانیم دەکردن، بەڵام ،دیسان سەردانی کردنی پێشمەرگەیەك بۆ هەرشوێنێك مەترسی بۆ دروست دەکردن. من ترس و ڕوگرژیم لە کەسیان نەبینی. سڵاوو ڕیزی زۆرم بۆیان *هەیە*.



## هاوڕێ ملازم هەژار
## که یەکێك لەهاورێیانی کاوه حەسەن بووه
## بابزانین چۆن بیرەوەری هاوڕێکەی دەوڵمەند تر دەکات:

دەست خۆش هاوری گیان دەرجونمان له گەل مەفرەزەکه هاوری شەهید سعدون و من و تۆ و مامۆستا سیاروئەحمەد شاهین و جاشیك ناوی ئەحمەد بوو تەنزیم وئەندامی وحزب بوو.

من سیارەکەم لی دەخوری جاشەکه بیکەیسی پیٚ بوو، له سەرسیارەکه هاتا گەیشتینه دەواجینی گوندی کەردز سیارەی بەرپرسی جاشەکان ومەفرەزەکەی لەویٚ مانەوه، ئیمەش جوین بۆ بەستی شەرغه تاگەیشتنه نزیك شینایەکانی مام قادرتەها مەفرەزەکی یەکێتی بەسەرپەرشتی شەهیدریبازو شەفه جاوشین دەنگیان داین من گوتم ملازم هەژارم ..

چوومه بەرلایەتەکه بانگم کرد خۆمانین ئەوانیش هاتنه دەرەوه له کەندەکەو یەکترمان ماج کردو دوای به یەکەوه به سەر کەوتین بۆ لای مام قادرو هاوری یان مام بایزو ئەرکان وسوران مابوون، ئیمه بۆ هینانی ئەوان جوین له گەل شەهید ریباز وان گوتمان ئیمه له ریگای تەنزیم داخیلی هەموو هاوری یانمان دەرباز کردوه، ئیستایش هەر بەردەوامین، ریباز گوتی تەنها بتوانن

ئاسۆ بەرانەتیم بۆ ئاگادار بکەنەوە بە گەیاندنی ئەم نامەیە ممنونم.. شەهید سعدون گوتی بە سەر جاو من نامەکە دەگەینم دوای مام بایزو ئەوانمان هیناو گەراینەوە، رۆژهەلات گەیشتینەوە سیتەرەی (هەولیر. کرکوك).

شەهید سعدون لە پیشەوە لە گەل ئامر مەفرەزەکە بوو، من لە گەل ئێوە سیارەی دووەمم لیٚ دەخورِی، لە سیتەرە ئەو دەرجوو منیش لە دوای دەرجوم، ئەمنەکە بە دەست لە سیارەکەی منی دا تا رایبگرم بەلاّم ئەمر مەفرەزەکە بە دەست گوتی وەرە رامەگرە، منیش لیٚم خورِی و رویشین، لە دوایی لە فرقەی عەسکەری بەئامر مەرەزەکیان گوت بوو بۆسیارەی تۆ لە سیتەرە رای نەگرتوە.؟ هاورِیٚ هیوا رەش دوایی هاتە لامان هاورِیٚ ملازم شوان ماوەیەك مایەوە لامان..

هاورِیٚ(شوان کادیر)یش دەوری باش بوو کە لەگەلمٚاندا بوو..

پێش ئەوەی باسی نەخۆشبونی خۆم بە مەلاریا بکەم دەبیٚ بگەرِێمەوە بۆ مانگی حەوتی ١٩٨٨دوای ئەوەی دوایین مەفرەزەی حزب کە ئێمە بوین لە دەشتەوە بۆ دولّی سماقولی و دواتر بۆ دۆلّی بالیسان چوین، ئەوکاتە رِژێم هێرشی گەورەی بۆ سەر ئەو ناوچانە دەست پێکردبوو. لە هێرشەکانی جگە لە بەکارهێنانی چەکی رِیگە پێدراو چەکی کیمیاوی وبایولۆجیشی دژی ئێمە بەکار هێنا. زۆرێك لە پێشمەرگەکان دواتر تۆشی نەخۆشی گرانەتا یان مەلاریا بوون. درێژەی خەباتی ناوشار و توشبونم بە مەلاریا ،مەلاریا نەخۆشیەکە سالاّنە تا ئێستاش لە جیهان گیانی سەدان هەزار کەس درویٚنە دەکا. ئەوە کاری من نیە باسی نەخۆشیەکە بکەم، ئەوەندە دەزانم کۆتایی

**بەهاری ساڵی ١٩٨٩ لە بەغدا بوین، دوای عەسر هاوڕێ ئەحمەد شاهین و من بۆ پیاسە چوینە دەرەوە. ڕۆیشتنەکەمان بە پێی و پاس ئێمەی گەیاندە مدینە العاب. هێشتا ڕۆژ ئاوا نەبوبو، هەستم کرد تەندروستیم بەرەو خراپی دەڕوا. بەڕاستی لە بیرم نیە کە یەکەم جار تایەکە لێی دام یان لەرزەکە، بەڵام من لەرزەکەم زۆر چاك لەبیرە. ددانم قرچە قرچی دەهات. بە ئەحمەدم گوتت کە بچینە لای سەیارەکان. سەیارەیەکی ئەلبی گەورە تازە ڕایگرتبوو، لەسەرمان پشتم بە ڕادێتەری ئەلبیەکە دا. نازانم چەندی خایاند، بەڵام دنیا تەواو تاریك بوو کە ئێمە ئەوێمان بەجێهێشت. بۆ بەیانی چومەلای دکتۆرێك، بەلام ئەوتەختیتی دڵی بۆ گرتم: بێ هیچ دەرمانێ گەڕامەوە. ڕۆژی دووەم لە ماڵەوە بووم دوبارە لەرزو تاکەم گرتەوە. ئەڕۆژەش بەرگەی هەردوکیانم گرت . بۆ بەیانی چومە لای دکتۆرێکی تر، کە لەساڵانی پەنجا لە ئەمەریکا خوێندنی تەواو کردبو. پیاوێکی بەتەمەن، گوێگر، دڵسۆز، زیرەك و ئاقڵ، هۆی چونی منی پرسی. بەسەر هاتەکەم بۆ گێڕایەوە. بێ سێ و دوو بە وەرەقەیەکەوە منی بۆ تاقیگە نارد. ئەنجامەکەم وەرگرت و بۆ دکتۆرم بردەوە. گوتی، بیست و پێنچساڵە تۆ یەکەم کەسی بەو نەخۆشیەوە سەردانیم دەکەی. ئێستا حەبێکت بۆ دەنوسم و شێوەی بەکارهێنانی پێگوتم. گوتی کە ئەو حەبانە تەنها ئەو میکرۆبانە دەکوژی کە ئێستا لە هێرشن. بۆ ئەوەی ئەوانی ترجارەکی تر سەرهەڵنەدەنەوە، دەبێ بچی لە نەخۆشخانەی یەرموك مانگێ بخەوی. سوپاسم کرد. دەرمانەکەم کڕی و بەکارم هێنا. دواتر خۆم هەندێ زانیاریم لەسەر نەخۆشخانەکانی تر**

وەرگرت. ڕۆژێك بۆ نەخۆشخانەی زەورا چوم. ڕیز گرتن نەبوو. کوڕ ئەو کوڕە بوو زوو کاری خۆی جێبەجێ بکا.

هەرچۆنێ بێ خۆم گەیاندە مێزەکە و بەڵگەی نەخۆشیەکەم بەکراوەیی لەسەر مێزەکەی دانا. لە ناو ئەو هەمو وەرەقەیە ئی منی هەڵگرتو گوتی "حچرتك من شمال"؟ جەنابت خەڵکی باکوری؟ – بەڵێ. بڕۆ لای دکتۆری پرس و ڕا "گبیب استیشاری". چوم . ژورێکی پاك و بێدەنگ، دکتۆر بێ کار دانیشتبو. سڵاوم کردو گوتم "حتی مرچنا ما یشبە مرچکم" تەنانەت نەخۆشیشمان لە نەخۆشیتان ناچێ. بە کوردی وەڵامی دامەوە گوتی، مەلاریاتە؟ – بە بەڵی. وەڵامم دایەوە. ئەویش باسی نەخۆشخانەی یەرموکی بۆ کردم. من گوتم دکتۆر گیان من خوێندکاری دانیشگام. ناتوانم، وەك خوێنەری بەسەرهاتەکانم دەزانن کە من ناسنامەی قوتابی زانکۆم بۆ کرابو. گوتی کەواتە بڕۆ بۆ مەیدانی ٥٢ نەخۆشخانەیەکی بچوك لەوێ هەیە یارمەتیت دەدەن. حەبەکانی بۆم نوسرابوو تەواوم کردبون. لەرزو تام نەگرتەوە، بەڵام دیسان بۆ مەیدانی ٥٢ ڕۆیشتم . لە نهۆمی یەك کەسم نەبینی. گوێم لە دەنگە دەنگێ بوو کە لە نهۆمی دوەمەوە دەهات ، من بەرەو ئەوێ ڕۆیشتم. ژنێکو پیاوێك گفتوگۆیان بوو، کە منیان بینی بێ دەنگ بوون و سەیری منیان دەکرد، چومە لایان. دوای سلاو، بەڵگەی نەخۆشیەکەم نیشان دان. یەکیان گوتی، ئەها ئەوە بەڵگە. ئێستا ئێمە باسی بونی نەخۆشی مەلاریامان لە عێراق دەکرد. ئەو هاوڕێیەم دەیگوت کە لەعێراق، لە مێژە مەلاریا بنبڕ کراوە. بردمیانە ژورێك، لەوانەیە لایەنی کەم دە

کارمەندی کچ و کوڕی لێ بوو. هەمو ڕویان تێکردم، شوێنەکیان نیشان دام کە لێی دانیشم. ئیتر کەوتنە پرسیارکردن لێم لەبارەی شمال(کوردستان) منیش وەك مامۆستا گۆرانی شاعیر گوتەنی(ئیتر هەڵڕێژە درۆی نا چاری) وەڵامم دەدانەوە. دواترعیلاجی یەك مانگیان پێدام و داوایان لێکردم کە دوای ئەوە دەبێ سەردانیان بکەمەوە تەنانەت هەندێکیان داوای "پوم عجمی" سیری ناو ترشیاتیان لێ کردم کە لەسەردانی دووەمم بۆیان ببەم. ئیتر بە خۆشیەوە ئەوێم جێهێشت. چەند ڕۆژێك دواتر بۆهەولێر گەڕاینەوە.

## گەڕانەوە بەرەو بارەگاکانی سەرسنوور

لێرە نامەوی سەفەری سێ ڕۆژە بە ناو بەهەشتی کوێستانەکانی قەندیل باس بکەم، تەنیا ئەو شتانە نەبێ کە زۆر پێویستن. بەشێ لە گروپی شار بە سەیارە هاتینە ڕانیە. لەوێ پێڵاوی ئەدیداسمان کڕی و بەسەیارە هاتینە دوڵە ڕەقە. ئێوارە لەگەڵ هەندی لە هاوڕێیانی مەفرەزە پارتیزانەکان، خۆشناوەتی، کۆیێ، گەرمیان وە مەفرەزەیەك کە شەهید حەمەی حەڵڵاق سەرپەرشتی دەکرد لە ناوزەنگەوە بۆ بردنەوەی ئێمە هاتبون، یەکمان گرتەوە . لە دۆڵە ڕەقەوە تا بۆڵێ کە لەژێر لوتکەی کونەکۆتری قەندیلە، بە ڕۆیشتن و ئیسراحەتەوە بیستو چوار کاتژمێری خایاند. ئێوارەکەی تا ڕۆژ هەلات قەندیلمان بڕی و بەرەو ئەو زینوەی لای دۆڵی باڵەییان چوینە خوارەوە، لەوێ ئارد و ڕۆن، کەلو پەلی پێویست لە شوێنێ هەڵگیرابوو. هاوڕێیان ناوساجیان دوستکردو نانو چامان خواردوئیسراحەتمان کرد.

دواتر هەورازێکی ترمان بڕی، لەوێوە بەرەو زینوی شێخ ڕۆیشتین. بە دیوی نسیٚ کە ئاوەڕێژی بۆ کوردستانی ئێرانە یەك پارچە بەفر بوو. بە خۆشیەوە تا هەواری شێخ ئایش دابەزین. لەڕێگا حەمەی حەڵڵاق بە گۆرانی "وەرە وەرە با بچینە ناو شلێران"ی مامڵیٚ وابزانم لەمێژ نەبوو بڵاو بوبوەوە، سەفەرەکەی پڕ زەوق کردبو. شەوێکی تریش لەو کوێستانەماینەوە. ئیتر ڕۆژی سێیەم درەنگانیٚ هەندیٚ هاوڕیٚ گەیشنەوە بارەگای هاوڕێیان لە گوێزی. چەند کەسانێك کە من یەکێك بووم توانای ئەو ڕۆیشتنەم نەبوو، بۆ بەیانی دوای نیوەڕۆیەکی دەرەنگ گەیشتینەوە بارەگا. دەبیٚ بڵێم کە من مەلاریاکەم نەمابوو، بەڵام لێی کردبووم بە زەردویی. ئیلتیهابی جگەر. تا حەبەکانی مانگەکەم کە لە نەخۆشخانەکەی بەغدا وەرگرتبوو تەواو نەکرد هەستم بە لەشساخیم نەکرد.ئیتر ژیانی سەر سنور تا ئەیلولی ١٩٩٠ کە بەرەو هەندەران سنورم بەجیٚ هێشت دەبێتە دواین قۆناغی سەفەری خەباتی پێشمەرگایەتیم.

سەرچاوە: کاوە حەسەن
https://www.facebook.com/karece5?fref=ts

# ملازم هەژار
# کێوێك لەورەو جوامێری
# لە نیشتمانێکی سوتماك

**<u>کەم نین ئەوانەی بە بێدەنگی و دوور لە هەر خۆدەرهێنان و خۆدەرخستنێك ، ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەییان بە دڵسۆزی و لە خۆبردوویی ڕا پەڕاندوە، تەنانەت بێ ئەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان منەت و گلەییەکیان دەربڕیبێ یان</u>**

ملازم هەژار ، مرۆڤێکی هێمن و لەسەرخۆیە ، کادیرێکی بەئەزموون و دڵ لەسەردەست و دڵسۆزە ، هەژارێکی راستەقینەی حزبی فەهدە ، پارتیزانێکی بەئەزموونی رۆژانی مقاوەمەت و بەرخۆدانە ....

ملازم هەژار لەساڵی ١٩٧١ هاتۆتە ریزی یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان / عیراق ، لە سالی ١٩٧٥ شەرەفی ئەندامیەتی حزبی شیوعی عیراقی پێدراوە ، لە سالی ١٩٨٠ پەیوەندی بە ریزەکانی پیشمەرگەی حزبی شیوعی لە ناوزەنگ کردوەو ، لە ١٩٨٠/١٢/١٥ بووە بەئەندامی لقی بالەکایەتی وخۆشناوەتی وەکو کارگێری لق و لە گەل شەهید (خدر حسین) هاوری (مەلا جلال)و(شەهید سالم ) لە سالی ١٩٨٢ بەجیگری لقی خۆشناوەتی هەڵبژێردراوە ، لەساڵی ١٩٨٣بەبریاری حزب ناردراوەتە یەمەنی دیموکراتی و بۆ تەواوکردنی خولی سەربازی ، لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٦ گەراوەتەوە کوردستان و بووە بە سەرلقی دەشتی هەولیر و تا دەستپێکردنی پرۆسەی (ئەل ئەنفال) ی بەعسیەکان ...

## بابزانین ئەو قارەمانەچۆن باسی ئەو رۆژە دەکات .....

**شەماڵ عادل سەلیم / دەکرێ وەك پارتیزانێکی شیوعی و کادیرێکی بەئەزموونی شارو شاخ باسی ئەوهەلومەرجە دژوارانەی ئەنفالەکان ودوای ئەنفالەکان بکەن ؟**

**وەلأم / لەسەرەتا سوپاستان دەکەم بۆ ڕەخساندنی ئەو دیمانەیە ، بەڵێ هەروەك دەزانن لەئەنفالدا تەوای گوندەکان سوتماککران ، بەسەدان ژن و کچ و پیاو و مێردمنداڵ و ساوا بێ سەروشوێن کران ، سامانی پەلەوەرو ئاژەڵداری بەتالأن بران ، کانییەکان تەقێنران و ڕەزکان سوتێنران و ژێرخانی ئابوری کوردستان بەتەوای تێك وپێك درا ، لەوەش زیاتر ریژێمی بەعس بە سوپاو گەلە جاش هەموو بستێکی کوردستانی تەنی ، ئێمە وەك پۆلێك پێشمەرگەی حزبی شیوعی عیراق لەو چۆلەوانییانەدا، بەناو جەرگەی سوپا زەبەلاحەکەی بەعسدا،بەئەزموونێکی نوێ وە،ڕووبەڕووی مەرگ دەبووینەوە ، لەوکاتەی بەبڕیار حزبمان و بەپێی نەخشەو بەرنامەیەکی ورد بڕیاردرا هێزەکانمان بکشێنینەوە بۆخاڵە سنووریەکان،بەشێکیشمان بەشێوەی مەفرەزەی پارتیزانی لەقولأیی ناوچەجیاجیاکاندا بمینێنەوە...**

**ئەوەبوو چەندین مەفرەزەمان پێك هێنا کە لەپۆلێك پێشمەرگەی گیان لەسەر دەستی حزبی شیوعی پێکهاتبوون بۆ ئەنجام دانی کاری پارتیزانی .**

**هاوڕێیانی دەشتی هەولێر بەسەردوو مەفرەزە دابەش کران ، یەکێکیان لە ناوچەی کەندێناوەو قەرەچوغ بە بەفەرماندەی هاوڕێ ( ئەبو ئەحلام و**

مامۆستا سیار ) ، ئەوەی تریان بەسەرپەرشتی ( بەندە و و ئارام شاهین و کاوە چاوشین ) و چەندین هەلۆی سوری تر ....

پرسیار / لەوکاتەی هەموو بستێکی کوردستان بە گەلەجاش و سوپا تەنرابوو ، ئێوە چۆن توانیتان لە قولاّی ناوچە جیاجیاکان بمینێنەوەو و درێژە بەکارو چالاّکیەکانتان بدەن ؟

وەلاّم / هەروەك گوتم ، ئێمە هەموو کات رووبەرووی مەرگ دەبووینەوە ، جولانەوەمان بەشەو بوو ، بەرۆژ خۆمان لە بن بەردو وکەپکەشاخ و ئاودڕەکان حەشاردەدا بەتایبەتی لەدوای ئەوەی گوندەکانی کوردستان چۆل کران ...بەلاّم دوای ئەوەی ریژیمی بەعس (لیبوردنی گشتی) دەرکرد ، ئێمە بەئاگاداری وپرسی حزب سودمان لەم بریارە وەرگرت و چەندین پێشمەرگە مان بە پلان ناردەوە ناو شارەکان و هەر بۆ رۆژی دوایی پەیوەندمان پێ دەکردن و ئەوانیش زۆر بوێرانە یارمەتیمانیان دەدا وشوێنی حەوانەوەمانیان بۆ دابین دەکرد لە کاتی پێویست .من لەگەلّ ١١ پارتیزانی تر بریارمان دا کە شوێنەکەمان بگوازینەوە لەبەر ئەوەی نزیك کۆنە بارەگای خۆمان بوو لە دەشتی هەولێر ، بۆیە بریارمان دا بچینە نزیك گوندی ( حاجی وسو کە دەکەوێتە نزیك شەقامی کۆیە و لەوێ بمینێنەوە. هەرلەم سەروبەندەدا رۆژێك دوای نان خواردنی بەیانی کەوتینە ڕێ بەرەو گوندی ( حاجی وسو ) ، لەرێگا گوێمان لە دەنگی ( کۆپتەر ) بوو ، بریارمان دا رێگامان بگۆرین و بەرو گوندی ( سماقە ) برۆین ، بەلاّم کۆپتەرەکان بواریان نەداو تا دەهات نزیك دەبوونەوە ، هەربۆیە بریارمان دا کە لەبن کەپکەشاخ و ئاودرەکانی کەندەکان خۆمان حەشار بدەین ، بەلاّم هێندەی

نەبرد کەوتینە ناو بازنەی هێزەکانی دوژمنەوە ، ڕووبەڕووی کۆمەڵێك جاش بوینەوە کە بەرەو ڕوومان دەهاتن و هاواریان دەکردوو دەیانگووت : وەرن وەرن ئەوە لێرە خۆیان شاردۆتەوە ئەو سەگبابانە ......؟!

هێندەی پێ نەچوو ٨ کۆپتەر لەنزیك ئێمە ( هێزی تایبەتی / قوات خاسە ) ی دابەزاند و جاشەکانیش بەرەورووومان دەهاتن ، هاوڕییان ( ئیسماعیل مەلا قادر سالح ناسراو بە ئارام شاهین وفەیسەل نەجم رەمەزان ماستاوەیی ناسراو بە جوتیار چاوشین ) لەبەر ئەوەی شوێنەکەیان باش نەبوو زوو ئاشکرا بوون ودەستڕێژیان لێ کردن و هەرلەوێ شەهید بوون ، ٤هاوری ترلەگەل هاوری کاوە چاوشین هەستانەوە و رووبەرووی جاشەکان بوونەوە ، لەو کاتە کۆپتەرەکان پەیدابوونەوە ، هاوڕێ کاوە بە (ناتو ) تەقەی لە کۆپتەرەکان کرد و لەهەمان کات بانگی جاشەکانی کرد گوتی تەقەمەکەن ئیمە فەوجی( ٥ ) ین و بەو هۆیەوەو هەر پێنج هاورێ توانیان خۆیان لە حەشارگەی ( کونە فیرار ) قایم بکەن و لە چنگی جاشەکان رزگاریان بێت ، لە کات ژمیر ٥,٣٠ی ئیوارە جاشەکان بەپشتیوانی سوپا تەرمی شەهید( ئارام و جوتیار) یان بردوو رۆیشتن ، لەوکاتە من خۆم گویم لی بوو جاشەکان بەسەربازەکانیان دەگوت تەرمەکان بەدوای خۆمان راکێشین بەلام (زابتەکە) گوتی بەتانیە بهینن وهەلیان گرن جەشەکان بەکوردی قسەیان دەکرد ئەوانی تر بەعەرەبی ..؟!

*سەرچاوە : شەماڵ عادل سەلیم \ فیسبووك.

# پارتیزانی دوای ئەنفال
# ئەیوب تیکالۆ (هاوڕێ کۆچەر)

پارتیزانێکی تری دوای ئەنفال بەناوی هاوڕێ ئەیوب تیکالۆ (کۆچەر)لەزنجیرەیەك بیرەوەری(ڕۆژانی سەختی پێشمەرگایەتی) لە فەیسبووکەکەی خۆیدا ڕووداوەکانی ئەوێ ڕۆژێ دەگێڕێتەوە:
- لەساڵی ١٩٨٨ دوا بەدوای ڕاوەستانی شەڕی(عێراق - ایران) ڕژێمی لە ناوچووی بەعس هەرچی هێزی سەربازی هەبوو کۆی کردەوەو لەگەڵ زیاتر لە٣٠٠فەوجی خفیفە ... هێرشی کردە سەر ناوچە ازاد کراوەکانی ژێر دەستی هێزی پێشمەرگەی بەرەی کوردستانی لەتەواوی کوردستاندا، لەگەڵ وەستانی شەڕەکەدا، قۆناغی هەشتی دەست پێ کرد ،ئێمە پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی دوو بارەگامان هەبوو لە دۆڵی بالیسان بارەگای قاتع لە گوندی (ئەشکەفتە) و بارەگای هاوینە لە چیای هەورێ بەناوی (کانی تەلان) ..لەمانگی دووی هەمان سال باش لەبیرمە بەفرێکی زۆر باری بوو دوژمن ویستی هێرش بکات بۆتەواوی دۆڵی بالیسان لەسێ میحوەرەوە میحوەری خەلیفان لە گوندی ئالانەوە

کەدواخاڵی ڕژێم بوو بۆ دۆڵی بالیسان میحوەری گوندی شێخ مەمودیان ڕووەو زینەتیر میحوەری سەرو چاوە بێتواتە کە دوا خاڵی ڕژێم لەگوندی بێتواتە بوو باقی گوندە کانی تر لە ژێر کۆنترۆلی هێزی پێشمەرگەی بەرەی کوردستانیدا بوو..

زیاتر لە سی تا چل گوند دەبوو درێژایی چل کیلۆمتر زیاتر لە دەست هێزی پێشمەرگەی بەرەی کوردستانی بوو بەرەی کوردستانی پێك هاتبوو لە پێنج حزب ح ش ع ،،پ د ك،،ی ن ك،،ح س ك،، ح ز ك،، هێزەکانیان دابەش کرد بەسەر شاخ و کێوە کان هەر حزبەو بەگوێرە هێزو توانای خۆی چوار شوێنیان بە ئێمە سپارد رەبیەك لەسەر چیای زینەتیر بەرانبەر گوندی شێخ مەموودیان دەوری پازدە پێشمەرگەی تێدابوو ڕەبیکی هاوبەش لەگەڵ برادەرانی یەکێتی لەسەر کەپکی حمەد اغا نۆ پێشمەرگەی تێدا بو چواری ئێمەو پێنجی ئەوان ڕەبێەك لەسەر بەنی حریر دەوری پازدە پێشمەرگەی تێدابوو ڕەبێك لەسەر شەقامی ئالانە نزیك گوندی بناویٚ ئەوە جگەلە چەند شوێنێکی تریش بارەگاو ڕەبیەیان هەبوولە هەموو میحوەرەکان هەر حزبەو بەپێی توانای خۆی لەسەرەتا وەك گووتم مانگی دوو بوو دوونیا ساردوو بەفر

زۆر بوو لە هەموو میحوەرەکان سوکە هێرشی کرد بەلام پێشمەرگە بەورەیەکی پۆلاین بەرگری دەکرد..

چەند جارێکیش تێکی شکاندن تاوەستانی شەڕی عێراق ایران..

هێزەکانی حزبی شوعی بەشێك لەو هێزانەی خوارەوە بوون

یەکەم لقی قاتع دووەم لقی دەشتی هەولێر سێیەم لقی قەرەچوغ چوارەم لقی خۆشناوەتی پێنجەم لقی کۆیە ،شەشەم لقی بەرانەتی ئەو هێزانەی ناوم هینان هەموو بەژداربوون لە پاراستنی ناوچە ئازاد کراوەکان تا ناوەڕاستی مانگی هەشتی سالی ١٩٨٨ دوای وەستانی شەڕی عێراق ایران دووژمن تەواوی هێزەکانی خۆی کۆ کردەوە بۆ دوو بارە هێرش کردن کە ئەوکات هەر پێشمەرگەو هەزار جاشو سەربازی بەردەکەوت هێزەکانی ڕژێم پێك هاتبوون لە زیاتر لە سێ سەد فەوجی خەفیفەکان لەوانە زۆربەیان بەجدی شەڕیان بۆ دووژمن دەکرد لیواکانی گاردی کۆماری وهێزە تایبەتیەکان (قوات خاسە) هێزی پیادە ، لیواکانی مغاویر ، زۆر لە کەتیبە تۆپە دوور هاوێژەکان ،کەتیبەی هاوەنات ، کەتیبەی دبابات ، جگە لە هەلیکۆپتەروو پیلاتۆز..کەهەژدە ساروخی بچوکی جۆت جۆت هەڵ دەگرت بۆیە ئەو زانیاریەم هەیە جارێك

من خۆم لەسەرچیای زینەتیر بووم هات هەژدەساروخی چۆت جۆتی لە گوندی خەتیٚ دا بارەگای یەکێتی لیٚ بوو..

ئەوە جگەلە لە جار جارەش بەکیمیاوی لێی دەداین، جارێك لەنزیك گوندی بناویٚ لەنزیك هاوڕێیانی دا چەند پێشمەرگەیەکمان تەنگە نەفس بوون وەچەند جارێکیش لەگوندی شێخ وسان و بالیسانی دا بۆیە هێزی پێشمەرگەی کوردستان تاێبەت حزبی شوعی بڕیاری پاشە کشەیان دا بۆ سەر سنورەکان حزب بڕیاری دا هێزەکانی پاشە کشە پیٚ بکات بۆ دوو شوێن یەکەم سنوری عێراق ایران گوندەکانی زەڵیٚ و ناوزەنگ کە پێشتریش بارەگای لە و دوو گوندە هەبوو دووەم بڕیاربوو چەند مەفرەزەیەکمان بەرەو دەڤەری بارزان بەڕیٚ بکەوین لەویٚ بارەگا دورست بکەین سێیەم چەند مەفرەزەیەکی بچوك بچوك وەك پارتی زان بمێنەوە ئێمە لەکانی تەلان بووین لەبارەگای هاوینە هێزەکانی خواریٚ هەموو هاتن مەفارزی بیست پێشمەرگەیی و زیاتر بەڕێکەوتن بۆ سەر سنور دوو مەفرەزەش بەڕیٚ کەوت بەرەو گوندەکانی خەیلانیان و ڕزگەو سەرکەند و دەشتی هەریر بپڕنەوە لەگوندی قندیل بەرەو بادینان.. یەکەم مەفرزە بەسەرپەرشتی

هاوڕێ مام خدر ڕووسی پەڕینەوە گەیشتبوونە دەڤەری بارزان،بەلام ئەودەڤەرەش پڕ بوو بوولە جەیش و جاش لە ڕێگا توشی شەڕێکی سەخت بوو بوون بەشەڕ دەرباز بوو بوون چوبوونە نا وخاکی تورکیاو بەرەو ایران لە شاری شنۆ گیرسابوونەوە، مەفرەزەی دووەم نازانم بەسەر پەرشتی کێ بوو ئەوانیش ڕۆشتن پەڕینەوەو گەیشتنە چیای کۆرس بەلام دەرباز نەبوون و جارێکی دیکە هاتنەوە دەشتی هەریر و ڕەزگەو سەرکەند.. کۆتا مەفرەزەئێمە بووین بەسەرپەرشتی هاوڕێ ملازم شوان ، لە بارەگای کانی تەلان مابووینەوە،ئازووقەکی زۆرمان هەبوو وە چەند پارچە چەکێکی زیادەمان هەبوو، پێمان نەدەچوو یەك دۆشکای چواردەو نیو ملم چەند ناتۆیەك چەند کلاشینکۆفێك چەند پاتری سەیارەی گەورە کە بۆ بێتەل، چەند فەردە کتابێك هەبوولەناو بارەگا هەموومان شاردەوە، هاوڕێ ملازم شوان گووتی بەیانی زوو دەڕۆین،زانیاری تەواومان هەبوو کە دووژمن بەهێزێکی گەورە هێرش دەکات لەهەر شوێنێکیش بەرگری بکرابووایە بەچەکی قورس و کیمیاوی لێیدەدا ..

شەو خۆمان ئامادە کرد تەشتێك هەویرمان کرد بەیانی زوو تەندورمان هەڵکرد حازرمان کرد ئاگرمان گڕدا ئاگرەکە داکەوت، بەس مابوو چەند استوورکەکی بکەین لەگەڵ خۆمان بیبەین، کاتێکمان زانی تۆپ باران دەستی پێکرد ، ئەوەندەی پێنەچوو هێزێکی بێ ژمار گەیشتە بەرامبەر گوندی بالیسان ئێمەش بارەگامان لەسەر هەورێ بوو، ڕێك هاتنەبەرامبەری ئێمە بەجۆرێك لێمان نزیك بوون نەمانتوانی ئەستورکەکەشمان بکەین یان ئاگرەکە بکوژێنینەوە ،نەوەك دوکەڵ بکاو کەشف بین چوونکە هەرچی جۆرە چەکو تەقەمەنی هەبوو بەکاری دەهینا وەکۆپتەریش شان بەشانی هێزەکەیان دەڕۆیشت ئێستاش هەویرو تەندوورەکەم بیر دێتەوە سوم دەبتەوە، نەمان توانی چەند استورکەکی لێ بکەین، تراکتۆرێکمان هەبوو لەخوارێ ڕامانگرتبوو جاشولکە گەیشتنە لای بەلام پەکی کەوتبوو نەمانزانی بردیان یان سوتاندیان ئێمە پاشە کشەمان کرد بۆ سەر هەورێ و ئاودیوی گوندی کونە فلوسە بووین ،بیرم نەماوە چەند پێشمەرگە بووین بەلام مەفرەزەیەکی باش بووین ناوی هاوڕێیەکانی ئەو پۆلە پێشمەرگەیە:

(هاوڕێ ملازم شوان ،هەژار ڕۆستی، هندرێن پیرس، هاوڕێ دیار ، مام ڕسول و پۆلێك پێشمەرگەی لەگەڵ بوو هەژارە گچکە دلشاد توفیق هەریری ،علی سکی ،هاوڕێیەکی عرب بوو احمد عرب، پۆلێك پێشمەرگەی قارەمانی تربوون..

گەیشتینە گوندی(کونە فلوسە)لاوێك هەڵاتووی سەربازی بوو هاتە پێشمان،گووتی گووند کەسی تێدا نەماوە، تەنها من لێرەم.. بەهەزاران سەرباز و جاش ئەوگوندانەیان تالان دەکردوو دەسوتاند ئێمەیش چووینە دۆڵێك تائێوارە،بە ووریایەوە چاودێری سوپایەکەمان دەکرد، کوخێکی لێ بوو شوێنی مەڕداربوو بەڵام چۆڵ بوو، زۆرمان برسی بوو، چوومە ناو کوخەکە چەند فەردە نانەڕەقی ووردی لێ بوو لەگەڵ نیو فەردە ساوار،، نانەکە هەمووی کەڕووی لێدابوو ساوارەکەش چەند ساواربوو ئەوەندەش کرم و ئەسپێی لێدابوو، هیچ عیلاج نەبوو بەرەو شوێنێکی نادیار چارەنوسێکی نادیار دەڕۆیشتین..

بەهەر جۆرێك بوو هەندێکمان لە ساوەرەکەمان خاوێن کردەوە و لێمان نا، بووبە ساوربەگۆشت ..لەکەڵ نانە ڕەق خواردمان،دەمەو ئێوارە سوپای ڕژێم تەواوی گوندەکانی سوتاندو ڕوەو پردی

**هیزۆپ دەڕۆیشت، کۆپتەریش هەر هاتوو چۆی بوو، بەجۆریك لێمان نزیك دەبوونەوە کە دەتوانم بلێم چەند سەد مەترێك دەبوو،ئێمە لە قەد چیا ئەوانیش لە خوارێ چیان لەدەست دەهات دەیان کرد، چاوەڕێمان کرد تا لە ئێمە ڕەت بوون، ئێمە بە عکسی ئەوان ڕۆیشتین ڕوەو گووندی فریز لەوێوە بۆ دەشتی هەریر، بەلام ویستمان لە سێ ڕیانی شقلاوە باسرمە هەریر بپەڕینەوە، نەمان توانی من و هندرێن پیرس ،بەدووری دوو سەد مەترێك لەپێشەوەی مەفرەزەکە دەڕۆیشتین،هەندرێن لەپێش منەوە بوو کاتێکم زانی فیتەیەکی لێداو گووتی دانیشە.. دانیشتم گووتی ئەوە هەموو سەربازن لەو سێ ڕیانە و ئیتر گەڕینەوە، هاتین لەپشت گوندی مامە جەلکە لەبەرزایەك پەڕینەوە، لە نزیك ڕەبیەکی جاشان ووتمان ئەوێ جێگای شك نیە، کاتێك هەندێکمان پەڕینەوە لەجادەو هەندێك لە ڕاستی ڕەبایەکە بووین لە دووای یەك دەڕۆیشتین نەمانزانی ئێمەیان دیتیە حرس هاتە سەر ساترو یەك R B G ئاسمانی هاویشت، لەئاسمان تەقیەوە، چیتر تەقەیان نەکرد ، هەربۆ ئەوە بوو کە پێمان بلێ ئێوەمان دیتیە ئیتر پەڕینەوە تاریك ڕونی بەیانی گەیشتینە نزیك گوندی قادیانە...**

تائێوارە لەنزیك گوندێكماینەوە شوێنێکی گونجاو بوو بۆ خۆ حشاردان کانی ئاوی لێبوو بۆ ئەو کات زۆر گرنگ بوو چونکە ڕێك لەناوەڕاستی مانگی هەشت بوو،دووبارەڕۆیشتین بەرەو گوندەکانی ڕەزگەو سەرکەند گوندی ڕەزگە وەك بارەگای حزب وابوو، تەواوی گوندەکانی ئەو ناوچەیە زۆر باش بوون، تایبەت گوندەکانی(ڕەزگە و سەرکەند و گڕاو و بابە جیسك و خەلان و مەرزان و کەلەکین وهتد..

ئەوگوندانە زۆربەیان لە هۆزی (خیلانی) و هەندێکیشیان چەکداری ڕژێم بوون ،بەلام زۆر هاوکاری هێزی پێشمەرگە بوون.........

چەند ڕۆژێك پشوماندا لەو ناوچە هەر شەوەو دەچوینە گوندێك بۆنان خواردن، پێش ڕۆژ هەلات لەگوندی دەردەچووین بۆ هەڵەتەکانی ناوچەکە شوێنی گونجاوی زۆر لێ بوو ،ڕۆژێکیان لەنزیك گوندی (گڕاو) ماینەوە ئاومان لەکانیەکەی گڕاو هەڵ گرت بەڵاو ئاوەکە گڕاو بوو هەم تاڵ بوو هەم بۆنێکی زۆر پیسی لێ دەهات ،کەسمان نەمان توانی بیخۆینەوە ،دەمان کولاند دەمانکردە چایەو شەکرمان تێ دەکرد ئەوجا بەحاڵ دەخوراوە،

شەوێك لەگوندی(ڕزگە)بوین، بەیانی زوو هاوڕێیان گووتیان ئەو ڕۆ هەرلەنزیك گوندی لەناو ڕەزەکان دەمێنینەوە، بەیانی زوو لەسەر گوندی سوڕاین لە خوار گوندی ڕەزگە چوینە ناو ڕەزەك، خۆمان حشاردا کاتێك دیتم ڕێویەك بەتەڵە وەبووە ئێمەش بەینێك بوو گۆشتمان نەخواردبوو، پوختە سەرمان بڕی، هاوڕێ هەژار ڕۆست گووتی دەچی لە گوندی مەنجەڵێك بێنی لێینێم..؟

گووتم بەڵێ ڕۆژ هەلات بوو، لە یەکەمماڵ چوومە حەوشە دیتم ژنێك نانی بەیانی دەکرد، سلاوم لێ کرد بەگەرمی وولامی دامەوە، فەرمووی کرد، گۆتم پورێ هاتووم مەنجەڵێکم بدەیتێ، گووتی بەسەر چاو، نانەکەی جێ هێشت هەستا مەنجەڵێکی دامێ ، هەندێك ساوەری تێدا بوو لەگەڵ دە دووازدە نان هەڵم گرت و گەڕامەوە، مام ڕێویمان چاك کردوو، بەشلە ساوەر لێمان ناو خواردمان.. ڕەبی عافیەتمان بێت، ئیتر دەوری دوو مانگێك لە ناوچەیەماینەوە، هێزێکی زۆری حزبەکانی لێ بوو، پارتی بەسەرپەرشتی هەردوو شەهید وستا ونس و خدر سوارە ،یەکێتی بەسەرپەرشتی شەهید ڕێباز داخەکەم ئەوانە لەشەڕی برا کوژی شهید بوون..

مەفرەزەیەکی (حزبی زەحمەت کێشانی) لیْ بوو..

ئێمەش خۆمان کەم نەبووین لقی خۆشناوەتی هاتنەوە ناوچەکە، هێزێکیشمان لەڕێگا بەرەو قەندیل دەرنەچووبوون،گەڕانەوە ناوچەکە، ئیتر خەڵکی گوندەکانمان هەراسان کردبوو، خۆشمان لە ناوچەکە هیلاك بوو بووین،بڕیارماندا لەزیْ بپەڕینەوە،بەرەو بارزان بڕۆین، پێشتر مەفرەزەیکمان پەڕی بوونەوە، دەرباز نەبوو بوون گەڕابوونەوە، بەڵام ئاگاداری یەکتر نەبووین ،بەهۆی زۆری جەیش و جاش هێزەکان شپرزە بوو بوون، گوندەکانی ئەوبەری هەندێك چۆڵ کرابوون، نانیش نەبوو بیخۆن، هەربۆیە گەڕابوونەوە..

ئێمە ئێوارەیەك لە گوندی (بابەجیسك) خۆمان ئامادە کرد بڕۆین بەڕیْ کەوتین هێزێکی بیست کەسی دەبووین، سوڕاینەوە پشتی گوند لەلای گۆڕستانەکە ڕاوەستاین، من لە دواوە بووم، زۆر نەخۆش بووم ، کاتێکم زانی بانگیان کردم ..منیش چومە پێشەوە، هاوڕیْ ملازم شوان لەگەڵ هاوڕیْ هەژار رۆست گووتیان........

( ٦ )

دوای ئەوەی بڕیارماندا لەگوندی دەرچین بڕیارێکی ئاسان نەبوو چونکە ناوچەکە گونجاو نەبوو پێشمەرگە بەڕۆژ لەو ناوچەیە و بە بەرچاوی خەلك لەگوندی دەرچیٚ و لەرێی (ئاکریٚ - قندیل) بپەڕێتەوە، چونکە هەرچەند سەد مەترێك ڕەبایەکی جاشان بوو جگە لەوەش خەڵکی دەڤەرەکە هەموو چەکداری ڕژێم بوون بە باش و بەخراپەوە ئیتر هیچ چارە نەبوو بڕیاری دەرچوونمان دا، چەند ڕەزێك لەخوار گوندی بوو چوینە ناو ڕەزەکان و کانیاوێکی لێبوو چوینە سەرکانیەکەو دەست و دەموو چاومان شوشت و ئاومان هەڵگرت و شەیالەکانمان لە تاخمەکمان کردەوەو مەتارەکانی ئاومان خستە لای پشتەوەو هەردووك بڕیارماندا بپەڕینەوە، خۆمان ئامادەکرد هاتینە سەر شەقام لە نزیك ڕەبایەی جاشان، پێشتر بڕیاری ئەوەماندا ئەگەر هاتوو توشی شەڕ بووین و کەشف بووین چ عسکری چ جاش ئێمە پێشتر لێیاندەین ، لە ئامادە باشیدا بووین، گەیشتینە سەر شەقام بەڕازیلیەکی شین چوار سەربازی تێدا بوو جێب قیادەك بەدوایاندا دەڕۆیشت، ئێمە لەسەر شەقام ئەوانیش ڕەت بوون، هەردوو سەیارە سەیری ئێمەیان کردوو ڕۆیشتن، بەچەند مەترێك لە ئێمە دووربوون جاشەکانیش

تەماشی ئێمەیان دەکرد،هەردوولا باوەڕیان نەدەکرد پێشمەرگە کات هەشت و نۆی بەیانی لەو شوێنە بپەڕێتەوە،پەڕینەوە بەدووری دووسەدمەترێ یان کەمتر جاش لە ئێمە دوربوون، تا لە چاویان بزربووین هەر سەیری ئێمەیان دەکرد، ئێمەش بەوریایەوە دەڕۆیشتین خۆمان تێکنەدا تالە چاویان بزر بووین کاتژمێرێك یان زیاتر ڕێمان کرد کەوتینە زوورگ و تەلان هەڵەت و دەرباز بووین، لەمەترسی دەرچوین، تووشی ماڵەڕەوەندێك بووین، سلاومان کرد فەرمویان لێ کردین، دانیشتین، خاوەن ماڵ هات و زۆر بەگەرمی پێشوازیان لێ کردین ..پرسیاری کرد ئێوە کێن و لەکوێوە دێن هاوڕێ کاروان ووتی ئێمە جاشی شێخ سابیرین لەو ڕەبایانەی سەر شەقام هاتین،خاوەن ماڵ بە پێکەنینەوە ووتی: بەڵێ ..! بانگی منداڵەکانی کرد: وەرن چای بینن،ئاو بینن جەماعەت برسیانە، نانیان بۆ حازر کەن،نانی نیوەڕۆمان خوارد باش حەساینەوە.. خاوەن ماڵ بەهێواشی گووتی برا ئەوجا ئەنگۆ نانتان خوارد، اسراحەتیشتان کرد، سەروو شکلی ئێوەو چەکو تاخمی ئێوە نەهی جاشانە، برا فەرموون کەرەم کەن بڕۆن، ئێمەش زۆر سوپاسمان کردن،دووکات ژمێرێکی دیکە ڕێمان کرد نزیك

گووندی قەسرۆك شەرەفۆنا لەدۆڵێکی بچوك لاماندا، بەلام ئەو ئاوەی پێمان بوو زۆر گەرم بوو بوو، دوونیا زۆر گەرم بوو، کۆتایی مانگی هەشت بوو، تائێوارە لەبەر ڕۆژ بووین، دادەنیشتین زەوی گەرم بوو، پاڵماندەداوە هەرگەرم بوو،ئاسمان هەرگەرم بوو، ئەو ئاوەی پێمان بوو هەرگەرم بوو، تائێوارە دەوری چوار کات ژمێر بەو شێوەیەمان گوزرەاند، شەو داهات بەڕێ کەوتین، چووینە ناو گەزەکانی دەو زێ ،دانیشتین، بڕیار بوو کەلەك وان کاتژمێر دە بێ تاخیر بوو، بێ ئومێد بووین لە هاتنی،هاوڕێ کاروان گووتی من مەلەوانی دەزانم، ئەدی ئەتوو..؟ گووتم هیچ مەلە نازانم ..

گووتی دەپەڕمەوە دەچم کەڵەکەوان دەێنم، پێم گووت: باشە بەس ئەگەر بەجێم دێڵی بابزانم.. با چارەیەك لە خۆم بکەم ،بەنیگایەك سەیری کردم، گووتی:ئەوە چ دەڵێی چۆن بەجێت دێڵم،ئیتر بڕیاری دا بڕوا، چووە ناو ئاوەکە، کاتێکم زانی شتێکی ڕەش لەناو ئاوێ دەهات، دیتم کەڵکوانەکەبوو،ئومێدێکی دیکەی پێبەخشینەوە، پەڕینەوە گووندی قەندیل و چوینە ماڵی کەلەکوانەکە..



دوای ئەوەی گەشتینە ماڵی خورشید ڕسول کات نیوەی شەو بوو، نانێکی زۆر باشیان ئامادەکردبوو، نانمان خوارد،سەیر لەوە بوو نزیك دووساڵێك دەبو کارەبام نەدیتبوو، لەبەر ڕۆناکی کارەبا تێر نامان خوارد، نانێکی باش وەك دایك بۆ کوڕەکەی ئامادەی بکات، ئیتر پشووێکی باشمانداو بۆی دەرچوین، یەکێك لە کوڕەکانی مام ڕسول تا دەرەوەی گوند لەگەڵمان هات،خواحافیزمان کردوو لەگەڵ ڕۆژ هەلات گەیشتینەوە گوندی (بابەگیسك) لەبیرمان نەچێ دوو

شەو دوو ڕۆژ بوو بەهەمووی دوو کاتژمێر نەخەوتبووین هەرلەبابەگیسك گەیشتینەوە ملازم شوان و بڕادەران پێمان ڕاگەیاندن کە بەهیچ شێوەیك ناتوانین بپەڕینەوە، چونکە ئەوناوچەی ئێمە بۆی دەچوین و دەمانویست بارەگای لیٚ دانێین سوپا و جاش بلاوەیان لیٚ کردبوو،داگیر کرابوو، جگەلەوەش ناوچەکە چۆلکرابوو لە هاولاتیان، زۆر لە خەلکی ناوچەکەش انفال کرابوون، ئیتر لەوە بیٚ ئومێد بووین بتوانین بپەڕینەوە، بگەینە شوێنی مەبەست، ئیتر بەشێوەی پارتیزانی درێژەمان بەمانەوەدا، بەلام زۆر ئەستەم بوو، چونکە یەکەم هێزی پێشمەرگەی چەند لایەنێکی لیٚ بوو، وەك پێشتریش باسمکرد..پەرەمان بەشێوازی پارتیزانی دا،بەلاّم بەڕاستی خەڵکی گوندەکانمان هەراسان کردبوو، جگەلەوەش ڕۆژ دوای ڕۆژ، ژیانمان سەخت تر دەبوو، هەم ناوچەکە بەر تەسکتر دەبوو، لە ڕوی سەربازیەوە، هەم ئەو هەموو پێشمەرگەیە لەو ناوچەیە ئەستەم بوو جێی ببێتەوە..

تائەوەبوو لە ١٩٨٨/٩/٦ ڕژێمی سدام لێبووردنی دەرکرد بۆ تەواوی هێزی پێشمەرگە،ئیتر پێشمەرگەی هەموو لایەنەکان، وورده وورده کەم دەبوونەوە، خۆیان ڕادەست دەکردەوە..

تا شەوێکیان لەگەڵ هەڤالانی پارتی لەگوندی (مەرزان) بووین، ئێوارەکەی دابەش بووین،دوای نانخواردن، چوینە سەربانی مزگەوت بۆ خەوتن، شەو درنگە خەڵکی گوند هاتن و گووتیان مەفرەزەی امن بەناوی سیدە دێتەگوندی وئێوەش توشی شەڕ دەبن ،باش وایە دەرچن.. ئیتر خۆمان ئامادەکردوو لەگوندی چوینە دەرێ، چوینە هەڵەتکانی گوند، تا پێش نیوەڕۆ خەڵکی گوندی نانیان بۆ هێناین.. ئێوارەکەی چووینەوە گوندی ڕزەگە چەند ڕۆژێك بوو لێبوردنەکە درابوو، ملازم شوان هەموو ڕۆژێك دەیگووت دەبێ تۆ بچیتەوە، خۆت ڕادەست بکەیتەوە،چونکە بڕیاری حزب وایە، ئەوەی دەچێتەوە بابڕوا تەنها خیانەت نەکات، با بۆخۆی دانیشێ ..

ئێمەچەند کەسێك مابووین، جێگای حەوانەوەشمان نەمابوو، ئەوەندەشی گووت : من ڕەنگە حزب ئۆتۆمۆبیلێکم بۆ ئامادە بکات بمگەیەنێتەوە سەر سنور بەلام من ناتوانم هیچ بۆ ئێوە بکەم، تا لێبوردن ماوە خۆتان ڕادەست کە نەوە، دووبارە ڕووی لە من کردو گووتی: دەبێ تۆ بچیەوە، منیش بەناچاری بڕیارمدا بگڕێمەوە، زیاد لە هەموو پێشمەرگەکان بیست و پێنج دیناریشی دامێ، منیش چەك و تاخمم ڕادەست کردنەوەو لەشەرعیەتی

شۆڕشگێریەوە بووم بە ڕووخاوێکی ملکەچ بۆ دووژمنی گەلەکەم، بە بێ چارەیی هاتمەوە هەولێر، دووای سێ ڕۆژ خۆم ڕادەست کردوە، پێشتر لەگەڵ شێران ڕاوی هەرچی نێچیر هەبوو دەمان کرد، لەهەولێر خۆم وەك ڕێوی گەڕ دەهاتە بەرچاو، ئێتر بەو شێوەیە ژیانی پێشمەرگایەتیمان کۆتایی هات، بەڵام لەڕاستیدا کۆمەڵێك شۆڕگێڕم ناسی هەریەك لەوان گیڤارایەك و قارەمانێك بوون..

## ناوی چەند پارتیزانێك

((ملازم شوان،ملازم احمد شاهین ،شەهیدملازم چەتۆسەحر(دوای ڕاپەڕین لە یەکی شوبات شهیدبوو) ،مام ڕسول ،دلشاد توفیق هەریری، ،کوردۆ،دیار،جاسم خیلانی ،سلام ،مامۆستا بڕیار،هیوا ڕەش، شۆڕش ماستاوە، هەژار ڕۆستی، سفین خۆشاو،هندرین پێرس، کاروان سورچی ،احمد عرب ،علی سکی ،سەنگەر بیریێژی ،ملازم ڕابەر ،محسین یاسین،شاخەوانە سور...))

سەرچاوە : https://www.facebook.com/ayub.tekalo/posts/2087089278272940




## یادی شەهیدان

لەدوای راپەڕینی ١٩٩١ وە وەفایەك بۆ شەهیدان سالآنە چ وەك حزب یالەلایەن خانەوادەو هاوڕێ وهاوسەنگەرانەوە یادی سەروەران دەکرێتەوە،کۆمیتەی محەلی گەرمیان و کادر هاوڕێیانی ڕێکخستنی ڕزگاری (حزبی شیوعی کوردستان)، بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٢٨ ساڵ بەسەر شەهیدکردنی پۆلێك پێشمەرگەی پارتیزانی دوای پرۆسەی ئەنفال، مەراسیمیکی ماتەمینی ڕێکخست و شەقامی شەهیدانی شیوعیش لە ناحیەی ڕزگاری کرایەوە .لێپرسراوانی حزبی و ئیداری ئامادە وبەشداری مەراسیمی ٢٨ سالەی شەهیدکردنی ئەبوڤیان و ئەحمەد بازۆکە و هاوڕییەکانی بوون .

سەرەتا ئامادەبووان ،لەناحیەی ڕزگاری،پەردەییان لەسەر وێنەی شەهیدانی شیوعی لادا و شەقامی شەهیدانی شیوعییان کردەوە.

دواتر لە هۆڵی شەهید حەمە کەلاری مەراسیمی ٢٨ ساڵەی شەهید کردنی ئەبو ڤیان و ئەحمەد بازۆکە و هاورییەکانیان دەستی پێکرد، سەرەتا دلێر کەریم وەك بەڕێوەبەری بەڕێوەبردنی مەراسیمەکە، پەخشانە شیعرێکی لەسەر ئەو شەش پێشمەرگە شەهیدە خوێندەوە، دواتر ئامادەبووانی مەراسیمەکە چەند چرکەیەك بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان بە بیٚ دەنگی ڕاوەستان .پاشان ئامادەبووانی مەراسیمەکە، ٢٨ مۆمیان وەك هێمایەك بۆ ریٚزگرتن لە ٢٨ ساڵەی شەهید بوونی ئەو پۆلە پێشمەرگە پارتیزانەی دوای ئەنفال داگیر ساند ..

دواتر هەر یەك لە دکتۆر کاوە مەحمود سکرتێری حزبی شیوعی کوردستان و هاوڕیٚ پێشڕەو جێگری سکرتێری کۆمیتەی محەلی گەرمیان وهاوڕیٚ حەمە ڕەشیدقەرەداغی بەرپرسی کۆمەڵەی پێشمەرگەی دێرینەکانی حزبی شیوعی کوردستان و حەسەن عەلی خەلیفە،وتاری کۆمیتەی ناوەندی حزب و مەحەلی گەرمیان و کۆمەڵەی پێشمەرگەدیرینەکان وکەسوکار و خانەوادەی شەهیدانیان خوێندەوە. لەبەشێکی تری مەراسیمەکەدا، نوسینگەی گەرمیانی کەناڵی ئاسمانی ڕێگا فیلمێکی دیکۆمێنتارییان لەسەرئەم پۆلە شەهیدە پارتیزانەی حزبی شیوع، لەڕێگای سینما ڤیزشنەوە پێشکەش بە ئامادەبووانکرا،کۆتایی مەراسیمەکە،خەلاٚتی

ڕێزلێنان بەخشرابە٣٠خانەوادەی تێکۆشەری ناحیەی ڕزگاری و بەری کە هاوکاری ئەم پۆلە پێشمەرگە بوونە هەریەك بە شێوەیەك .

٨-٨-١٩٨٩ پۆلێك شەهیدی پارتیزانی دوای ئەنفالی حزبی شیوعی کوردستان، لە ناحیەی ڕزگاری ئێستا و سمودی جاران دەکەونە بۆسەیەکی دوژمنانی گەل و خۆفرۆشانەوە و ژمارەیەکیان شەهید دەکرێن و بەشێکی تریان بەدیلی دەکەونە دەست ڕێژم و دواتر لە سێدارە دەدرێن.

## ناوی شەهیدەکان

١-شەهید ئەبۆ ڤیان

٢-شەهید ئەحمەد بازۆکە

٣-شەهید مامۆستا ئەنور

٤-شەهید مامۆستا کەریم

٥-شەهید عمار عەرەب

٦-شەهید هێمن تورکمان.

* نیزام شەبیب - ریگای کوردستان



# دڵسۆزی و وەفا لەنێوان هاوڕێیاندا

هاوڕێ چەتۆی بەڕانەتی کە یەکێك بوو لە پارتیزانەکانی حزبی شیوعی بەردەوام لە لاپەڕەی تایبەتی خۆی یادەوەریەکانی رۆژانی تێکۆشان و خەباتی پێشمەرگایەتی وسەردەمی ئەنفال وپارتیزانی بڵاودەکاتەوە..

لە یەکێك گێڕانەوەکانی ئەمشەویدا باسی روداوێك دەکات و دەڵێت: ـ

ڕۆژێك هاوڕێ ( حاکم وریا ) ی گەرمیان هاتە بارەگاکەی ئێمە بەدەم گریانەوە ئەو خەبەرە ناخۆشەی هێنا(گوایا بۆ خۆ حەشاردان و لەچاو بزر بوون مەفرەزەکەیان چونەتە دەشتی هەولێر و لە ناو شینایییەکانی ناوچەی شەمامك ،هاوڕێ( مام جوامێر )کەچووە لەبیری شینایییەکان ئاو بۆ هاوڕێیان بهێنێ ، کەوتۆتە ناو بیرێك و خنکاوە ، ئێستاش لەبەر چاومە چۆن دەگریا و دەیگووت بۆ هاوڕێ ( جوامێر ناگریەم ئەو پێشمەرگەیە وهەر شەهید دەبێت ، بۆ منداڵەکانی دەگریەم هەموویان وردن و بێکەس دەمێننەوە ) ، دیاربوو کەسی لەمن باشتری نەدۆزیبوەوە بۆ ئەوەی کۆڵی دڵی خۆی لەلا داڕێژێ،هەرچەندە منیش زۆر بەو هەواڵە دڵگران بووم بەڵام دانم بەخۆداگرت ودڵنەوایی ئەوم دایەوە،دواتریاش بوو خەبەرەکە ڕاست دەرنەچوو تەمەن درێژبێت مام جوامێر ...

* سەرچاوە : ئەرشیفی بیشمەرکە شیوعیەکان



# پارتیزانی دوای ئەنفال
# مام سەعید تورکمانباخی

چەندرۆژێك بەسەر قۆناغی ئەنفالی چواردا تێپەڕی بوو،ئێمە لە بەری كەركوك وبناری دێدەوان وسەربەستی شەرغەبەپارتیزانی مابوینەوە، لەرێی رادیۆوە بروسكەمان بۆكرا پەیوەندی بەتیپی ٢١ی كەركوكەوە بكەین لەدۆڵی بالیسان.. خۆمان ئامادەكرد و چووینە نزیك گوندی نێرەگین،گوتیان بارەگایەكی پارتیزانەكانی حزبی شیوعی لە دۆڵێك دا هەیە لای ئەوان پشوویەك بدەین گوایە زەخیرەی باشیان هەیە ، نانیان لەگەڵ دەخۆین و سەرلەئێوارە بەرەوجادەی كۆیە ـ هەولێر دەڕۆین..

كەچووین ئەوانیش تازە ئەوێیان چۆڵكردبوو،خەندێ نۆك وكۆنە بەتانییان بەجی هیچشتبوو،ئێمە سوودمان لێیان بینی و رۆیشتین..

رۆژی ٥/١٣ / ١٩٨٨لەنزیك گوندی (گۆمەشین)ەوە ویستمان ئەوشەوە بپەڕینەوە، ئەو رۆژە جاش فێڵیان لە چەند سەربازێكی هەڵاتووكرد بوو، بەسواری گوێدرێژ چووبوونەلایان و دوكەسیان بەدیل گرتبوو وەك دیاری

دەستخۆیان تەسلیم رژێمیان کردبوونەوە.سەرلەئێوارە بەرەو جادەی _کۆیە ـ هەولێر) دەڕۆیشتین، تووشمان بوو بەتووشی چەند چەکدارێکەوە،خەریك بووتەقەلەیکتر بکەین،دواتر کەوتینە گفتووگۆ، باشبوو یەکترمان ناسییوە، ئەوان هاوڕێیانی(حزبی شیوعی)بوون، کاك (کوێخاسەعیدتورکمانباغ) یشیان لەگەڵدابوو.

هەرلەوێ یەکمانگرتەوەو بۆشەوەکەی لە جادەکە پەڕینەوە،لەوەبەروە مۆڵگەیەکی جاش بەسەرگردێکی بەرزەوە هەبوو، زۆر زاڵ بووبەسەر دەوروبەری خۆیدا،دەبووئێمە زۆر بە نەرمی وبێ خشپە رێ بکەین، لەسەر گردەکەوە جاشێك بە (لایت) ئیشارەی بۆلای ئێمە دەکرد، دڵنیابووین کە ئاشکربووین، بۆیە لەنەدیوێکدا هەڵوەستەمان کرد، گوێمان لێ بوو جاشێك بانگی دەکردین:

(ئۆ هۆی کاکی رێبوار دەستەچەپ بگرن،پێشتان هەمووی حەقلی ئەلغامە، کاکە ئێمە هەموومان کوردین، لەم وەزعەنارازین، فەرموو ئەگەر پێویستان بەهاوکارییە لادەن..!ئەگەر برسیتانە لەخزمەتتاندا دەبین..)ئێمە وەڵامێکمان نەدانەوە و درێژەمان بەرۆیشتنەکەماندا، تا گەیشتینە سەرچیا لەخوارووی کەلاوەکانی گوندی (قۆتەلیاس).

لەوێ ئەوان داوایان کرد کە بۆخۆیان بەجیا برۆن بۆ شوێنێکی نادیار.

---

* کتێبی ئەنفالی خاڵخاڵان ـ مەلاشاخی

# یادی
# دوو شەهیدی پارتیزانی
# حیزبی شــیوعی کوردستان
# ئارام شــاهین و جوتیار چاوشین

4/9/1988

.لەدوای پرۆسەکانی ئەنفال لە کوردستان و ویران کردنی گوند و چۆل کردنی لە خەڵك ..مانەوەی پیشمەرگە لەو ناوچانەی پیشتر که بووە خاکیکی سووتاو بی ئاوەدانی زۆر بە زەحمەت دەکەوت. هەربۆیە پێشمەرگە شیوعیەکانیش بریار دەدەن بەشی هەرە زۆری پیشمەرگەکان پاشەکشە پی بکەن بۆ سەر سنوورەکان، بۆ دامەزراندنی بارەگاو شوێنی حەسانەوەی ناو بە ناوەی مەفرەزە پارتیزانەکان ،کە پێویست بوولە ناوەوە بمێننەوە، هەروەها بۆ خۆ دووبارە رێکخستنەوەی هێزی پیشمەرگە بۆ قۆناغی دا هاتوو . بەلام چونکە هیرشەکانی دوژمن زۆر خیرا ە لەناکاو بوون ، بارودۆخەکە لە حیسابی هیچ حزبێکدا نەبوو، هاتوو چۆ بۆ سەر سنوور و بارەگاکان زۆر بە زەحمەت دەکەوت، تەنها لە ریگای بەرید و رادیۆ وە دەتوانرا دەنگوباس وەربگرن .ئەوانەی کە لەناوەوە مابوونەوە بەشێك لە هێزەکانیان بە شیوەی مەفرەزەی بچوك بچوك رێکخستبوو...

حزبی شیوعیش بڕیاریدا بە ڕەوانەکردنی چەند مەفرەزەیەکی بچووك لە شێوەی گرووپ گرووپ بۆ ئەوەی ڕەوانەی خوارەوەیان بکات، لقی هەولێر یەکێك بوو لەو مەفرەزانە، هەموو کۆدەکرێنەوە وبە بڕیاری حزب ناوی ئەو پێشمەرگانە دەخوێندریتەوە کە دەبوو لەناو مەفرەزەکەدابن، هاوکات جۆری ئەوچەکانەیشیان بۆ دیاری دەکرێ کە دەبوو هەڵیانبگراتەیە،لەگەڵ گرتنەبەری ڕێوشوێنی دیکەی پێویست بۆجێبەجێکردنی ئەو ئەرکە.

لە ٢٦ی ئابی ١٩٨٨ هەریەك لە پێشمەرگەکان پێداویستییەکانی وەکوو خواردن و خواردنەوە دەخەنە ناو هەگبە و بە پشتیدا دەدەن و بەڕێدەکەون. ئەوسا پەڕینەوە لە ڕێگای کۆیە - هەولێر زۆر سەخت دەبێ، بەڵام دەبوو بەرەنگاری ئەوسەختییە ببینەوە و هەر چۆنێك بێ و بە هەر گیانفیدایی و ریسکێك بێت ، ئەگەر گیانی خۆشیان بۆی کردبێتە قوربانی، هەر دەبوو بۆ بەستی شەرغە بپەڕنەوە، چونکە ئەو کات ڕێگای کۆیە بێجگە لە ڕەبایەکان، هاوکات سەدان جاش و سەربازی زۆری ڕژێمیشی لێ جێگیرکرابوو، دوای وەرگرتنی تەدابیر لەناو خۆیان و مشتومالکردنی پلانەکانیان و گەیشتنیان بە ئامانجەکان، دەتوانن زۆر بە لێوەشاوەیی و لێزانییەوە بپەڕنەوە، کە دەگەنە سنوورەکە، دەبینن سنووری بەستی شەرغە هیچ ئاوەدانییەکی لێ نییە، تەنانەت ئەگەر پیادەیەکیشیان ببینایە خۆیان لێ دەشاردەوە، چونکە پاش پرۆسەکانی ئەنفال، پێشمەرگە زۆر کەم ببوو، هەروەها زانیاریشیان هەبوو کە لەناو فەوجە (خەفیفەکان) چەند کەسێکیان دەناردووە بۆ ئەوەی

پێشمەرگە شەهیدبکەن یانیش بە ساغی بۆیان ببنەوە، پاشانیش لە پاداشتی ئەم ئەرکە قێزەونەدا مەفرەزەیەکیان بدەنێ.

مەفرەزەکەی حزبی شیوعیش کە سەر بە لقی دەشتی هەولێر بوون ژمارەیان ١٤پیشمەرگەدەبێت، بریتی دەبن لە(ملازم هەژار، مام عەزیزی کادر، مامۆستا لێزان، نەوزاد گردعازەبانی، فازڵ گردعازەبانی، کاوە چاوشین، کۆچەر، دکتۆر فاخیر، ئارام شاهین، جووتیار ماستاوەیی، مام باییز.. هاوڕێ کرێکار،کۆسرەت،فەتاح.) پاش ماوەیەك هەست دەکەن کەوا مەفرەزەکەیان گەورەیە ولە ناوچەکە ناتوانن هەڵسوڕێن بڕیار دەدەن ببن بەچەند دەستەیەك..سەرەتا(هاوڕێ کرێکار) و(کۆسرەت) و(فەتاح) دەنێرنە خوارەوە بۆ ناوچەی شەمامك و کەندیناوە، بۆ نزیك کەوتنەوە لەشاری هەولیر، بۆ ئەوەی ئەگەر توانرا دواتر شوێنێك درووست بکەن لە ناو شار... یازدە هاوڕێ دەمێننەوە، بەهاوڕێ مام بایز و مام عزیزی قازیخانە شەوە ، ئەم یازدە هاوڕێیە، لەناو دۆل وهەلەتەکانی سماقە و گوندی بایز ئاغا دەمێننەوە،کە مەقەری پێشوویان هەرلەوێ دەبێ..

ئازووقەی تەقەت کراویان لەوێ دەبێت،لەناوکونەبەرد وئەشکەوتی روخاودا حەشاریاندابوون.شەوێك لە کۆنە مەقەرەکەی پیشوویان دەمێننەوە..

لە شەوی ١٩٨٨/٩/٣ بڕیاردەدەن بەیانی شوێنی خۆیان بگۆڕن ،بجن بۆ دەوروپشتی گوندی (حاجی وسوو)کە لەنێوان هەر دوو جادەی کۆیە و بێستانەیە.شارەزای باشیان لەوناوچەیە دەبێت. .کات ژمێر ٦ بەیانی گوێیان لەدەنگی سەیارە دەبێت، هەر وا دەزانن کە لە جادەی کۆیە وهەولێرە ،هیچ ئاگادارئەوە نابن کەهەر چواردەورەیان گیراوە...

نانی بەیانی دەخۆن.. کاتژمێر ٧,٣٠.دەقیقە خۆیان ئامادە دەکەن کە بچنە خوارەوە بۆلای تەرەکتەر و کەرەکەیان، هەتا ئەگەر تەرکتەرەکە ئیشی کرد باشە ،ئەگە ر نا ئەوە هەندەك ئەرزاق لە کەرەکە باربکەن وبەڕێ بکەون بۆ شوێنی مەبەست،کە دەگەنە لای تەرەکتۆرەکە دەبینن هەوای دابەزیوە، هاوڕێ نەوزاد دەڕوا هەتا پەمپی هەوا بهێنی، کاتژمیر ٨ی بەیانی دوو کۆپتەری بارییان لێ پەیدادەبن،لەیەکەم دەستڕێژدا کەرەکەیان دەکەن بە دووپارچەوە،دەستڕێژی دووەم لە تەرەکتەرەکە دەدا و دەیسووتێنێ ، هەر ئەوەندەیان پێدەکرێ خۆیان لە ناو دۆلەکە پەرت و ون دەکەن (مام عزیز ومام بایز لە بن ئەشکەوتێکی روخاو خۆیان دەشارنەوە، هاوڕێ لێزان لە ناو کونە بەردیك دەبێت، هاوڕێ شەهید جوتیاریش لەبن بەردێك، کە کۆپتەرەکان لەجەولەی سێەم دەسرێژێکی تردەکەن، هاوڕێ جوتیار شوێنی خۆی دەگۆڕی ،بەوە کەشف دەبێت، کوپتەرەکە تەقەی لێ دەکات وشەهیدی دەکات ،هاوڕێ ئارام جێگاکەی باش نابێت، جەولەی چوارەم لە هاوڕێ ئارام دەدا و ئەویش شەهید دەکات، لەوکاتەدا دۆلەکە پڕدەبێ لە تەپ و تۆز و دووکەڵ، یەك لەهاوڕێیان مەخزەنێك ناتۆ بەیەکێك لەکۆپتەرەکانەوە دەنێ، هاوڕێیانی تر هەموو شووێنی خۆیان دەگۆڕن ، لەودەمەدا (دکتۆرفاخیر) هاوڕێ (ئارام ) دەبینێ ...

<u>بابزانین چۆن لە فەیسبووکی خۆی ئەم دیمەنەمان بۆ دەگێڕێتەوە:</u>

(ئاوڕێکم لێ دایەوە، ئارام رۆح و ئەو ئەلبوومەی کە ئەحمەد شاهین لە دەرەوە بۆی رەوانە کردبوو لەگەڵ رۆمانە تەوانەکراوەکەی خۆی کە خەریکی نووسینەوەی بوو و چەند بەشێکی تەواوکردبوو، هەر هەموویان پێکرا

دەسووتان! ئەو دیمەنەم قەت لەبیرناچێ، کاتێك گەڕامەوە شوێنەکەی خۆم، دەستم خستە گیرفانەکەم ،بڕە پارەیەك و چەند پارچە نووسینێك و یادگاری و وێنەیەکی بچووکی کۆچەری برابچووکم لە لا بوو، هەموویانم لەژێر پێی خۆم خستە ژێر گڵ، نەبادا لەدوای شەهیدبوونم بکەونە دەستی دوژمن، لەگەڵ ئەوەی ئومێدبڕاو نەبووم،بەڵام ترووسکاییەکی کەمم مابوو بە ژیان)

لە کات ژمێری ٩ی بەیانی (٨) کۆپتەری تردەگەنە سەریان، قوات خاسە دا دەبەزێنن، سەرگردەکان دەگرن

شەڕەکە گەرمتر و گەورەتر دەبێ، دوو هەلیکۆپتەری کە پێیان دەوترا زەردەوڵایەیی لەجۆری(غەزال) بۆیان نەوی دەبنەوە بەجۆرێ پێشمەرگەکان عەدد دۆشکەکەی سەری تەواو دەبینن کە چۆن خۆی دەرهێنێ،لەو کاتەدا هاوڕێ کاوە، پێیان دەڵێ:

"هاوڕێیان هەستن، دەبێ ڕێگایەکی دەرچوون بدۆزینەوە!"هێزەکەی دوژمن زیاتر لای سەرەوەی تەپۆڵکەکان دەبێ، بۆیە ئەوان ناچاردەبن بەرەو خوار ببنەوە، یەك لەدوای یەك تەقە لە هەلیکۆپتەرەکان و سەربازەکان و جاشەکان دەکەن..ژمارەیەك جاش لەسەر تەپۆڵکەیەکی نزیك بە دووری ١٠٠–١٥٠ مەترێك لێیانەوە دووردەبن! هەرکە چاویان بە پێشمەرگەکان دەکەوێت،

هاوار دەکەن ئەوەتەن..! ەوەتەن..!

رامەکەن..! وەرن خۆتان رادەست کەن.!

بەڵام هاوڕێ کاوە بانگیان دەکات: تەقەمەکەن ئێمە فەوجی پێنجین ..

بە ناو جاشەکاندا ئاودیو دەبن ودەچنە دۆلیکی تر لەناو ئاودڕ و ئەشکەوتەکان و ناو کونە فیرار خۆ دەشارنەوەو ئەوانیش رزگاریان دەبێت..
فەوجی جاشەکان لە کۆیە وهەولێرەوە هاتبوون فەوجی قاسم ئاغای کۆیە شیان لە گەڵدادەبێت، چونکە لەسەعات ٦ی ئیوارە ئەوان تەرمی شەهید ئارام وشەهیدجوتیار دەبەنەوە کۆیەو هەر لە کۆیە دەیان شارنەوە.

## ژياننامەی هاوری شەهید ئارام شاهین :

- شەهید ئسماعیل مەلا قادر سالح ناسراو بە (ئارام شاهین)
- لە سالی ١٩٥٧ لە گوندی (ئەشکەت سەقا) لە دایك بووە ..
- دوایی باوکی بۆ مەلایەتی چۆتە گوندی (سەردەشت)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە وهەر بویە باوکی بە مەلا قادری سەردەشت بە ناو بانگ بووە .
- هاوری ئارام هەر لە منداڵیەوە حەزی لە ئەدەب وهۆنراوە کردووە..
